# شانۆ و ناسنامە

ناوی کتێب: شانۆ و ناسنامە
نووسینی: کامەران سوبحان
بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
هەڵەچنی : نووسەر
بەرگ: قادر میرخان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 700 دانە
ژمارەی سپاردن: 290 ی 2005
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2005
کوردستان -سلێمانی
www.sardam.info

# شانۆ و ناسنامە

کامەران سوبحان

سلێمانی 2005

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( 331 )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

لە ڕوی ئەمەك و وەفاوە ئەم كتێبەم پێشكەشە بە:

- هونەرمەندی شەهید بەهجەت جەعفەر
- سیروان شەریف
- سەبور عەبدولكەریم

كە هەریەكەیان لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیانمدا وەك ڕێبوارێكی خێرا ڕۆیشتن..... یادیان بەخێر

# پێڕست


| | لاپەڕە |
|---|---|
| 1/ ئەزمونی شانۆی لاکەوتە | 13 |
| 2/ شانۆو نوستالیژیا | 45 |
| 3/شانۆ لەبەردەم مەرگی مانادا | 67 |
| 4/ فەزا لە شانۆدا | 83 |
| 5/ خەونە ترسناکە کانی یوسف | 95 |
| 6/ ئەزمون( 1) | 113 |
| 7/ ئەزمون (2) | 131 |
| 8/سوتوەکانی ژیان | 143 |
| 9/شانۆ و شیعر | 163 |

## پێشەکی :

دەمەوێت لەم پێشەکیە کورتەدا باس لەو چرکەساتانە بکەم کەبویە هەوێنی نوسینی بەشێکی زۆری ئەم کتێبە ،لێرەوە دەمەوێت ئەو هێڵە شەفافانە ڕون بکەمەوە کەسەرجەم بەشەکانی ئەم کتێبە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ،ئەویش لەناو گوتارو ئاڕاستەی هونەری شانۆدا شتێك هەیە بەردەوام بەرەو ڕوی  ناسنامەی شانۆ دەبێتەوە وبەردەوامیش خۆی لەگۆڕینی سیماو تایبەتمەندییەکانی هونەری شانۆدا دەبینێتەوە،دواجاریش ڕاستە هەر بەشێك لەبەشەکانی ئەم کتێبە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەسەر (تێکست یان نمایشێك یان ئاراستەیەك یان میتۆدێك) ی شانۆیی دەڕوات ،بەڵام دواجارهەمویان لەناو ئەو سنورەدا کۆدەبنەوەکەشانۆی ئێمەبەدوایدا وێڵە،ئەویش دروست بون وپێکهێنانی ناسنامەیە،دیارە ناسنامە بۆخۆی وەك چەمکێك ئەمرۆلەدوای سیستەمە خێراو پێشکەوتوەکانی جیهان ،هەڵگری ئیشکالیەتێکی بەرفراوانە چ لەسەر ئاستی فکری وچ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی ،کەمن بۆ خۆم پێم وایە یەکەمیان بەئاڕاستەیەکی تیژتر لایەنی دوەمیانی بڕیوە ،چونکە ئەمرۆنەك لەدونیای شانۆو هونەردا ئەم چەمکە قسەی بەرفراوانی لەسەردەکرێت ،بەڵکو پانتاییەکی یەکجار گەورەی لەڕوی فکریهاوچەرخ داگیر کردوە .

بۆیە هونەریش لەم پێگە بەرفراوانەدا بۆخۆی پشکێکی گەورەی هەیەو ناکرێت بەهیچ شێوەیەك لەو تێزە مەعریفیانە دایبڕین،کەئەمرۆچ هەنەرمەندانی بواری شانۆو چ هەنەرمەندانی تر  قسەوباسێکی بەرفراوان

لەسەربون ونەبونی ناسنامە دەکەن ،دیارە ناسنامەش بونێکی یۆتۆپی نیە هەروەك هەندێك لەشیکارستە ئایدۆلۆژییەکان پێیان وایە ناسنامە لەئەنجامی کەڵەکەبونی ئەزمون وبەرهەمەوە لەدایك دەبێت، دیارە ئەمە بۆخۆی لایەنێکی ناسنامەیە ،بەڵام دواجارناسنامە پەیوەستیەکی قوڵی هەیە بەلایەنی (کەلتوور ،مێژوو،فەرهەنگی........هتد) بێبونی هەریەك لەم لایەنانەناتوانێت بونێکی ئەکتیڤی هەبێت.

بۆیە لەم هەوڵەشدا من ویستومە لەسەرجەم بەش ولێکۆڵینەوەکاندا بەدوای ئەم چەمکەدا بگەڕێم ،بەڵام دیسانەوە من لێرەدا ترسێکی زۆرم هەیەلەم دەستەواژەیەودەمەوێت ڕاستەوخۆو بێپێچوپەنا ڕونی بکەمەوەئەویش کەمن دەڵێم بەدوای ئەوچەمکەدا بگەڕێم ئەوە نیە لەسەرجەم وتارەکاندا باس لەناسنامەی ئەو (تێکست یان نمایش یان ئەزمون)ە بکەم .چونکە پێم وایە ئەمە کارێکی جەبریانەو هەمو مەجازو کرانەوەیەك لەدەقدا دەکوژێت،بەڵام ئەگەر خوێنەرێك بیەوێت لەدوای ئەم کتێبە بەدوای ئەوهێڵە وەهمیانەدا بگەڕێت کەمن ئاماژەم پێداوە ئەوا بەدڵنیاییەوەدەتوانێت لەهەمویاندا وەك دەستەیەکی هاوجوت ئەو ئاڕاستەو گۆشەنیگایەش کەمن بۆی دەنوسم ولەپێناویدا دەنوسم دیسانەوە باس لەنوسین دەکەم،چونکە نوسین وێستگەی یەکەمی ئیشکردنە لەناو پێکهاتەوسنوری ناسنامەدا،دواتریش پرۆسەی نوسین خۆی لەخۆیدا هەمیشە ئاخافتنێکی هەمە لایەنە دێنێتە بەرهەم کەپێم وایە ئەم ڕەگەزە لەهونەری شانۆدا لەهەمووڕەگەزەکانیدی زیاتر پێگەی داگیرکردوە .

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو یەکتربڕینەینێوان (ئەدەب وشانۆ) دەگەڕێتەوە کەمن لەم کتێبەدا ویستومە زۆر بەڕونی ئیشی لەسەر بکەم

دواتریش دەمەوێت لەدەروازەیەکی ترەوە پرسیار لەو کەینونە جۆراو جۆرانە بکەم کەدەبنە هۆی پێکهاتن ورِوخاندنی دەزگاو ئۆرگانێکی هونەری گەورەی وەك شانۆ ،بەردەوام ئەم هونەرە لەناواخنیدا چەندین پرسیاربەکراوەیی جێدێڵێت وشوێنیش بۆ دروست کردنی چەندەها پرسیار دەکاتەوە .


ئەمە جگەلەوەی لەبەشێکدا ئەزمونی کارکردنی خۆم لەبواری پراکتیکدا شیدەکەمەوە ، کە ئەویش لە فۆرِمی مانفێستێکدایە کە لەسەر شانۆیی ( بەدحاڵی بون ) مومارسەمان کرد یادەوەری ئەو کارەشم لەوبەشەدا ناویان هاتوەو دواجار ئەم بەشەش بەو خاڵە دە بەسترێتەوە بە بەشەکانی تری ئەم کتێبەوە کە هەوڵێکی خاکیە بۆ دۆزینەوەی ناسنامە کە بەبۆچونی من مانای ئەم وشەیە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆرِێت،دواخاڵیش دەمەوێت لەسەری بوەستم کەئەم کتێبە لێکۆڵینەوەی شانۆییەوماوەیەکی زۆرە سەرقاڵبوم بەنوسین وچاپکردنیەوە ،هەرچەند ماوەی نوسینی بۆزیاتر لە سێ ساڵ دەگەرِێتەوە ، بۆیە رِەنگە هەندێ بۆچون لەئێستادا جیاوازتر بیربکەمەوە ،بەلاَم وەك قۆناغێکی نوسین بەپێویستم زانی ئەم بۆچونانە وەك کتێبێکی سەربەخۆ بکەوێتە بەرچاوی بینەر،بەهیواشم ئەم کتێبە یەکێك بێت لەو کتێبە سەنگینانەی بەدوای خۆیدا پرسیار بوروژێنێت وببێتە هۆی دروست کردنی بۆچونی جیاواز لەناو خوێنەرانیدا .

کامەران سوبحان

2004/9/21

# بەشی یەکەم

# ئەزمونی شانۆی لاکەوتە



**پیتەربروك دەرهێنەری هاوچەرخی جیهانی**

- 1 -

کردەی شانۆیی هەمیشە بەئاڕاستەیەك ئیش دەکات کە سەرجەم مەوداکانی کراوەبن بەڕوی مانادا، بەمەش زۆرجار شانۆ لەناو قولآیی‌و ڕەهەندەکانی هێماو ئاماژەدا ساتەوەختێکی‌و جیوەیی‌هەیە، هەر بۆیە هەموو تەوژمە جۆراو جۆرەکان وەلا دەنێت و دەتوانێت لەناو قولآیی‌یەکانی بینین و نوسیندا گوتاری خۆی بەرهەم بێنێت....

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەهیچ ڕەهەندێکی ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌تر ناتوانێت هێندەی شانۆ لەناو قولآیەکانی ژیاندا ئیش بکات، ئەم دەستەواژەیەش دوور دەکەوێتەوە لەو مانایەی کەپیرۆزی دەبەخشێتە شانۆو ساکاری دەکاتەوەو خاڵی دەکات لەهەموو ڕەخنەو کورت بینیەك، چونکە لەبنەڕەتدا شانۆ ڕوخێنەری هەمو تەوتەم و پیرۆزگەریەکە گەر هات و ئەم چەمکانە ڕێگەی هەڵتەکاندنەوەو خوێندنەوەی لێبگرن!!

بەمەش بەردەوام ئیشکردنەکانی‌شانۆ لەژیان نزیك دەبێتەوە، ئەم هاوتەریبەی نێوان شانۆو ژیانیش وای کردوە بەردەوام ئەم هونەرە ببێتە چەکێك بەدەست شانۆکاری لاکەوتەوەو شانۆش ساکارکاتەوە بۆ نێو پرسیارە سادەکانی ژیان و ڕوتیبکاتەوە لەهەموو فەلسەفەو جیهانبینیەك .

ئەم ململانێ‌و کێشمە کێشەی نێوان شانۆو ژیان بەدرێژایی هەموو چاخەکانی مێژووی شانۆ ئامادەیی هەبووە، تەنانەت لەچاخە زێرینەکانی شانۆشدا بەردەوام شانۆ وەك کردەو بزافێکی هونەری لەنێوان ئەزمونی شانۆو ئەزمونی ناشانۆدا لەجەدەل و یەکتر بڕیندا بووە، بۆیە لەم قۆناغەدا بەردەوام شانۆ بەدوای گوتارێکی ناباودا گەڕاوەو هەردەم دەستەواژە

باوەکانی تێپەڕاندوە، لەم قۆناغەشدا پێویستە شانۆی کوڕی سەردەمەکەی خۆی بێت وبتوانێت هەموو چاخەکانی ڕابردو تێپەڕێنێت و لەقۆناغێکی مێژوویدا نەوەستێت، خۆ ئەگەر شانۆ ئەم حاڵەتەی بەسەردا هات ئەوا توشی نوستالیژیو کۆنخوازی دەبێت !!

لە ئەزمونی شانۆی ئێمەشدا گەورەترین ئەشکالیەتی بزاڤەکەمان چەقبەستنە لەقۆناغ و فۆرمێکی دیاری کراودا، ئەم قۆناغ و فۆرمەش زۆرجار باڵی بەسەر ستایڵ و ئەدموٚسفێری کارەکانماندا کێشاوە، هەر ئەمەشە وادەکات زۆرجار ئێمە لەشانۆییەکاندا هەست بەیەك فیگۆرو یەك ئەدمۆسفیر بکەین(1)

لەمەش سەیرتر زۆرجار ئەم کارانەی بەناو ئەکادیمی بون و شانۆی هاوچەرخ و شانۆی عەبەس و....هتد ناو دەبرێن، بەڕاستیو زۆر بەڕاشکاوانە ئەم کارانە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە چوارچێوەی هیچکام لەو زاراوانەوە، جگە لەئیدمان بون و ڕوکاربونەوە بۆ هەندێك فۆرمی سادەو ئاسان و دەربازبون لەهەمو مەنهەجی بون و زانستی بونێك لەشانۆدا....

دیارە ئێمە لێرەدا نامانەوێت ناو دەستنیشان کەین یان پۆلێنی ئەو ئەزمونە شانۆییانە بکەین کەبەم ئاڕاستە ئیشیان کردوە، چەندین ئەزمونو چەندین دەرهێنەر هەن کەتوانیویانە ئەو حاڵەتە باوە تێپەڕێنن و بتوانن لە بوشاییەکانی نەستی کومەڵدا ئیش بکەن، دەکرێت نمونەی زۆر هەبن بۆ ئاماژە پێکردن ،کە هەر نمونەیەك یان هونەرمەندێك لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی کاری هونەریدا توانی خاڵێك ببڕێت لەکارکردن بە پێچەوانەی ئەزمونە باوەکانی قۆناغی شانۆیی ئێمە، ڕەنگە لە هەشتاکاندا ئەزمونی کارکردنی ئەحمەد سالار یەکێك بێت لە دیارترین ئەزمونە هونەرییەکان ،

هەرچەند لەو قۆناغەدا زۆرشتی لەسەر نوسرا ،بەلأم کەم نوسینی توانی بگاتە ئاستی کارکردنەکانی ئەم هونەرمەندە، من پێم وایە چۆن شێرکۆ بێکەس یەکێك لەو پایانەی کە گەیاندیە ئەم ئاستە بالأیە لە شیعری کوردیدائەو ڕەخنەو لێکۆڵینەوانەبووکەلەسەری نوسرا ، لەگەڵ ئەوەی کە شێرکۆ خۆی خاوەن دنیابینینێکی گەورەبوو لەشیعردا،بەهەمان شێوەگەربێت وئەحمەدسالاریش ئەزمونەهونەرییەکانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەپاڵپشتی بوایە بە میتۆدی زانستی ئەوا ئیستا ئەوئەزمونانەی لە ئاستێکی تردا دەبوو، لەمەوە دەردەکەوێت کە ئاستی ڕەخنەی هونەریی لەلای ئێمە چەند بێ ڕەهەندو لاوازە،((هەرچەند من بۆخۆم ئێستا سەرقاڵی کتێبێکم لەسەر ئەزمونەکانی سالار لە شانۆی کوردیدا ، نازانم کەی تەواودەبێت بەلأم بە هیوام تاڕادەیەك وەلأمی ئەو تواناو ئەزمونانەبێت کە لەو قۆناغەدا ئەم هونەرمەندە کاری لەسەرکردوە)) ، جگەلەمیش ئیشکردنەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری هەوڵێك بوو لە لایەن شەماڵ عومەر و نیگاری حەسیب قەرەداغی و دانا ڕەئوف دەدرا بۆ ئیشکردن لەو بۆشاییە شانۆییەدا.

بەلأم ئەوانیش بە هەمان شێواز نە ڕەخنەیەکی قوڵ توانی ئەزمونەکانیان بخوێنێتەوە نە خۆشیان توانیان تا ئەمڕۆ لە نێوەندی هونەریدا بمێننەوە لە کوردوستان ، هەریەکەیان لەوڵاتێك وبەشێوازێکی جودا سەرقاڵی کارکردنن،ئیدی دوای ئەمانیش بە پچڕ پچڕی کارو ئەزمونی جۆراو جۆرکراوە ، لەوانە هەوڵی کۆمەڵێك قوتابی و مامۆستای هونەرەجوانەکان و چەند گروپ وتیپێکی تر ، بەلأم ئێمە نامانەوێت لێرەدا سیرەیەکی مێژویی بگێڕینەوە ، هێندەی ئەوەی مەبەستمانە تیشك لەسەر

چەند ئەزمونێك لەو قۆناغانەدا دابنێین ،پرسیاری جدیش لێرەدا ئەوەیە پاش تێپەڕبونی تزیکەی دە ساڵ بەسەر گۆڕانکاری لەڕەهەندی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەرونی میللەتێکدا دەکرێت بەهەمان ڕوئیاو بەهەمان بۆچونەوە لەشانۆدا ئیش بکەین کە ساڵانێك لەوەو بەرەوە کارمان پێکردوە؟؟ هەر بۆیە ئێمە بمانەوێت لەم بارودۆخەدا قسە لەسەر بزاڤێکی شانۆیی بکەین کەلەهەنوکەدا ئامادەیی هەبێت، بەدڵنیایەیەوە پێویستمان بەلێکۆڵینەوەیەکی تەواو مەیدانی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو شانۆو کردە هونەریانە هەڵسەنگێنن کەلەم قۆناغەدا نمایش کراون، پاشان پۆلێنکاری بۆ ( شانۆ و ناشانۆ )بکەین چونکە بەکەمی نمایشە شانۆییەکانی ئێمە توانیویەتی لەکەناری شانۆ بون نزیك بێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراوردکردن بەو قۆناغە دواکەوتوە کۆمەڵایەتیەی ئەوسای ئێمە پێدەچێت شانۆکانی ئەوسامان لەقۆناغێکی (چالاك)دا بوبن، هەربۆیە لەئێستادا بۆ قسەکردن لەسەر بزاڤی شانۆ پێویستیمان بەو لێکۆلینەوە بەرفراوانانە هەیە کەڕۆچێتە ناو هەموو ئاست و ئاڕاستە ڕۆشنبیریەکەی شانۆ چ لەئێستاو چ لەڕابوردودا، پاشان وردبونەوە لەکەسایەتیو ئاستی تێڕوانینی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیریە، ئەوسا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین چوارچێوەکانی ئەو بزوتنەوە ڕۆشنبیریەمان دیاری کردوە بۆ ئەوەی بەزانستی ئیشی لەسەر بکەین، پێشم وایە ئەم ئیشکردنە ئیشکردنێکی تەواو (سۆسیۆلۆژی / تەفکیکی )یە چونکە پێیویستمان بەهەڵتەکاندنەوەی هەمو پایەکانی ئەو کایە دەبێت، بۆئەوەی بتوانین خاڵە گرنگ و پرشنگدارەکانی ڕێڕەوی شانۆ بپشکنین.

دیارە ناو هێنانی ئەزمونێك یان دوو ئەزمونی خۆمان بەس نیەیە بۆ ئەوەی ئێمە قسە لەسەر بزاڤێکی شانۆیی بکەین، کەلانی کەم مێژوەکەی لەنیو سەدە تێپەڕیوە، گەر ئەم نیو سەدەیەش هونەری شانۆ بەشێوازێکی ئەکتیف و بالاَ لەنێو ئێمەدا ئامادەیی نەبوبێت، خۆچالاکیو بزاڤی شێوە شانۆیی پێشکەش کراوە، بۆ ئەم دەستەواژەیەش پێویستیمان بەگەڕانەوە هەیە بۆ زانستە مێژوییەکان.

لەم ڕوەوە ( فەرهاد پیربالٚ ) لەکتێبی ڕەخنەی شانۆیی لەئەدەبیاتی کوردیدا پێی وایە کە مێژوی شانۆ لەناو ئەدەبیاتی کوردد دەگەڕێتەوە بۆ سالأنی بیست و ئەو کاتە لەژێر کاریگەری نەشونمای شانۆی عێراقیدا کوردیش شانۆی پێشکەش کردوە، ئەو قۆناغەش لەسالأنی (1920-1930)و لەسەردەمی ئینگلیزەکانداو لەکاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودی نەمردا بوە، ئەو شانۆییانەش بەسێجۆر نمایش کراون کەبریتی بون لە (1) چالاکی قوتابخانەکان. (2) دروست بونی تیپە شانۆییەکان، کەزۆرجار بەلیژنەی فەن و تەمسیل ناو دەبرا.(3) ناساندنی ئەم هونەرە بەجەماوەر واتە دروست کردنی ڕەخنەی شانۆیی*(2)

هەربۆیە بێقسەکردنمان لەو قۆناغە مێژوییە ناتوانین لە هەنوکەدا قسەو باسێکی جدی لەسەر شانۆ بکەین.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت لەئێستادا قسە لەسەر ئەدەبی ڕوسی بکەی، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ( ئەنتوان چیخۆف و مەکسیم گۆرکیو تۆلستۆی) چونکە بێ ئەمانە قسەکردن لەسەر ئەدەبی ڕوسی بێمانایە !!

یان ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئەدەب و شانۆی فەرەنسی قسە بکەین هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ( یۆژین یۆنسکۆ و ئەلبێر کامۆو سارتەروبیکێت )،

ئەوەی لێرەدا پێویستی بەلەسەر وەستان هەیە ئەوەیە ئایا گەر بمانەوێت لەئێستاداو لێرەدا قسە لەسەر بزاڤی شانۆی ئێرە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کوێ؟ بۆ چ قۆناغ و چ زەمەنێکی ئەم بزاڤە؟

دیارە وەك لەوەوپێش ئاماژەمان پێدا قۆناغی مێژویی سەرهەڵدانی بزاڤی شانۆیی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا تاڕادەیەك دیاری کراوە، بەڵام دەبێت بە وریایی‌یەوە ئاڕاستەکانی ناو کایەی شانۆ دیاری بکەین، کە لەڕابردودا ئامادەییەکی چالاکیان هەبووە، هەرکات بەم کارە هەڵساین ئەوسا دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەو نوسینەکەمان دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەیەکی قوڵ و دور مەوداوە، چونکە بەردەوام دەستەواژەکانی یەکتر سڕینەوە لەم بارو دۆخەی ئێستاماندا بەقوڵی ئامادەیی هەیەو زۆر جاریش ئەزمونی ناشانۆ باڵی بەسەر شانۆدا کێشاوەو هەموشمان لەبەردەم پیرۆز نەکردنی ڕۆژگارە پرشنگدارەکاندا دەستەوسانین و پێشمان وایە ڕۆژگاری ڕۆشنی شانۆمان لەدەست چووە، هەر ئەم باوەڕەیە کەزۆرمانی توشی وەستان و مردن کردوە، ئەگینا من پێم وایە بەردەوام دەبێت قسەی نوێمان هەبێت نەك بێ هیچ بەرنامەو پرۆژەیەك هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر ڕابردودا بێنین، چونکە پێم وایە هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر ڕابوردوی کەلتوریماندا هەڵەیەکی کوشندەیەو هەر دەشبێت ئەم نەوە تازەیەی ئەمڕۆمان باجەکەی بدەین....

لەم تێڕوانینەوە دەبینین بارودۆخی شانۆو بزاڤی ڕۆشنبیری شانۆیی بەرەو هەڵتەکاندنەوە دەچێت، پێدەچێت وەستان و ئولفەت گرتن بەیەك دەستەواژەیو یەك ئاڕاستەیی ئیشکردن، هەمومانی توشی ئەو حاڵەتە

کردبێت، دەکرێت نەمانی پرسیارو نەبونی پرۆژەی ( ڕەخنەی جدی ) شانۆی توشی ئەم پەرتەوازەییە کردبێت(3)

ئەی دەکرێت ئێمە لەم نێوەندەدا چی بکەین ؟؟ شانۆکاری هوشیار چۆن ڕوبەڕوی ئەم بارو دۆخە ببێتەوە؟؟ دیسانەوە وەلآمی ئەم پرسیارە ئامانجی سەرەکی ئەم نوسینە دەست نیشان دەکات!!

-2-

تا هەنوکە قسەو باسی ئەوە دەکرێت شانۆ وەك دەزگایەکی فەرهەنگی ئەکتیف نەیتوانیوە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا خۆی بسەلمێنێت، دەکرێت هۆکاری ئەمەش زۆر بن، هەر لە هۆکاری کۆمەلآیەتیو سیاسیو هونەری.... هتد، هەمویان کەم تازۆر کاریگەر بون لەسەر نائامادەی کردەی شانۆیی لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئێمەدا، چونکە لەئەساسەوە شانۆ وەك کردەیەکی نائاسایی لەلای ئێمە لەدایك بووە یان وەك کردەیەکی ناباو هاتۆتە ناو کایە ڕۆشنبیریەکانمان، لەسەرەتاکانی بزاڤی شانۆیماندا، ئەو ساتانەی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا شتێك نەبوە ناوی شانۆ بوبێت، جگە لەکۆمەڵێك جوڵەی تەمسیل ئاساو لاسایکەرەوە کەسەرەتاکەی بۆ سالآنی بیست دەگەڕێتەوە، هەمو ئەم کردە باوانەش لەژێر کاریگەری شانۆی عەرەبیدا بوە لەعێراق، بۆیە دەتوانین بڵێین نەشونمای شانۆ لەلای ئێمەو لەکوردستانی عێراق، لەسەردەمی ئینگلیزەکان و ڕاپەڕینەکەی (شێخ مەحمود(دا بوە لەسالآنی 1920-1930 زۆربەی شانۆگەریەکانیش تیپ وگروپی قوتابخانەکان بون، زۆربەی بابەتی شانۆگەریەکانیش ئامۆژگاری کۆمەلآیەتیو گرفتە ڕۆژانەییەکانی خەڵك بون لەو سەردەمەدا(4)

پێم وایە ئەم کاریگەریبونە بەشانۆی عەرەبی حاڵەتێکی ئاسایی‌و عەرەبەکانیش بۆ خۆیان ڕۆژگارێکی زۆر لەژێر کاریگەری شانۆی ئەوروپیدا بون و زۆرێك لەشانۆکانی ئەوروپاش بەتایبەتی ئەوانەیان کەوەك شانۆیەکی ڕەسەن ناسراون لەسەرەتاکانی دروست بونیاندا خاوەن مۆرکێکی تایبەتی نەبون، بۆنمونە سەرەتا شانۆی ئەمەریکی خاوەن مۆرکێکی تایبەتی نەبوە تا پێش ئەوەی شانۆ نوسەکانی وەکو ( یوژین ئۆنێل و ئەلمێر ڕایس و سیدنی هوارد ) دەرکەون، لەگەڵ ئەمەشدا شانۆی ئەمریکی کاریگەر بوە بەشانۆی ئەوروپی بەتایبەتی بە شانۆی ئینگلیزی، کەواتە دەتوانین بڵێین لەدوای ساڵانی پەنجاکانەوە شانۆی ئەمریکی بوە خاوەن سیمای تایبەتی خۆی، هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا لەشانۆی بروۆدوایدا چەندین نوسەری وەکو: ( تنسی ولیامز – ئارسەر میلەر – ئەدوارد ئەلبی )دروست بوو، ولیامز یەکەمین ئەستێرەی گەشاوە بوو لەبرۆدوایدا کەلەساڵی 1945 بەدواوە بویە یەکێك لەگەورەترین ئەستێرە دیارەکانی شانۆی هاوچەرخ(5)

بەڵام ئێستاش شانۆی ئێمە لەچوارچێوەی چەندان کۆسپ و لەمپەردا بەشوێن ناسنامەو شوناسدا دەگەڕێت، ئەی ئایا قسەوباس کردن لەسەر شوناس و ناسنامە بێبونی باگراوندێکی قوڵ و گەڕانەوە بۆ موفرەدەکانی فکرو فەلسەفە هیچ مانایەك دەبەخشێت؟؟

هەر بۆیە بەردەوام ئێمەی شانۆکاران زۆر باسی ئەوە دەکەین کەشانۆکەمان ناسنامەی نییە، ئەم باس و خواستەش بەیەکجاری شانۆکارانی دابەشکردوە بەسەر دو ئاڕاستەی زۆر پێچەوانەدا:

ئاڕاستەی یەکەمی ئەم بیرکردنەوانە پێیان وایە کەدەبێت هەمو دەستەواژە مێژوییەکانی نێو کەلتورو ڕابوردوی بزاڤی شانۆ تێکبشکێنێت و بەتەواوەتی بونی هەمو ئەو کەسە کۆنخوازو پاڵەوانانە بسڕێتەوە کەڕۆژگارێك لەنێوەندەکەدا ئامادەییان هەبوە، ئەو کەسانەی کەڕۆژگارێکی ڕابروردو جگە لەوان کەسیتر نەبوە نمایشی شانۆیی لەناو هۆڵەکاندا هەبێت، هەر بۆیە ئاڕاستەی یەکەمی نێو بزوتنەوە شانۆییەکەمان بەتەواوەتی ڕابروردوی بزاڤی شانۆ ڕەتدەکەنەوەو پێیان وایە قۆناغێك لەقۆناغەکانی شانۆ نەبوە پرشنگدارو داهێنان بێت!!

بەڵکو هەمو کردە شانۆییەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵێك داب و نەریتی کۆمەلآیەتیدا تێنەپەڕیون....( بێگومان هەندێك جار ئەم ڕەتکردنەوەیەش بەدور دەبێت لەهەمو زانستی بون و هوشیاریەك )

هەرچی ئاڕاستەی دوەمیشە، پێم وایە بەهەمان شێوەو بەهەمان بیرکردنەوە بیردەکەنەوە ) کەئەمانیش دەکەونە لایەنی دووەمی ململانێکەوەو هەموو هەوڵێکی ئاڕاستەی یەکەم ڕەت دەکەنەوە، ئەم نەوەیە هەندێکیان پێیان وایە نەوەی نوێ ناتوانێت شانۆ بەجوانی موممارەسە بکاتو ناتوانن گوزارشت لەئازارەکانی مرۆڤی کورد بکەن، بۆیە ئەوەی ئەوان ئەیکەن شانۆ نیەیە!!

ئەم نەوەیە هەندێکیان هەموو تەوژم و ستایلێکی تازە بەسەر لێشێوان و هەڵەشەیی ناو دەبەن و پێیان وایە دەبێت جارێکی تر ئەو گەنجانە فێری شانۆ بکرێنەوە، چونکە هەر ئەم گەنجانە بونەتە هۆی لەدەست چونی چەرخی زێرینی شانۆ " دیارە ئەمە بۆچونی ئەوانە نەك من " (6)

لەم بەینەدا پرۆسەی شانۆ بۆتە گەورەترین قوربانی بەمەش ڕۆژ بەڕۆژ هۆڵەکانی شانۆ چۆڵتر دەبن و بینەرانیش بەردەوام لەشانۆ زیز دەبن خوێندنەوەی هەندێك لەشانۆکارانی ئێمە بۆ ئەم بارو دۆخە وایە کەشانۆکەمان لەئێستاداو لەدوای ڕاپەڕینەوە لەئاستێکی زۆر نزمدایە هیچ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتوە، بەڵکو لەزۆر ڕووەوە لەپاشەکشەدایە، چونکە لەئێستادا دەبوایە شانۆکەمان خاوەنی دەیان ڕێبازی هونەریو دەیان شانۆگەری کوردیو چەندان سەرچاوەی کوردیو دەیان نوسین و توێژینەوەو ڕەخنە بوایە.(7)

ئیدی لێرە بەدواوە بەدحاڵی بونێکی گەورە دروست دەبێت لەنێوەندی بزوتنەوەی شانۆیدا، بەدحاڵی بونێك وادەکات هەرکەسە بەروئیایەك بیەوێت وێنەی ئەو گرفتە بکات بۆیە لەو چرکە ساتە بەدواوە ئەزمونی شانۆ دەبێتە ڕەهەندو مینبەری جیاواز، ئیدی مومارەسەکردنی ئەزمونەکان بەروئیای جیاوازەوە تەئویل دەکرێن.

کۆمەڵێك پێیان وایە دەبێت ئەزمونی ئەم قۆناغەی شانۆ هەمان قۆناغی شانۆ بێت لەڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەو نمایشە تازانەی کەئەمڕۆ لەئەوروپا پێشکەش دەکرێن. لێرەشەوە ئیدی چەندین دەستەواژەو ئاڕاستەی نوێ دێتە ناو ئیشکردنی ئێمەوە، بۆیە زۆر جاریش بینەر نائامادەیە لەگوتاری نمایشەکانماندا بەشێوازێك پێگەی بینەر زۆر لاواز دەبێت لەچوارچێوەی ئەو گوتارە دیاری کراوەی شانۆدا، چونکە بەراوردکردنی چرکە ساتێکی قۆناغی شانۆ لەڕۆژئاوا بۆ ئێرە دەبێتە هۆی دروست کردنی کەلێنێك لەنێوان (شانۆ / بینەر)، بەمەش بێگومان وادەکات بەردەوام نامۆبون لەنێوان ئەم دوو چینەدا دروست ببێت، چونکە ناکرێت ئەزمونێکی

(سترنبێری) کەلەچەندین ولاّتی ئەوروپاداو بەدرێژایی نیو سەدە لەلایەن زۆرێك لەدەرهێنەرە جیهانیەکانەوە پێشکەشکراوە، لەئێستاو لەهەنوکەدا بگوێزرێتەوە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی شانۆی ئێمە، ئەگەر هاتوو بینەرێکی هۆشیارو وریامان نەبێت ،ئەوا ناتوانرێت ئەو ئەزمونە وەك خۆی بگاتە بینەر.

چونکە بێگومان (سترینبێری) پایەیەکی بەرزی لەکلتورو ئەدەبی سویدیدا هەیەو ستایلی ئیشکردنی کاریگەریەکی گەورەی بەسەر هونەری گەلی سویدیەوە هەیە ئەزمونی (سوناتای تارمایی)ش کەچەندین دەرهێنەری گەورەی وەکو (ئینگماربێرمان) و (ڕاینهارت)و ئیشیان لەم دەقەدا کردوە ناشتوانرێت لەچرکە ساتێکی خێرادا ئەم ئەزمونە دەوڵەمەندە لەوێوە بگوازرێتەوە بۆ ئێرە، چونکە دەکرێت لەسادەترین بەراوردا بینەری ئەوان و بینەری ئێمە زۆر جیاوازبن.... دەبێت بەشێوازێکی قوڵیش کار لەسەر هوشیارکردنەوەو ڕاهێنانی بینەران بکەین لەسەر چێژ وەرگرتن لەشانۆی نوێو شانۆی هاوچەرخ چونکە پرۆسێسی بینین بەچاوەکانی ئەوسا جگە لە مەرگی شانۆ هیچی تری بەدواوە نابێت، خۆ ئەگەر بەئاراستەی گواستنەوەی ناهوشیارانە کارمان کرد ئەوا بێگومان ناتوانین شانۆیەکی چالاك و کاریگەرمان هەبێت، لە نزیکترین حاڵەتدا ئەم بارودۆخەی ئێستای شانۆ دەکرێت دیارترین نمونە بێت.

(پیتەر برۆك) بەیەکێك لەدیاری ترین گەورە دەرهێنەرە هاوچەرخەکانی شانۆ دادەنرێت ئاماژە بۆ شانۆیەکی چالاك بەوە دەکات کەلەئێستاو لەمرۆدا دەژیو لەبارودۆخی ئێستادا ئامادەیەو هەوای ئەم ساتە وەختە هەڵدەمژێت ، گرنگ نیە چ کێشەیەك پێشکەش دەکەیت کلاسیك

یاخود نویٚ، گرنگ ئەوەیە دڵی پرۆژەکە لەجەستەی ئەمرۆدا بێت. لەم ڕووەوە پیتەر برۆك لەکتێبی ( Threads of Time )دا دەڵێت: ( هەموو فۆرمێك مانای خۆی لەدەست دەدات گەر پریشکێك لەژیانی ڕاستەقینە لەخۆ نەگریٚ، پێویستە نمایش لەم ساتە وەختەداو لەم چاو تروکانەی ئێستادا بژی ).

بۆیە بروك ئەمرۆ خۆی لەشێوازی زۆر سادەدا کار دەکات، ساکاری فۆرم و شێوازەکانی کارکردن و قوڵبونەوەو تێگەیشتنێکی بەرزە لەژیان ، شانۆ لە گەردون و زەمەنیش لەم فۆرم و شێوازە ساکارەدا دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ڕاڤەکردن و بەرجەستەکردنی زەمەن ئەوەش بزانین زەمەن تەنها وێنەی زەمەنە تەقلیدیەکەی ژیانی ڕۆژانە نیە، بەڵکو زەمەن لەلای (پیتەر برۆك) زەمەنی هزرە.(9)

بۆیە تاوەکو ئێستاش ئەم تێزەی پیتەر برۆك لەلای ئێمە بەهەڵە تەئویل کراوە هەندێك لەشانۆکاران پێیان وایە دەبێت ئیشکردن لەپرۆسەیەکی شانۆیی‌دا بگەڕێینەوە بۆ چەمکە کەلتوریو کەلەپوریەکان، لەمەشەوە شانۆیەك بەرهەم دێت کەسەرجەم سیماکانی موڵکی خۆماڵی بوونی پێوە دیارە، ناشکرێت باس لەو تێزە نەکەین کەلەژێر ئەم دەستەواژەیەدا لەدایك دەبێت و زۆر جاریش هەموو ماناکان بەئاقارێکی پێچەوانەدا دەبەن، بێگومان ئەمەش دەبێتە پرۆژەی کوشتنی هەموو کرانەوەو هەموو سود وەرگرتنێك لەو ئاڕاستە نویٚیانەی شانۆ کە ئەمرۆ لە جیهاندا ئیشیان پیٚدەکرێت.

ئەمەش وادەکات کە ئەو کردانەی بەناوی شانۆوە ئیشی پیٚدەکرێن بەهیچ شێوەیەك سیمای شانۆبونیان پێوە دیار نەبێت. چونکە بەڕاستی

ناکرێت لەژێر ناوی کوردبون و کەڵچەر پارێزیدا دنیایەك لەسادەیی‌و بێ مەعریفەیی لەزمان وجوڵە بخەینە سەر شانۆ.

دەکرێت سادەیی‌و بێ مەعریفەیی لەزمان و جوڵەدا سەرجەم ئەو جوڵە شانۆییانە بگرێتەوە کەلەچوارچێوەی نمایشێکی لاوازو بێ قولاًییداو لەزەمەنێکی دیاری‌کراودا پێشکەش دەکرێت، هەندێك لەو نمایشە کرچ و کالاًنەی کەئەمڕۆ بەناوی شانۆی کوردی‌و بەناوی خۆماڵی بونەوە پێشکەش دەکرێن نمونەیەکی زۆر دیاری ئەم فۆرمە ئیشکردنانەن کەناکرێت لەچوارچێوەی هیچ کردەیەکی هونەریدا جێیان بکەینەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانە هەرگیز جگە لەمەبەستێکی کرچ و کاڵی هزری هیچ گوتارێکی تر لەپشتیانەوە ئامادە نیە، ئەو ئاڕاستەیەش کەپێی وایە ئیشکردن لەمەوداکانی پرۆسەی شانۆیی‌دا بەهەمان ئاڕاستەو میتۆدی شانۆیی هاوچەرخەوە دەبێت، ئەمەش بێگومان دەکەوێتە هەمان حاڵەتی بەدحاڵی بوونی ئاڕاستەی یەکەمی ئەم دەستەواژەیەوە ، چونکە وەك وتمان بۆ ئەم جۆرە ئیشکردنانە پێویستیمان بەبینەرێکی هۆشیاروگوێگر دەبێت.

چونکە بونی هەندێك ئەزمونی لەم چەند ساڵەی ڕابردوو لەو ئیشکردنانەی کەبەئاڕاستەیەکی تەواو ئەبسوردو تەجاوزکردنی بینەر بەهەمان شێوە هەنگاوێك بوە بۆ نامۆکردنی بینەران لە هۆڵی شانۆ.

گرفتی بالاًی ئەم ئیشکردنانەش ئەوەیە کەڕاستەوخۆ بینەری ئێمە غیابە تیایاندا،بەواتایەکی تر وەك پیتەر برۆك دەڵێت" پرۆژەکەیان لەجەستەی ئەمڕۆدا نیە چونکە هەموو ئەو گوتارو پەیامانەی پێشکەشکراون بەدوور بوە لەخەونەکانی مرۆڤی ئێرە، مەگەر شانۆ گوتارێکی ئینسانی گشتی نیە؟"

لەوەلامدا دەڵێین، بەڵێ بەلام بارو دۆخ و پرسیاری ئینسانیو حاڵەتە ڕۆشنبیرییەکانی میللەتێك بۆ میللەتێکی تر جیاوازە، چونکە ناکرێت گوتاری شانۆ لەناو میللەتێ بۆ میللەتێکی تر وەك یەك وابێت بەلام ئەم دەستەواژەیەش دوورە لەوەی کە شانۆو گوتاری شانۆیی تایبەت بکەین بەمیللەت و ولاتێکی تایبەتییەوە، بەڵکو شانۆ گوتارێکی جیهانییە، بەلام ئاراستەکردنی ئەو گوتارەو چۆنێتی تەوزیف کردنەوەی بۆناو بینەری ئێمە پرسیارە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆی شانۆ دیاری دەکات، ناکرێت بینەر ڕووبکاتە شانۆیەك کە کەمترین پرسیارو ئاماژەکانی ژیانی ئەوی تیادا نەبێت. ئەو نمایشانەی کەپڕن لەپرسیارەکانیمرۆڤی هاوچەرخ زۆرترین کاریگەریو پرسیار لای بینەران دروست دەکەن،بەمەرجێك بەلۆژێك و تەکنیکێکی بالاوە پێشکەش بکرێت و دوور بێت لەگوتارێکی ڕاستەوخۆو دروشم بازی ، چونکە زۆر جار بینەرانی ئێمە یادەوەریان پڕە لە وێناکردنی ئەوتەکنیکە باوانەی کەدووبارە و چەند بارە دەبنەوە، هەر بۆیە لەم چرکە ساتەوە دەبینین پەرش و بلاوییەك لەگوتاری شانۆدا هەیە ، زۆر جار شانۆکار لەنێوان ئیشکردن لەم دوو ئاراستەدا دەستەوسانە، ئایا بەئاراستەیەك ئیش بکات کەسیماکانی شانۆی تێدا بێت و بینەرو وەرگری چالاکی نەبن؟ یان بەئاراستەیەك ئیش بکات کەستۆك و ساکار بێت؟.

- 3 -

پیتەر برۆك دەڵێت: ( ئەم دەزگا کۆن و خەواڵوە دەبێت بەکۆمەڵێك ڕاچڵەکاندن ووریا بکەینەوە بەشێوازێك ڕابچڵەکێنین و فڕێی بدەینە ئەم زەمەنەوە ).

شانۆ دامەزراوێکی مەجازىیە ، شانۆ دامەزراوێکی مەدەنىیە ، بۆیە کە ئەو پرسیارگەلەی کە ئێمە دادەبڕێت لە مەدەنی بوون هەر ئەو پرسیارگەلەشە وامان لێدەکات نەتوانین بڵێین شانۆ سیمایەکی مەدەنی بوونی هەیە لای ئێمە. بۆیە ئیدی بەکەنار ئەم هێڵەدا درێژ دەبینەوە بۆ ئەو سەرەتایەی کە بۆچی دەبێت ئەو دەزگا ڕۆشنبیریەی کە بەشانۆ ناو دەبرێت نەتوانێت وەك ئۆرگانێکی مۆدێرن لەناو ئێمەدا دەربکەوێت چونکە تا هەنوکەشانۆ پێداویستىیەکی ئینسانىىیە لەناو ئێمەدا هەر کاتێکیش هەر دەزگایەکی ئۆرگانی نێو کۆمەڵگا نەبوە پێداویستىیەکی هەنوکەیی ئەو کاتە ئەو دەزگایە لەپەراوێزدایە هەر وەك ئەم حاڵەتەی ئێستای شانۆ. بۆیە زۆرێك لەبیریارانی شانۆ لەسەر ئەم ئاڕاستەو باوەڕە ئیشیان کردوە کەشانۆ ببێتە وروژێنەری پێداویستیەکانی مرۆڤ و مرۆڤ لەناو قوڵاییەکانی ناخیدا هەست بە بوونیان بکات .

پیتەر برۆك پیێ وایە دامەزراوەی شانۆش وەك پێداویستىیەکانی تری مرۆڤ وەك خۆراك و سێکس دەبێت ببێتە یەکێك لە پێداویستىیە گرنگەکانی ژیان.(10)

بەڵام تا هەنوکە ئەم پێداویستىیە مەدەنىیەی کە بە شانۆ ناو دەبرێت لای ئێمە هێندەی بۆ کات بەسەربردن و پڕکردنەوەی بۆشایىیەکانی ژیان بوە، هێندە بۆ خوڵقاندنی پرسیارە گرنگ و فەلسەفیەکانی مرۆڤ نەبوە.

پرسیارگەلی مرۆڤ لەبون و لە ژیانی خۆیو لە دونیای دەوروبەری دەکرێت دنیایەك کۆجیتۆی گرنگ بەرهەم بهێنێ ، کە دەکرێت ئەو پرسیارانە پرسیاری خوڵقاندنی فەزایەکی شانۆی جاد بن .

بەڵام ئەمڕۆ سادەکردنەوەی شانۆیی‌یەکانمان بۆ چەند قسەیەکی لاکەوتەو چەند قسەیەکی نەستەق وای کردوە بەتەواوەتی بینەران ئیدمان بن لەسەر کاری بازرگانیو بەناو کۆمیدی لەکاتێکدا ئەو کارانە هیچ سیمایەکی هونەری کۆمیدیان تیادا نی‌یە !

دەکرێت شانۆکار ئەو پرسیارە گرنگە لەخۆی بکات بەڕاست بۆ ئەمڕۆ بینەران بەلێشاو ڕوودەکەنە شانۆیەکی بەناو کۆمیدیو پڕلە قسەو وشەی بازاڕی، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەم کارە هیچ سیمایەکی کۆمیدیان تێدا نی‌یە جگە لە هەندێ جوڵەی نا شایستە بە پێچەوانەی هەموو وێنا کردنێکیشەوە دەزگاو ئۆرگانە میدیای‌یەکان پاڵپشتێکی تەواوی ئەم کارانە دەکەن. بینەرانی ئێمەش بە لێشاو ڕودەکەنە ئەم جۆرە شانۆییانە سەیر نەبێت بەلامانەوە نمایشیو هەبێت شانسی ژیانی وا بۆ خوڵقاوە کە (5-3) مانگ نمایش بکات و ڕۆژی (دوو نمایش)یش بکات کۆتا ڕۆژی لە یەکەم ڕۆژی بینەری زیاتر بێت.

لەملاشەوە شانۆکارێکی جدی چەندین ڕۆژ لە هۆڵێکی شانۆییدا خەریکی پرۆڤەیە کە دەگاتە نمایش ژمارەی بینەرانی لە سەد کەس تێناپەڕێت. کێ لەم دوو ئاڕاستە ئیشکردنە بەرپرسیارە ؟

شانۆکاران یان بینەران ؟ پێم وایە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ناتوانین بۆ دەست نیشانکردنی لایەنێکیان زانستی بون بدەینە وەڵامەکان، چونکە جەدەلیەتی ئەمڕۆی نێوان ئەزمونی شانۆ و ناشانۆ لە کوردستان لەسەر ئەم دوو ئاڕاستەیە وەستاوە، دەشکرێت ناهوشیاریو ستۆك بوونی ئیشکردنی شانۆکار فەزایەکی وا بخوڵقێنێ بۆ بینەری سادەو بۆ لێبوکەکانی شانۆ کە بکەونە ئیشکردن لەم جۆرە ئیشانەدا . پێم وایە لەم سەرو بەندەدا

هەمیشە کاری جدیو شانۆی جوان دەتوانێت لەناو ئەم فەوزاو جەنجاڵیەدا بونی خۆی بسەلمێنیو بتوانێ بینەران بانگهێشت بکاتەوە بۆ هۆڵەکانی شانۆ، دەکرێت زۆر هەوڵ هەبن ئەو وەزیفەیان هەبوبێت کە توانیویانە ڕۆڵ ببینن لە هۆشیارکردنەوەی چێژی بینەران هەرهیچ نەبێت هەستکردن بە جیاکردنەوەی شانۆ لەناشانۆ جگە لەوەش هەوڵ و کۆششی تریش هەیە بۆ ئەوەی جارێکی تر لەسەر کۆنەستی کۆمەڵایەتی تاکی ئێرە ئیش بکاتەوە، ئەزمونی (ماڵێك پڕ لە جانتا)ی خەڵات عومەر و دەرهێنانی گەزیزە نمونەیەکی تری ئەو ئیشکردنانەیە، ئەم ئیشکردنە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەزمونە ڕابردوەکانی ڕابردوی ئەم هونەرمەندە ¸ (ماڵێك پڕ لە جانتا)ی خەڵات عومەر و گەزیزە هەرچەند لە کات و ساتی خۆیدا بواری زیاتری ئەدا قسەی لەسەر بکەین بەڵام پێم وایە ئەم دەقە بە تەکنیکێکی تەواو شانۆیی نوسراوەو خەڵات عومەر توانیویەتی لەو چرکە ساتەوە ئیش بکات کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان ، مەلا و شایەرەکان ، هونەرمەند و نوسەرەکان ، گەنج و پیرەکان، بازرگان و دوکاندارەکان، کرێکار و فاڵچیەکان، هەموو باس لە ترسناکی کۆچ دەکەن، خەڵات لەو چرکەساتەدا باس لە بۆشایی کۆچ لە زهن و کۆنەستی کارەکتەری ئێرەدا دەکات و بەو پێیەی ئەم دیاردەیە لەیادەوەریو بونیادی کەسایەتی ئێمەدا ڕەگی داکوتاوە، بەڵام خوێندنەوەکان بۆ ئەم دیاردەیە جگە لە تێڕوانینێکی سۆزو عاتیفیانە هیچی تر نیيە. بۆیە سەرکەوتنی ئەم روئیایە بۆ کۆچ لەلایەن خەڵاتەوە زۆر هۆشیارانەبوو.

هەوڵی تریش هەبون بۆئەوەی لەم ڕەهەندو حاڵەتە نەستیانەی بینەرانی ئێمەدا ئیش بکەن، چەندین ناویش هەن پێویستیان بەلەسەر

وەستان هەیە بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئێمە نامانەوێت ڕیز بەندی ئەو ناوانە بکەین بۆیە پێویست بەناوهێنان ناکەن، دەبێت ئەوەش بڵێین هەروەك چۆن لەناو ئەم شانۆکارانەدا چەندین ناو هەیە کاریان بۆ ئەوە کردوە کە شانۆ بە ئاڕاستەیەکی هونەریانەدا بەرن لەناو نەوەی ڕابردوی شانۆی ئێمەشدا چەندین ناو هەیە لە قۆناغی خۆیدا توانیویانە ئەفسونی شانۆ مومارەسە بکەن، بەڵام بەداخەوە هەر لەناو نەوەی ڕابردوو نەوەی ئێستای شانۆدا نەوەیەك هەن شانۆیان کردۆتە وێستگەیەك بۆ ناشتنی تەرمی هونەرو تەرمی شانۆ.

بێگومان هەموو ئەمانەش پێویستیان بەوە هەیە لە بناغەوە لاوازیان بکەیت و ئیش لەسەر هوشیارکردنەوەی بینەر بکەیت ئەوسا دەتوانیت بڵێیت شانۆ کردەوەیەکی مەدەنیو گەمەیەکی هونەریە.

ناشکرێت بەساناو بەچەند دێڕێك خەتی ڕاست و چەپ بەسەر ڕابردووی ئەم بزوتنەوە شانۆییەدا بێنین هەروەك ناکرێت قۆناغی هەنوکەش بەهیچ ناو بەرین، چونکە بەڕاشکاوانە دەڵێم لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا شانۆ گوتاری تایبەتی خۆی هەیە ئەمە لە کاتێکدا کە نابێت شانۆ تەجرید بکەین لەو گوتارە ئیستاتیکیو مەعریفیە، چونکە هەرکات شانۆ خاڵی کرایەوە لەم دوو چەمکە ئەوا شانۆ هیچ سیمایەکی هونەریو مەدەنی نامێنێت جگە لە کۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژەی بچڕبچڕ.

## -4 -

دوا بەشی ئەم نوسینە دەکرێت قسەو باسی لەسەر بکەین ئەو تەوەرو ڕەهەندانەیە کەزۆرجار قسەو باسی هەمەلایەنە هەڵدەگرن، چونکە زۆرێك

لەو وتارو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر بزافی شانۆی ئێمە نوسراون کەمتر توانیویانە پەی بەم بۆشاییە بەرن بۆیە پێم وایە قسەکردن لەسەر ئەم ڕەهەندو فەزایە بۆخۆی دەتوانێت شانۆ بە ئاقارێکی تردا ببات. ئەو بۆشاییەش ستایڵی ئیشکردن و پرۆسەی ڕەخنەییە، سەرەتا ستایڵی ئیشکردن کەتا هەنوکە مومارەسەکردنی شانۆ لای ئێمە جگە لە کۆمەڵێك دەستەواژەی دوبارە و کۆمەڵێك سیستەمی دیاریکراو کەمتر توانیویەتی بگاتە ئەو تێپەڕاندنەی کە پێویستە گوتارێکی باڵای لێ بەرهەم بهێنرێت، چونکە شانۆ بەدەر لەوەی کە هونەرێکی ئیستاتیکیو چێژ بەخشینە هونەرێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە فەلسەفەو زانستە سوسیۆلۆجیو ئەنتۆلۆژیو سایکۆلۆژییەکانەوە.

( ئەنتۆن ئارتۆ ) وەك شانۆکارو بیریارێکی فەرەنسی زۆر هەوڵیدا لە ڕەهەندێکی جیاوازو لە مەودایەکی تری ئەم هونەرەوە ئیش بکات. تا شانۆ بکاتە ویستگەیەك بۆ دروستکردنی پرسیار لە ژیان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو دەستەواژانەی کە بەردەوام مرۆڤ ڕووبەڕویان دەبێتەوە بۆیە (ئارتۆ) وابەستە بوونێکی زۆری بینی لە نێوان شانۆو میتافیزیکا، شانۆو تاعون، شانۆو توندوتیژی هەریەك لەم دەستەواژانە شیکارو تەفسیری خۆی هەیە، هەربۆیە ئارتۆ توانی لە ئەنجامی شیکردنەوەی هەر چەمکێکیانەوە دەیەها پرسیاری ئینسانی بکات، تا وای لێهات ئەو شانۆییەی ئەو دەیخوازێت بەدەر بێت لە شانۆیەکی باوی ڕۆژانە کە بەبێ بوونی پرسیارو بێ ڕاچڵەکاندن بڕوات (11)

هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم شانۆکارە گەورەیە لەلایەن کۆمەڵگای فەرەنسییەوە بەشێت بزانرێت و لەو وڵاتەدا دەربکرێت، سەرەنجام تووشی

نەخۆشی دەروونیو دەمارگیری ئەعصاب ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام (ئارتۆ) خەونی بە شانۆیەکی جیاوازەوە دەبینی جیاوازتر لەو شانۆ باوانەی فەرەنساو ئەوروپا، بۆیە ساڵی (1926-1927) بە سەرەتایەکی گرنگ دەژمێررێت بۆ بەدی هێنانی خەونەکانی بەتایبەتی لەگەڵ (ڕۆجیە فتراكو ڕۆبن براون)کە شانۆی (ئەلفرێد جاری)یان دامەزراند، لە ساڵی (1929)دا ئارتۆ پەیوەندی لەگەڵ سریالیەکان دەبچڕێو پاشگەز دەبێتەوە لێیان و سریالییەکانیش بەیاننامەیەك دەردەکەن و دەڵێن: (ئارتۆ مرۆڤێکی سەیرو نامۆیە ، شتێکی لە ڕادە بەدەرە، جارێك ئەترسێو جارێك نامۆیە )، ئارتۆ سەبارەت بەم بەیاننامەی سریالییەکان دەڵێت: (ئەوەی وای لێکردم لە سریالییەکان جیاببمەوە ئەوە بوو ئەوان ژیانیان خۆش دەوێت من بێزم لە ژیان دێتەوە ) (12).

ئارتۆ توانی گوتارو دەستەواژەکانی شانۆ بە ئاراستەیەکی تردا ببات بەو پێیەش بیرو باوەڕەکانی ئەم دەرهێنەرە لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕەتکرایەوە.

پاشان دەرهێنەرێکی گەورەو هاوچەرخی وەك (پیتەر برۆك) کە تا ئەمرۆ لەژیاندا ماوە دادەنرێت بە گەورەترین دەرهێنەری شانۆ کە توانیویەتی بە شوێن ئاراستەی نوێدا بگەڕێت لە نمایشە شانۆییەکاندا، بەتایبەتی زۆر هەوڵ و کۆششی ئەم دەرهێنەرە بۆ ئەوەیە کە لەناو هەناوی کۆمەڵگەو گەلە سەرەتاییەکاندا جوڵەو ئاماژەی جەستەی بدۆزێتەوە.

چونکە ئەو پێی وایە جەستە زمانێکی باڵایە بۆ لێکگەیشتنی مرۆڤەکان.

بروگ هەوڵی ئیشکردنی کۆمەڵی ئەدات لە کەلتوری میللەتە جیاوازەکاندا، چونکە بە بۆچونی ئەو جیاوازی دەبێتە هۆی فرە

بیرکردنەوەو فرە روئیایی، بەمەش دەتوانین شانۆ بکەینە مولکی هەموو میللەتان، ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لە هەوڵە نوێکانی بۆ ئەوەبوو لەناو ئاینە کۆنەکاندا ئیش بکات و بە پرۆژەو روئیایەکی تازەوە شانۆییەکانی بە هەموو وولاتاندا بگێڕێت.

سەبارەت بە کتێبی ئاڤێستاش کە کتێبێکی پەیامبەرێکی وەك زەردەشتە دەڵێت: ( ئەم کتێبە نزیکەی بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەرکەوتوە، کتێبێکە لەوەدا بێ وێنەیە کە بەزمانێکی ڕیتواڵیو ئاهەنگ ئامێز نوسراوە. ئەو زمانە بەهایەکی پیرۆزی هەیە؛ پیتەکانی ئاڤێستا لە ناوەوەیدا هەلگری کۆمەڵێك هێمای نهێنیـیە کە زۆر تایبەتە بە دەنگەکانی، ئاڤێستا بۆی سەلماندین ئەوەی بۆی دەگەڕێین دەکرێت بونی هەبێت ).

دانا ڕەئوف لە گۆڤاری ڕەهەندا لە لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە بروگ پێی وایە ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵ پیتەر بروگدا کاریان کردوە لەو بڕوایەدا بوون کە پیتەر بروگ خاوەنی ئەفسونێکی تایبەتە چونکە دوای ماوەیەك لە مەشق کردن بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن یان بزانن چۆن و بەچی ڕێگایەك کوت و پڕ بۆیان دەرکەوتووە کە بونەتە خاوەن تواناو قابیلیەتێکی تر، چونکە ئەولەسەرەتای هەموو نمایشەکانیدا سەربەستیـیەکی تەواو دەبەخشیە ئەکتەرەکانی، کاری دەرهێنەریش لەم پرۆسەیەدا هەڵکۆڵین و بەرهەمهێنانی حاڵەتی نەستیو زانیاریـیەکانی زاکیرەی ئەکتەرەکانە، هەربۆیە زۆر هەوڵی ئەدا ئەکتەرەکان بگەیەنێتە ئەو پلە باڵایەی کە بتوانن گوزارشتی گەورە بۆ بینەران بکەن، بەمەش بروگ دادەنرێت بە دەرهێنەرێکی هاوچەرخ کە بە ستایلێکی جیاوازتر لەوانەی پێش خۆیو سەردەمی خۆی مامەڵەی لەگەڵ شانۆدا کردوە، هەر بۆیە

پەیوەندی نێوان ئەکتەرو بینەران بەهایەکی گرنگی هەیەو مەبەستی لە جیاوازی کەلتوری نێوان ئەکتەرەکان ئەوە بوو کە سودمەند بن لە توانا جیاوازەکانی یەکتر تا لەو ڕێگەیەوە زمانێکی تایبەت بخولقێنرێ دوور لە هەموو ڕێساو بنەما دیاری کراوەکان، بێگومان ئەمەش وایکرد لە پرۆژەکەیدا زمانی جیاوازو ڕەگەزی جیاوازی زۆر ببینرێت. سەرەنجامیش لەمەوە فرە کەلتوری گەورەی دروستکردو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، بەتایبەتی لە نمایشەکانیدا کە بەبێ هیچ دیکۆرو سینۆگرافیایەك نمایشی پێشکەش دەکرد لەمەشەوە گەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بونی هونەری شانۆ (13).

پرسیاری گرنگ لەپشت ئەزمونەکەی(پیتەر بروگ )ەوە ئەوەیە ئایا تا هەنوکە شانۆکارانی ئێمە توانیویانە بەم ئاڕاستەیە یان بە ئاڕاستەیەکی ناباو ئیش بکەن؟

تا چ ڕادەیەك ڕێژیسۆرەکانی ئێمە توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ دۆزینەوەی ستایلێکی وەك ستایلەکەی ئەو؟ دیارە مەبەستمان لە هاوشێوەو فۆتۆکۆپیەو ئەم پرۆژەیەی ئەو نیە بەڵکو مەبەستمان تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتە باوەی شانۆیە ، کە لە ئەمڕۆدا ئیشی پێدەکرێت، بۆ ئەم حاڵەتەش دوو نمونە دێنینەوە بەهیوای ئەوەی لە داهاتودا لەسەر هەریەکەیان هەڵوێستەو خوێندنەوەی تایبەتمان هەبێت، یەکەمیان ئەزمونی شانۆی ئەزمونگەریە کە لە ئیشەکانی شەماڵ عومەرو نیگاری حەسیب قەرەداغیو دانا ڕەئوفو...هتد خۆی دەبینێتەوە لە هەشتاکاندا ئیشیان پێ دەکرد، دواتریش لە ڤیەنناشەماڵ و نیگار ئیشدەکەن بەناوی (ئەزمونی شانۆی لالش) ەوەو لە چوارچێوەی لابۆرو پشت بەستن بە ئیرتیجال و پرۆژەی

خەون بونیادی نمایش دەنێین، ئەمە جگە لەوەی سودێکی بەرفراوان دەبینین لە سروتی یەزیدیو کاکەییەکان.

تا ئێستاش ئەم پرۆژەیە وەك تیۆر ماوەتەوەو لە داهاتوشدا دەکرێت زیاتر بەئەنجام بگەیەنرێت، بۆیە بڕیاری پێش وەختە زانستی نییە، دەکرێت شەماڵ و نیگار زیاتر ئیش لەناو فولآییەکانی کەلتوری کوردیدا بکەن، بەلآم ئەوەی تائێستا من وەك خۆم زانیاریم هەیە لەسەریان تەنها وەك خوێندنەوەیە و هیچی تر.

دووەمیان ئەزمونی شانۆکار (هۆرێن غەریب)ە ئەمیش دەتوانین بلێین زیاتر لەسەر ئیرتیجال و توانا جەستەیی‌و دەنگییەکانی ئەکتەر دەکات و سنوری کایە نەستییەکانیش جوگرافیایەکی فراوانی داگیر کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا رادەیەك پرۆسەی بە ئەقلآنی کردنی شانۆ، لە ئیشکردنەکانیدا لە چوار چێوەی کایەیەکی تیۆریدایەو دەکرێت ئەو گورپە ئەکتەرەی لەتەکیدا کار دەکەن بتوانن ئەم هەوڵە بگەیەننە قۆناغێکی تر، قۆناغی کارکردنی ئەمیش زیاتر لە دو قۆناغدا دەرکەوت ، یەکەمیان ئەو قۆناغەی کە مامۆستا بوو لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان ، کە لەگەڵ چەند قوتابییەکدا کاریکرد ، لەچەند شانۆییەکی جیاوازدا ، کەبریتی بون لە شانۆگەری ( سترانی شەمەندەفەر ، دوائەفسانەی بون ) پاشتریش شانۆگەری (سەرەتا بەرد بوو ،ئۆڤیلیا) ئەم قۆناغەی هۆرێن سەرەتای کارکردنی بوو لە دوای دەرچونی کۆلیژی هونەرجوانەکان ، لە گەڵ قۆناغی دووەمی کە ئەم چەند ساڵەی دوایی تا دەگاتە کۆڕی شانۆی با ئەمیش شانۆگەری ( وێنەی هونەرمەند دوای تاڤ لاوی ، پێکەوە لە بەهەشتا عەسرێ ) بە هاوبەشی ڕوئیاو دەرهێنانی هیوا فایەق ، بێگومان ئەم دو قۆناغەی کارکردنی ئەم

دەرهێنەرە جیاوازیەکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لە فۆڕمی نواندن وبابەتی نمایشدا...

هەرچی پرۆسەی رەخنەشە لە ئەزموونی شانۆییماندا تا ئێستا غیابێکی گەورەی هەیەو، ئەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی هەموو لایەنەکانی ئەدەبیماندا ڕەخنەی شانۆیی لاوازترین و هەژارترین پشکی هەیە، ناشکرێت بڵێین هەر هیچ شتێك نەکراوەو هیچ نووسراوێکی رەخنەیییمان نىیە، بەڵکو جاروبار لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتارو لێکۆڵینەوە دەبینین، ئەمە جگە لە چەند کتێبێك کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێررێن لەم چەند ساڵەی دواییدا چاپ کرا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بە کتێبی (سۆناتای تارمایی) دانا رەئوف کەلە ساڵی 2001 لە سلێمانی چاپ کراوە و پێشتریش لە سوید چاپی یەکەمی کراوە، ئەم کتێبە بە زمانێکی زۆر شانۆیی نووسراوەو هەر ئەمەش جێی دەکاتەوە لە زۆرێك لەو کتێبانەی کە بە چاپ گەیەنراون.

هەوڵەکانی دانا دەتوانین بە هەوڵی دەوڵەمەندو مانادار دابنێین کە توانیویەتی خزمەتێکی باش بە رەوتی شانۆ بگەیەنێت، ئەمە جگە لە ریپۆرتاژی شانۆییو هەواڵە شانۆییەکانی ئەوروپاو گەیاندنی بە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان.

جاروباریش لەلایەن دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەو کتێبو نامیلکەی شانۆیی دەکەوێتە بازاڕ کە هەندێکیان نووسینو هەندێکیان وەرگێران، ئەم هەوڵانە زۆربەیان نەیانتوانیوە نزیك بکەونەوە لە مانا ئیستاتیکی و قوڵەکانی شانۆ، نابێ رۆژنامەو گۆڤارەکانیشمان لەبیر بچێت کە هەریەکەیان لاپەڕەو مەلەفو بەشی تایبەتیان بۆ شانۆو گوتاری شانۆیی تەرخان

کردووە، هەندێ لەو نوسینانە لەچوارچێوەی سەرنج‌و پێشنیار دەرناچن‌و نووسینی ڕەخنەیی بۆشاییەکی دیار نێو ئەم جۆرە نووسینانەن. ناشکرێت لێرەدا ناوی کەس بهێنین‌و ریزبەندی ڕەخنە گرەکانمان بکەین، ئەوانەی هەوڵیان هەیە بۆ نزیك بوونەوە لە نووسینی لێکۆڵینەوەی شانۆیی، بەڵکو ئیشی ئێمە لێرەدا ئەوەیە باس لەو غیابە ڕەخنەییە بکەین کە لە نێوەندەکەدا دەبینرێت.

هەندێ زاراوەو دەستەواژەی بریقەدار ناتوانرێت پێی بوترێت وتاری شانۆیی وەك ئەوەی لە نووسینی هەندێ هاوڕێی شانۆکاردا دەبینرێت یان پراکتیك کردنی هەندێ تیۆرو دەستەواژەکانی (رۆڵان پارت‌و سۆسێر) بۆ بوونی هەندێك دەقی شانۆیی، کە هەرگیز ناتوانین بونیادی رەخنەیی شانۆیی پێ بنێین.

لە ئێستادا رەخنە پێویستی بە ئەزمون‌و پرۆسەو نمایشی شانۆیی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین پردی نێوان شانۆو هەموو موفردەکانی تر بدۆزینەوە، چونکە بێئەمە مەحاڵە لە ئێستادا باس لەهەر پرۆسەیەکی ڕەخنەیی بکەین، چونکە ڕەخنە لەو تیۆرە باوە دەرباز بووە کە تەنها دەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤەکانی تێکست‌و نمایش بێت، دەکرێت ئەمە پێناسەیەکی زۆر سادەو ساکار بێت بۆ شیکارکردنی رەخنە.

ئەدۆنیس پێی وایە ڕەخنە بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەی میتۆدی داخراوەو هەمیشەش ڕەخنە فیکرێکە تەنها بە پرسیار کردن موتوربە دەکرێت‌و گەشە دەکات، لەبەرئەوە نەك دەق یان موفرەدەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەڵکو خۆیشی لەژێر پرسیاری بەردەوامدایە، ئەو کایە باوەی

ئێمەش کە بە کایەی هونەر ناو دەبرێتو بە ئەبستمۆلۆژیایەکی نارەخنەیی دادەنرێت، چونکە هەمیشە لە ناو ڕەخنەو دەقەکانماندا وەڵام ئامادەیە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە چۆن شانۆکاری ئێمە بە ڕێگەیەکی نارەخنەیی ڕستەیەکی نارەخنەیی دروست دەکات،ئیدی ئەم نائەبستمیەیە دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو چەمکەکانی رۆشنبیریمان. (14)

بۆیە دەبینین زۆرێك لەو وتارە شانۆییانەمان تەواو بەم ئاراستەیە ئیش دەکەن، کە وەڵام بۆ شیکاری نمایشو فەزای شانۆییەکە بدۆزنەوە، زۆرجار رەخنەگرو خوێنەری نمایش یەك وەزیفە بەرهەم دێنن ئەم بۆچوونەش لە نێوەندی ڕەخنەی شانۆییماندا ئامادەبوونێکی گەورەی هەیە، بە بۆچوونی ئەدۆنیس ئەم خوێندنەوانە بە خوێندنەوەیەکی کۆن ناودەبرێت کە مانا بەپێی مەجاز بۆ دەق بەرهەم دێنن، خوێندنەوەی دەقی نمایش لە ڕابردوو لە ئێستادا زۆرجار رەخنەگری شانۆیی نمایش شانۆگەریەکە دەخاتە نێو وێناکردنێکی تایبەتیەیەوە، ئەگەر هاتوو ئەو کارەکتەرەی بەم پرۆسەیە هەڵئەسێت لە نمایشەکەدا شتێکی بینی لەگەڵ وێناکردنەکانیدا بگونجێت ئەوا ئەو نمایشە بەسەرکەوتوو بە رەهەند فراوانی ناو دەبات، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا بە پەراوێز ڕەتی دەکاتەوە، ئەوان لەم تەئویلەدا نمایشو شانۆیان وەك سەنتەر خۆش ناوێت بەڵکو وێناکردنی خۆیان خۆش دەوێت کە ناوی دەنێن پرۆسەی ڕەخنەی شانۆیی.

لێرەوە ئەرکی راستەقینەی نمایشو شانۆ بریتیە لە جێگیرکردنو قایمکردنی دەسەڵاتی چێژو ماناو پەراوێزخستنو تێپەڕاندنی شتە باوەکان، ئەگەر ئەمە لەهەر پرۆسەیەکدا بەرهەم هات ئەوا دەرگامان بۆ دەکاتەوە بۆ پرسیارو بیرکردنەوە لەو کردە شانۆییە خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بوو،

ئەوە پرۆسە ڕەخنەییەکە مەعریفەیەکمان پێ دەبەخشێت کە کاری پێناکرێت‌و چێژیش نابەخشێت. چونکە ئەو دەقە دەقێکی وەزیفی‌و مەجازی‌یە و لە ئەنجامی روئیایەکی دروست کراو (صناعی) کەسی خوێنەر یان رەخنەگرەوە دروست کراوە، زۆربەی ڕەخنەو وتارە شانۆییەکانی ئێمەش دەتوانین لەم پۆلەدا پۆلێنیان بکەین.

سەرەنجامی کەڵەکە بوونی هەموو ئەم تێزو بۆچوونانەش دەتوانین بڵێین تا هەنووکە ئەزموونی شانۆیی ئێمە ئەزموونێکی لاکەوتەو پەراوێزکەوتەیە، پەراوێز لە نێوەندە هونەریەکەدا، پەراوێز لە رەهەندە کۆمەڵایەتی‌و ژیانی‌یەکەداو تا نەگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی تێپەراندنی چەمکە باوەکان ناتوانین تەجاوزی ئەم لاکەوتەییەی خۆمان بکەین.

ئازاری 2002

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :

1. زۆرجار لە بینیی شانۆییەکەنماندا بەتایبەتی ئەو شانۆییانەی کە لەم دە ساڵەی پاش راپەڕیندا پێشکەش کراون هەست بەوە دەکەین یەك دەرهێنەر ئیخراجی کردوون‌و یەك نووسەر نووسیوونی، تا وای لێهات ئەم ئیشکردنانە بەتەواوەتی هۆڵەکانی چۆڵ کردین لە بینەرو پرۆسەی چێژ بەخشینی لای بینەران کوشت.

2. مێژووی شانۆ لە ئەەبیاتی کوردیدا ـ نووسینی فەرهاد پیرباڵ ـ 2001 ـ هەولێر.

3. شانۆو نوستالیژیا ـ کامەران سوبحان ـ گۆڤاری ئایندە ـ ژمارە 19.

4. مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا ـ فەرهاد پیرباڵ.

5. المسرح الأمریکی ـ ئ‌لان داونر.

6. جوینەوەی خورافەکانی ئەوسا ـ کامەران سوبحان ـ ئەدەب‌و هونەری کوردستانی نوێ ـ ژمارە 211 ـ 2001.

7. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە ئەحمەد میرزا ـ گەلاوێژی نوێ ـ ژمارە7.

8. سۆناتای تارمایی ـ نووسینی دانا رەئوف ـ سلێمانی ـ 2001.

9. کۆستیم فۆرمێکی ساکارو قۆناغێکی نوێ ـ گۆڤاری رەهەند ـ ژمارە 12و13.

10. کۆستیم فۆرمێکی ساکارو قۆناغێکی نوێ ـ گۆڤاری رەهەند ـ ژمارە 12و13.

11. المسرح وقرینە ـ نووسینی انتونان ئارتۆ.

12. بزووتنەوەی شانۆی هاوچەرخ ـ گۆڤاری سینەماو شانۆ ـ ژمارە 3 ـ 1998.

13. کۆستیم .. فۆرمێکی سادەو قۆناغێکی نوێ ـ رەهەند ـ ژمارە 12و13.

14. ئەدۆنیس .. کلام البدایات ـ دار الآداب ـ بیروت ـ 1989.

# بــەشی دووەم

# شـانـۆو نـوسـتـالـیـژیا



لەماوەی ئەم چەند ساڵەی پاش راپەڕین دا گوتاری میدیای کوردی قۆناغێکی تری بەخۆوە بینیوە، ئەم قۆناغەش بەڕادەیەك بووە زۆرێك لە ژانرە رۆشنبیری و فەرهەنگیەکان لێی سودمەند بوون.

دیارە لەگەڵ گۆڕانی گوتاری میدیای کوردی لە قۆناغێکی سادەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوی وا کە پێشکەوتووترین ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاو زانستی بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامو بانگەوازەکانی خۆی، لێرەوە هەموو مەوداکانی تری ڕۆشنبیری توانیان سود لە گوتاری میدیا ببینن چ لە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە تادەگاتە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ… هتد بەمەش بارودۆخێکی واخوڵقا کە زۆرێك لە کایە رۆشنبیریەکانمان توانیان تا ئەندازەیەکی باش لەسەردەمەکەی خۆیاندا بژین ،یان هەر هیچ نەبێت توانیان تەجاوزی قۆناغی پێش خۆیان بکەن، ئەو قۆناغە دەزگاکان زۆر سادەو کرچ و کاڵ بون،چونکە گەورەترین ئەشکالیەتی زۆربەی کایە رۆشنبیریەکانمان ئەوەبوو نەیان دەتوانی کوڕی سەردەمەکەی خۆیان بن، هەردەم لە ڕابوردی ئێستادا ژیانیان بەسەردەبرد، یان بەشێوازێکی تر، ڕابوردو خوازی بەردەوام وەك مۆتەیەکی کوشندە، هاوکێشەی پرۆژەکانی بە ئاقارێکی تردا دەبرد، هەر ئەمەش وای کردوە بەردەوام کارەکتەری ڕۆشنبیری ئێمە لە ڕابوردودا خەون بە ئایندە خوازییەوە ببینێت، بەمەش جگە لە مرۆڤێکی گەشبین و مرۆڤێکی بێ پرسیار هیچی تر بەرهەم نایەت و گەشبنیەکەشی هێندەی گەشبینیەکی عەفەوی و بێ باکیە هێندە گەشبینیەك نیە کە بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێگەیشتن ناوببرێت.

بۆ ئەوەی ئێمە لە هەنوکەدا قسە لەسەر بزاڤێکی ڕۆشنبیری بکەین لە شوێنێکدا کە هەمومان ئامادەیمان تێدا هەیە، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی

تەواو مەیدانی دەبێت، لەسەر ئاست و ئاراستەی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیریە چ لە ئێستادا و چ لە رابوردودا، پاشان وردبوونەوە لەکەسایەتی و ئاستی تێڕوانینی ئەو بزاڤە رۆشنبیریە. ئەوسا دەتوانین چوارچێوەکانی ئەو بزوتنەوە ڕۆشنبیریە دیاری بکەین و بتوانین بە ئاراستەی لێکۆڵینەوەکەمان ئیشی لەسەر بکەین.

بۆئەمەش پێویستمان بە هەڵتەکاندنەوەی هەموو پایەکانی ئەو کایە دەبێت، سەبارەت بە ناسینی کارەکتەری ئەو بزاڤەش دیسانەوە دەچینە بەردەم داهێنانی ئەو کاراکتەرانە، ئەوسا بەپێی ئاست و هۆشیاری هەریەکەیان لە قۆناغی خۆیاندا ئەتوانین ئەو بارودۆخە هونەرییە بخوێنینەوە کە ئەو هونەرمەندەو هونەرەکەی تێدابوە، بۆیە بە هەمان شێوازی پێشوو بە ناچاری ئێمە پێویستمان بە خوێندنەوەی گوتاری ڕابوردوی شانۆدەبێت بۆئەوەی بەوردی ئاراستەکانی دیاری بکەین، لەمەشەوە بەناچاری ڕوبەڕوی چەندین شێوازدەبین لە ئەزمون وکاری هونەریی ، ئەوسادەتوانین زانستیانە لەسەر ئەزمونی هونەریی خۆمان قسەبکەین ( بە هیوام ئەو خوێندنەوەی ئەو نمایشانە کە لەبەشەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا هەوڵێك بێت بۆ خوێندنەوەی ئەزمونە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتی شانۆییمان.)

گەر لەمکارەدا سەرکەوتوبوین من پێم وایە دەتوانین قسەی جدی وهونەریی لەسەر ئەو تەوژمەشانۆییە ناهونەرییانە بدوێین کە ئەمڕۆ سێبەری "داهێنان" یان کوشتووە؟؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کارانەش پێویستمان بەچەندین نوسین و لێکۆڵینەوە دەبێت، بەڵام دوادێڕی ئەم نوسینەی بەردەستمان دەمانگەیەنێتە شکڵێك لە جەدەلیەتی دیاری کردنی چەمکەکان و گەڵاڵە کردنی تێڕوانینێکی جیا بۆ ئەو کارانەی کە لەمێژوی

هونەریی ئێمەداکراوە، چونکە پرسیارکرن لەو فۆڕمە کارکردن ولەومێژوە لەکاری هونەریی وادەکات کە هەر کەسەو لەیادەوری خۆیدا وەڵامی بۆ دابنێت، ئێمەش خولیامانە پرسیار لە دوای ئەم نوسینە بوروژێنین نەك راستەوخۆ وەڵامەکان دیاریکەین. خۆ ئەگەر راستەوخۆ وەڵاممان خستە بەرچاو ئەوسا هەمان دەستەواژەی کۆنخوازی لە تێروانین و روئیادا دوبارە دەکەینەوە، گەیشتنە ئاڕاستەیەکیش لەم نوسینەدا دەمانگەیەنێتە قۆناغێکی باش بۆ قسەکردن لەو پرسیارانە چونکە لە ئەساسدا ئەم نوسینە لە بانێژەی ئەو پرسیارانەدا لەدایك بووە.

لەم تێڕوانینەوە دەبینین بارودۆخی شانۆو بزاڤی ڕۆشنبیری بەرەو هەڵتەکاندنەوەی دەستەواژەو چەمکەکان دەچێت، چونکە سروشتی جوڵەی شانۆیی لە بنەڕەتدا ئەم بارودۆخە دەخوازێت و بەردەوام شانۆ پێویستی بەو جیوەیییە هەیە لە گوتارو ئاڕاستەدا. هیچ شانۆیەك نییە لە دنیادا توشی پەرتەوازەیی و هارمۆنێتی ناتەبایی نەبوبێت لە ناوکایە ناو خۆییەکەیدا، عەرەبەکان لە مومارەسەکردنی شانۆدا باشترین نمونەن، ڕۆژانێك بوو هەموو رەخنەگرانی عەرەب شین و ڕۆرۆیان بۆ مەرگی شانۆ دەکردو پێیان وابوو دەبێت تەرمی شانۆ بنێژن "تائێستاش لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا ئەم جەدەلیەتی جیاوازیە بەردەوامەو زۆرجاریش وای لێدێت روبەری ڕۆژ نامە و گۆڤارە عەرەبیەکان پڕدەبن لە قسەو قسەلۆك گوایە نەوەیەك فریاد ڕەسی شانۆیەو نەوەیەکیش جەلادە بەسەر شانۆوە!!

بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی هەندێك لە شانۆکارانی عەرەبی دەیدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کەلتورو شارستانیەتی عەرەبی تەوزیفی ئەم چەمکانە بۆ شانۆبکەن، چونکە ئەم شانۆ کارانە پێیان وایە دەبێت وەزیفەی شانۆو

کەلتور بەیەك ڕێڕەودا بڕوات، هەوڵەکانی عبدالکریم برشید و عزالدین مەدەنی و عونی عبدالجبار و تەیب صدیقی ، ئەو هەوڵانەبون کە ئەو بانگەشەیەیان لە خۆگرتبوو، بەڵام لەلایەن چەندان دەنگ و گروپی تری شانۆکارەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە زانکۆو نێوەندە هونەرییەکانی ئەوروپا خوێندبویان ئەم هەوڵانەیان بەلاوازی گوتاری شانۆی عەرەبی ناو دەبرد و پێیان وابوو شانۆ پەیامێکی جیهانی هەیە و دەبێت بچوك نەکرێتەوە بۆ پەیامێکی ناوچەیی و نەتەوەیی"

عەرەبەکان ئەم هەوڵانەیان لەئەنجامی خۆ بەکەم زانینیان لە بەرامبەر ئەوروپاو خۆرئاوادا بوو کەسەرەتا ویستیان بگەڕێنەوە بۆ کەلتورو شارستانیەتی ئیسلامی پاشان ویستیان بگەڕێنەوە بۆ الف لیلە و لیلە... هتد بەڵام هەرگیز گوتاری شانۆ لە دنیادا نەتەوەیی نەبووە، چونکە ئەمڕۆ هێندەی شانۆی ئینگلیزی بە ناوی شکسپیرەوە دەناسرێت هێندە وەك شانۆی ئینگلیزی ناناسرێت

*(شانۆ و ڕوانینی نوێ/ داهێنان) دەمەتەقێ لەگەڵ فازل جاف گۆڤاری ڕامان2000.

هونەری شانۆ لە هەمووهونەرەکانی تر شاقوڵی ترچوەتە ناو کایە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە شێوازێکی واسەرەتای ئەم هونەرە لەمێژوی کورددا لە ئامێزی کایە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەڵقوڵاوەو بەهۆی قسەی نەستەق و وتوێژی دەم ئاگردان و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەری هەڵدا، شوێنی نمایش کردنەکانیش سەکۆی مزگەوتەکان و قوتابخانەو گازینۆو شوێنە گشتیەکان بووە، سەرەتای هاتنی ئەم هونەرەش بۆ کوردوستان بۆلای کورد بەهۆی چەند قوتابیەکی کوردەوە کە لە شارەکانی بەغداد هەڵساون

بەلاسایی کردنەوەی ئەو شانۆییانەی کە لە شارەکانی بەغداد و موسڵ و پێشکەشکراوە، پاشان لەگەڕانەوەیاندا بۆ شارە کوردنیشینەکان ئەم شانۆییانە یان پێشکەشکردوە، ئەمە یەکەمین ئاشنایەتی ئێمەی بینەری کوردە لەگەڵ شانۆدا

*( سەرچاوە "شانۆ و شانۆی کوردەواری نوسینی حسن تەنیا)

من لێرەدا نامەوێت هێڵێکی مێژوویی شانۆ درێژ بکەمەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکو ئێستا، ئەم بۆچونەی (م. حسن تەنیا)ش تەنها وەك نمونەیەك هێنایەوە، بەڵام چەندین سەرچاوەو نوسینی تریشم لە بەردەستدایە لەسەر سەرەتاکانی ئەم هونەرە لە کوردستاندا، بەڵام من هەروەك وتم مەبەستم نیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەم بوارەدا بکەم، ئەم باسە جێدێڵم بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان لەم بوارەدا سەرقاڵ کردوە..

کەواتە هاتنی شانۆ رێکەوتێکی سەیر بوە، ئەگەر ئەو کۆمەڵە قوتابیە نەبوایە ئەوا شانۆ نەدەگەیشتە لای ئێمە!!

هەر وەك چۆن ئێستا زۆر جار هەندێك بۆچون هەیە سەبارەت بەم ستایلە تازانە کە لە شانۆدا ئیشی پێدەکرێت، گوایە راستەوخۆ بەرهەمی مامۆستایانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدایە، کە کۆمەڵێك قوتابی کورد لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە ژێر کاریگەری ئەو مامۆستایانەیاندا ئاشنا بوون بەم میتۆدە تازانەو ئەوانیش لە گەڕانەوەیاندا بۆ سلێمانی و هەولێر و بون بە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەم پەتای ئیشە نوێیانەیان گەیاندە قوتابیەکان و ئەوانیش کەوتنە ژێر کاریگەری مامۆستایانیان، زۆر جاریش دەڵێن سێبەری د. صلاح قصب لەسەر ئەم ئیشانە دیارە!!

"دیارە بەکارهێنانی زاراوەی پەتا لەسەر زمانی ئەوانەوە بەکارم هێناوە ئەگینا من باوەڕم وانیە ئەم دیاردەیە پەتابێت" "ئەم بۆچونەش لە زۆر کۆڕو سیمیناری شانۆیی لەسلێمانی دەبیسترێت، ئەمە جگە لەوەی زۆرێك دەرهێنەرمان هەیە تۆمەتی ئەوەی ئەدەنە پاڵ کە ئەوئیشانەی کە لە بەغداد بینویەتی بەهەمان هێڵی دەرهێنان و نواندنەوە سلێمانی دوبارەیان کردۆتەوە، بەتایبەتی لەم بوارەدا ناوی کامەران رەئوف و شەماڵ عومەر" زۆر بەرگوێ دەکەوێت" هەر چۆنێك بێت لە هەنوکەدا گوتاری شانۆ بە پەرتەوازە ترین قۆناغدا تێدەپەڕێت، بەجۆرێکی وا قسەی بازاڕی و شەڕە جنێوو فەزایەکی فراوانیان لە روبەری بڵاوکراوەکانماندا داگیرکردوە. هەر شانۆکارە جوگرافیای شانۆکارە هاوڕێکەی خۆی لە شانۆدا ئەسڕێتەوە کەمنین وێنەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە ئێستای شانۆدا ببنە موشەخۆری شانۆو زۆرجاریش خۆیان بەڕابەرو پێشڕەوی ئەم هونەرە دەزانن!!

هەندێك جاریش پەیام و مانشێتی وابەرزدەکەنەوە لە پەیام و دروشمی جەنگاوەرو رابەرە سیاسیەکان دەچێت، ئەگەر سەیرێکی نەوەی هەشتاکانی شانۆبکەین زاراوەی شانۆی کوردی و شانۆی خۆماڵی یان بەرزکردبویەوە، تا وای لێهات خۆماڵی بویەدار دەست و گۆچانی کارمەندی تەمەڵ لە شانۆدا زۆر جار ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن بەناوی خۆشەویستی دەقی کوردییەوە و بەناوی نیشتمان پەروەریی یەوە دەکەونە زەلکاوی سادەیی، هەندێك جار تەنها لەبەر ئەوەی ئەو دەرهێنەرانە ناتوانن خۆیان لە قەرەی دەقی قوڵ بدەن ئەم بانگەشەیە دەکەن!!

یان لە دەقێ کەماناببەخشێ بۆیە پەنا بردنە بەر خۆماڵی و بەکارهێنانی شتی فۆلکلۆریو حیکایەتی کوردی و شتی لەو بابەتە دەبێتە ویردی

رۆژانە.ئیتر ئەمانە بێ ئاگان لەوەی دەبێت شانۆ پەنابەرێتە بەر تێکستی قوڵ و ئەدەبی قوڵ، شانۆ کاتێ شانۆیە کە ئەدەبی قوڵ بەرهەم بێنێ، شانۆ دەبێ لە ئەدەبی دەوڵەمەندەوە لە دایك ببێت هیچ شانۆییەکی باش لە ئەدەبی لاواز سەرهەڵنادات و پەیدا نابێت هەروەك چۆن شانۆییەکانی گریگ لە دەقەکانی سۆفۆکلیس و یۆربیدس و ئەسخیلۆس و ئەرستۆفانیس سەری هەڵداوە سەیری شانۆی ئەلیزابێس بکەی ئەو ناوانەی لەناو ئەو شانۆییەدا سەریان هەڵداوە (شکسپیر و تۆماس کی و بنجومس)بون سەیری کلاسیکی نوێی فەرەنسی بکەین (مۆرنێ و ڤاسیل و کۆرنا)ی دەبینین، ئەمانە هەموی ئەدەبی مەزن و قوڵ بون وەك مایر هۆڵد دەڵێت "شانۆی مەزن لە ئەدەبی مەزنەوە دروست دەبێت"

بۆیە زۆرجار هێندەی دایالۆگ و جەدەلی بێ مانا سەر هەڵدەدات خودی پرۆسێسە هونەرییەکە لە سەنتەر دەردەچێت و ئەوەی مەبەست و مینبەر نەبێت تەنها هونەرە!!

لەم کاتەدا جەنگێکی بێ مانا دەخوڵقێنن، لەملاشەوە کەسیان ئیزافەیەکیان بۆ سەر ڕەوتی شانۆنییە!! لەکاتێکدا ئەم بارودۆخەی شانۆی پێدا تێدەپەڕێت بەمردوترین قۆناغی مێژوویی دەژمێرێت..

کەسیان باکیان نییە لەم فەوزاو بەرهەمە ناشانۆییانەی کە هۆڵەکانیان ساڵانە بەسەر قوفلانە گرتووە، هەمو کەس کوێرە لە ئاستی ئەوەی ژمارەی ئەو شانۆییە جدیانەی کە لەماوەی چوار ساڵی رابوردو دا پێشکەشکراون بە پەنجەکانی دەست دەژمێرین!!

کەس پرسیاری لەوەنییە ئەم بێ دەنگییە کێ دروستی کردوە؟؟ کەس هەوڵی پرسیاری لە جەستەی ئەم وەستان و پەرتەوازیە نییە!!

هیچ کەس ئامادەیی نیيە بە جدی و بەڕاشکاوی قسە لەسەر ئەم بازرگانی و مەهزەلە شانۆییانە بکات، چونکە هەندێ لەپاڵەوانی ئەم شانۆییانە ڕابەران و بەناو پێشڕەوانی شانۆی کوردین..

لەگەڵ ئەوەشدا دەزگاکانی دەسەلاتی بەڕاشکاوی یارمەتی ئەم گروپانە دەدات چونکە بە بڕوای خۆیان دڵدانەوەی چەندین ساڵ شەونخونی ئەم بەناو شانۆکارانەیە!!

***( سەرچاوە"کامەران سوبحان (جوینەوە خورافەکانی ئەوسا/ ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (2295)**

لێرەوە و ئەم ساتەی شانۆ بەراورد بە قۆناغی شانۆ لە دەرەوەی ئێرە دەتوانین وێنەی ئەو ساتانە دەست نیشان بکەین کە شانۆی ئەمەریکی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی دا پێیدا تێپەڕیوە ئەگەر کۆمیدیا وەك چەمکێکی باڵای شانۆ سەیرکەین لای شانۆی ئەمەریکی زۆر جار وێنەی زیندوی ژیانی بەخشیوە،کۆمیدیا دەتوانین ناوی بەرین بە تێروانین و شێوازێکی تری مامەڵەکردن لەگەڵ هونەردا، واتە سەر لەنوێ دارشتنەوەی ژیان لەناو کایەو فەلسەفەی کۆمیدیادا، چونکە کۆمیدیا زیاتر دەتوانێت یادەوری بەرامبەر مەدهۆش کات.

شانۆی ئەمەریکی بە کۆمیدیا توانی تەوژمێکی ئاراستە جیاواز بداتە جوڵەی شانۆیی هەروەك دیارە هونەری شانۆ لە ئەمەریکادا لە چاو هونەرەکانی تردا کورت مەودایە، بەلام بەدەرکەوتنی شانۆی (برۆدوای) لە ئەمەریکاو لە پێش چەنگی جیهانی دووەم و دەرکەوتنی چەندین نووسەری بەناوبانگی وە لە ( تنسی ولیامز و ئارسەر میلەر و ئەدوارد ئەلبی) توانیان شانۆی ئەمەریکی بگەیەننە ئاستی هۆڵەکانی شانۆ لە ئەوروپا. ئەمە جگە لە

سیەکانی سەدەی بیست دا (مالکۆلم جۆلشتاین) لە ئەمەریکا توانی فورسایی شانۆی ئەمریکی زیاتر بە هێزکات و (بارناد هویت و چیدالد ویلز و جۆن جاسنر) بە ئاراستەیەکی جیادا توانیان گۆمی مەنگی شانۆی ئەمەریکی بشلەقێنن.

***( سەرچاوە: المسرح الأمریکی/ ئالان اس- داونر وەرگێڕانی محمد بدرالدین خلیل.)**

ئیش کردن لە شانۆی کۆمیدیادا لای ئێمە لەسەروی هەمو دەستەواژەکانەوەیە، چونکە ئەم جۆرە ئیش کردنانە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ناوی کۆمیدیای لێبێنین، چونکە کۆمیدیا هونەرێکی بالآیە و پێویستی بە پرۆسێسێکی زۆر وردتر و زانستی تر دەبێت. نەك هەرەمەکیو غەفەویەت کۆمەلێك ئەکتەر بخرێنە سەر تەختەی شانۆ و ڕستەی بازاڕی و شەرە جنێو بکەن ئەمە ناوبنێین کۆمیدیا.!!

بەهەر حالٚ سیستەمی بینینگەی شانۆی کۆمیدی لای بینەری ئێمە ئاوایە، خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی ئەو سیستەم و دەزگا بالآیەی شانۆ کە دەقە ئەوا هەرگیز لەم جۆرە ئیشانەدا ئامادەییان نىیە!!

ئەگەر دو ڕۆژ لەسەر یەك برۆیتەوە بۆ نمایشێك ئەوا چەندین دیالۆژو جولەی جیاواز لەو نمایشەدا دەبینیت کە لەودوڕۆژەدا پێشکەشکراوە، ئەگەر سەیری دەقەکانی نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی (مۆلێر) بکەین ئەوسا دەتوانین کۆمیدیای (فەرەنسی) ببینین و ئەو زمانەی مۆلێر بە فەرەنسی دەقێکی شانۆی کۆمیدی پیّ نوسیوە زمانێکی بالآیە چ لە ڕوی زمانەوانی و چ لە رووی واتا و ماناوە. بێگومان یەکێك لە بنەما سەرەکىیەکانی شانۆی کۆمیدیش بونی زمانە، مۆلێریش خاوەنی داهێنانێکی یەکجار گەورەیە لەم

بوارەدا و ئەدەبی فەڕەنسیش چەندان نوسەری وەك مۆلێری بەرهەم هێناوە، بەڵام تا هەنوکە لای ئێمە غیابی نوسەری کۆمیدیمان هەیەو زۆر جاریش شایەر و نوکتەبازەکان دەبنە پێشڕەوانی ئەم بوارە لە نوسینی دەقی شانۆی کۆمیدی!!.

لێرەوە هەردو چەمکی (تەباو ناتەبا) لە شانۆدا وەك دومینبەری دژ بەردەوام هەوڵی خۆنمایش کردن دەدەن، تەبایەك هەمو چەمك وواتاکان لەناو یەك سیستەم و پێوەری دیاردا کۆدەکاتەوەو تێڕوانینی گشتی و هێڵی سەرەکی گوتاری شانۆیی دیاری دەکات، بەشێوازێك بتوانێت خوێندنەوەی ناو دەزگای شانۆ لە هەمو ئاڕاستەکانەوە بهێنێتە ناو کەشە گشتییە باڵاکە کە ناودەبرێت بەروئیای شانۆیی، لێرەوە وەزیفەی شانۆ لەناوکایەی تەبادا بەتەنها وەزیفەی شانۆیە و دورە لە هەموبانگەشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دورە لە هەموو دروشمێکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، چونکە شانۆ تەنها هەڵگری پەیامی خۆیەتی کە پەیامی باڵای شانۆیەو گوتاری تەباش دەچێتە خزمەتی پرۆسەی ئینسانییەوە، لێرەوە بانگەشە بۆ دروشمی بەسەنتەر بونی ئینسان دەبێتە دوا بانگەشەی شانۆ لەناو چەمکی تەبادا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت شانۆ ببێتە هەڵگری گوتارێك لە دەرەوەی هەمو چرکەکانی ژیان خۆی نمایش کات، لەدەرەوەی هەموو جوڵە کۆمەڵایەتی و ژیانیەکان مومارەسەی بون بکات، بەڵام هەرگیز شانۆ نایەوێت لەناو (تەبادا) چارەسەری داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکات، چونکە ئەگەر ئەمە گوتاری شانۆ بوو ئەی لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان ئیشیان چی بێت؟؟ شانۆ نایەوێت هۆڵی شانۆکان بکاتە هەڵگیرسێنەری شۆڕش و خەباتی چەکداری.. ئەی ئەگەر وای کرد ئەوسا (شانۆکارو جەنگاوەر) یەك وەزیفەیان دەبێت، دوای جەنگی جیهانی

دووەم و گەشەسەندنی شانۆی هاوچەرخی فەرەنسی گوتاری شانۆ وایلێهات هێندە ئینسان خەمی سەرەکی بوو هێندە هیچ چەمکێکی تر بایەخی نەبوو هەر ئەمەشە وادەکات شانۆ گوتاری تەبا وەك گوتارێکی باڵا هەلگرێت و بیەوێت هەمو چەمکەکان لە چوارچێوەی ئەم واتایەدا کۆبکاتەوە، چونکە ئەوسا لێرەوە دەتوانرێت باس لە هەموو تێڕوانینەکانی تر بکرێت بۆ ماهیەتی شانۆ وەك مەودایەکی سەربەخۆی هونەر "لێرەدا مەبەست لەتێڕوانین و ستایلی ئیشکردنی شانۆکارانە بەپێی قۆناغ و ڕادەی تێگەیشتن لە شانۆ لەو سەردەمە، لە مێژووی شانۆدا چەندین بیریارو ڕەخنەگری شانۆیی تێروانینی جیاوزیان بۆ شانۆ هەبوە و هەریەکەیان بەپێی هۆشیاری خۆی روئیای بۆشانۆ هەبووە، هەر ئەمەشەوای کردوە تائێستا چەندین قوتابخانەی جۆراوجۆر لە هونەری شانۆدا ئامادەیی هەبێت..."

هەرچی گوتاری (ناتەبا) یە لە شانۆدا بەردەوام بەرهەم هێنەری ئاڕاستەیەکە کە شانۆ وەك کەینونەیەکی دیاری کراو تەوزیف کات، بەردەوام شانۆ وەك کردەیەکی هارمۆنی دەبینێت و دەیەوێت پەرچەکرداری شانۆ وەك کردەیەکی بچوك ببینێت، بەدرێژایی مێژوو هەر لەسەردەمی (گریك و رۆمان) تا دەگاتە چەرخی ناوەڕاست و سەردەمی شانۆ لە کەنیسە و تارێنیسانس و شانۆی هاوچەرخ بەردەوام سنورەکانی شانۆ خاوەن ئەم دو ئاڕاستە بون یان بەواتایەکی تر گوتاری شانۆ هەلگری دوالیزمەی "تەباو ناتەبا" بووە هەر ئەمەشە وادەکات بەردەوام دوهێزی هاو ئاڕاستە لەشانۆدا ئامادەیی هەبێت.

بون و ململانێی ئەو دوئاڕاستەیەش ماهیەتی شانۆدیاری دەکات، شانۆ هەردەم هەلگری دوالیزمەی "بون و نەبون" و "تەباو ناتەبا"یە بەمەش

پێکهاتەی نێوان دوهێزی هاودژە لە چرکەیەکی دیاری کراودا، ئەگەر لەدەقەکانی ولیەم شکسپیری نوسەری ئینگلیزیدا ململانێ و ئاراستە جیاوازەکان لابەرین هیچ شتێك نامێنێتەوە جگە لە بونی هەندێك ڕستەی زمانەوانی نەبێت، هەر ئەمەشەوای کردوە شکسپیر کوڕی هەموو سەردەمێك بێت.(لەوبەشەی خوێندنەوە بۆ شالیری شکسپیردەکەین بەدورو درێژی هەڵوێستە لەسەر ئەولایەنانەی شکسپیردەکەین ،بەهیوای ئەوەی خوێنەر لەوبەشەدا زیاتر لە ڕەهەندە قوڵەکانی شکسپیر وردببێتەوە)

هەمو ئەو شتانەی ناتەبایی لە گوتاری شانۆدا دروست دەکەن بونی پەرچەکرداره بۆ ئاراستەکردنی شانۆ بەدەر لە پەیامی شانۆ خۆی وەك دەزگایەکی ڕۆشنگەری سەربەخۆ، لەسەردەمی گەڕانەوەی شانۆ بۆ هۆڵی کەنیسە و بۆ سەردەمی مەسیحیەتی پڕ لە خورافەلە ئەوروپا شانۆ گەورەترین ناتەبایی بەخۆوە بینی بەشێوازێك ئاراستەکردنی گوتاری شانۆ هەر بەتەنها شانۆ نەبوو!! چونکە پیاوانی کەنیسە جارێکی تر بەپێی تێڕوانینی خۆیان هاتن شانۆیان وەك سەرجەم کایەکانی تر خستە ژێر گۆڕانکاری و هەڵتەکاندنەوە، تاوای لێهات دەبایە هەمو ئەو شانۆییانەی کە پێشکەشدەکرێت لە هۆڵی کەنیسەدا پێشکەش بکرێت و پێش وەخت دەقەکان لەلایەن پیاوانی کەنیسەوە ببینرێت، دەبایە دەقەکان ڕاستەوخۆ وێنەی دوەمی (ئینجیل) بێت و باسی بێگەردی ئاینی مەسیح بکات، لێرەوە گوتاری ناتەبا وەك کردەیەکی دیار خۆی دەردەخات و گوتاری شانۆش لە ئەوروپاو لەو سەردەمەدا جگە لە وێنەیەکی تەبشیری و سروتە خورافیەکانی پیاوانی کەنیسە زیاتر هیچی تر نەبوو.

***سەرچاوە: الوعی والفن/ گۆرگی گاتشفار/ ترجمە/ د. نۆفل نیوف.**

لێرەشەوە شانۆکاران بەشێوازێکی تر لەسەر تەرمی شانۆ دانیشتون و شین بۆ ئەو تەرمە دەکەن، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە شانۆی کوردی لە کوردستاندا لەنێوان دو ئاڕاستەدا پەرتەوازە بووە و مەرگی شانۆ لەوێوە دەست پێدەکات ، بەڵام مەرگ لەوساتە وەختەوە دەست پێ دەکات کە کائینەکانی شانۆ لێرە ناتوانن هیچ داهێنانێك پێشکەش بەو جوڵە شانۆییە بکەن، بەڵام لەولاشەوە خۆیان بەمیراتگری شانۆ دەزانن و نەوەیك خۆی بەخاوەن و بنەچەی شانۆ دەزانێت و پێی وایە ئەو یەکەم جار وەك پێغەمبەرێك پەیامی شانۆی گەیاندوەتە ئەم نیشتمانەو تادوا دڵۆپی خوێنیش ئامادەیی پارێزگاری کردنە لێی!!

ئەم نەوەیە پێیان وایە شانۆ لەوسادا بە چ چاوێك بینراوە ئێستاش بەهەمان چاو، ئەوسا بە چ زمانێك قسەکراوە ئێستاش بەهەمان زمان، ئەوسا بە چ میتۆدێك ئیش کراوە ئێستاش بەهەمان میتۆد، بێ ئاگان لەوەی ئەمرۆ گوتاری شانۆو ئیشکردنی شانۆ بە شێوازێك گۆڕاوە کە ناکرێت پێوەرەکان تەنها لەسەر ئاستی مێژویی و کلتوریی بپێوین ،لە هەمان کاتیشدا ناکرێت مافی هەموشتێك لەو کەسانەش بسەنینەوە کە بەم شێوەیە یان بە تیۆرێکی تەقلیدی بیردەکەنەوە ، بەڵکو دەبێت مەعریفەو هۆشیاری بنەمای هەمو گفتوگۆیەکمان بێت ، بەدەر لە هەمو دروشم و دروشم بازیەك ، بەداخەوە ئەمرۆ یەکێکە لە سیما دیارەکانی ڕەوتی هونەریمان..

هەر ئەمەشە وای کردوە بە ڕاشکاوانە هەست بە بونی دونەوە لە فەزای شانۆدا بکەین دونەوە جیاواز لە هەمو تێڕوانین و ئیشکردنێك.: لێرەو لەڕەوتی شانۆییمان شانۆکاران کەرت بون بۆ دوبەش، بەشێکیان لە حەفتاکاندا گەیشتنە ئاستێك و لەو ئاستەدا چەقین و بەرەو پێشەوە نارۆنو

هۆی ئەمەش زۆرە لەوانە تەمەن و ژیانیان لەم کۆمەلگە داخراوەداو ژان و هەژانی شەڕو نەهامەتی و دەربەدەری کێشە قورسەکانی رۆژانەو نەبونی سەفەرو نەهاتنەناوەوەی شتی نوێ، بەشێکی ئەم نەوەیە چەقیون و وازیان لە شانۆ هێناوە هەشیانە لەسەر هەمان رێبازو ستایلی شێواو کار دەکات کە سواوەو رزیوە،

بەشی دووەم بە بۆچونی د.فازل جاف کەمن لەگەڵیدانیم وڕەنگە پێچەوانەی ئەویش بیردەکەمەوە کەئەودەڵێت:(گەنجەکان ،سادەو هەڵە وڕن، وەچەیەکن زۆر ئیدعا دەکەن و ڕۆشنبیری یان نیەو خۆی دروست نەکردوە، کاکڵە نەبون و ناوبەکاردەهێنن باسی جۆرەکانی ئەزمونگەری دەکەن بێ ئەوەی لە قوتابخانەیەکی شانۆ تێگەیشتبن، بێ ئەوەی سەرچاوەیەکی خوێندنەوەی باشی هەبێت، بێ ئەوەی زمانی پتەو بزانێ پێی بخوێنێتەوە، وە چەیەکە لە وتارێکدا سەد ناو دادەنێ بێ ئەوەی لە هیچیان شارەزابێت.))

**( سەرچاوە د. فازل جاف/ شانۆ - روانینی نوێ- داهێنان) دەمە تەقێیەکی بەرفراوان).**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم هەرگیز پۆلین کردنی من بۆ شانۆکار بەپێی ئاستی تەمەن و پیریەتی و گەنجێتی نیە.

چونکە ئەگەر ئاستی شانۆیی بون و شانۆیی نەبون بە تەمەنی ژیان لەناو شانۆدا لێك بدەینەوە و چەند ساڵە ئەم یان ئەو لە شانۆدا ماوەتەوە، ئەوا ئەم پۆلین کردنە پۆلینێکی سەربازیە ،چونکە بە تەنها لە سەربازیدا خزمەت و کۆنی و تازەیی حسابی بۆ دەکرێت لەگەڵ موچە خۆری و کارمەندی دەوڵەت!! بەڵام لەشانۆدا داهێنان و بەرهەم حسابی بۆ دەکرێت بەرهەم جدی نەك زۆری و بۆری!! چونکە هەیە بەقسەی خۆی نیو سەدەیە لە شانۆدایە

بەڵام نازانێت بۆ ئیش دەکات.. ئەمە ناوبنێین چی؟؟ بەڵام هەشە بەردەوام لەسەر تەختەی شانۆ گەنجەو بەردەوام لە پرۆژەی شانۆیی دا ئامادەیی هەیە....

کەس دەتوانێت بڵێت فازل جاف پیر بوەو نابێت شانۆ بکات؟؟ نەخێر چونکە بەردەوام بە نوسین و مەشق و دەرهێنان ئامادەیی هەیە. بەهەمان شێوەش لەناو گەنجەکانیش دا ئەم پۆلین کردنە هەیە، تێیاندایە زۆر هۆشیارو چالاکە هەشیانە خاووی ناچالاکە، تێیاندایە رۆشنبیرو خوێندەوارە هەشیانە نەخوێندەوارو جاهیلە!! کەواتە نەدەبایە د. فازل ئەم نەوە تازەیە بەهەڵەو رو نەخوێندەوار ناو ببردایە چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ ئامادەییەکی بەرفراوانیان لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا هەیە، سەیرێکی ڕوبەری رۆژنامەو گۆڤارەکان بکەین زۆرترین گەنج ئامادەیی هەیە بە نوسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان لەسەر شانۆ!! ئەمە جگە لەوەی لەزۆربەی ئەو شانۆییە جدیانەی بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە پێشکەشکراون رەگەزی گەنج رەگەزێکی باڵابوە تێیاندا.

بەڵام بە ئاڕاستەیەکی تریش دا دەتوانین هەست بە بونی نەوەیەکی ئێکسپایەر بکەین کە رۆژانە شانۆی کوردی وەك کارگەیەك ئەم نەوەیە بەرهەم دێنێ، ئەو نەوەیەی کە ناتوانن لەدەرەوەی خۆیانەوە هیچی تربببینن، نوستالیژیەکانی شانۆی ئێمە هەر رۆژەی لە ژێر دەوارێکی روخاودا هێرش بۆ شکاندنی پەنجەرەی ماڵە تازەکان دێنن، بەڵام ئەوان بێ ئاگان لەوەی کە هەندێ کەس چەندین ساڵە مردوە و لێبوەتەوە، بەڵام ئەوان هەر بەردەوامن لەسەر ئەوەی کە بانگەشەی ئەوە بکەن دەبێت ئێمە پێشڕەو ئێمە باوك و ئێمەی میری ئەم کۆمارەبین!!

"ئەخوازم ئیتر لەسەر ئەم نەوەیە نەڕۆم وابزانم لەسەرەتای ئەم نوسینەدا زۆرم لەسەر وتن و هەمو ژورە تاریکەکانیانم بۆ خەڵك روناك کردەوە وابزانم ئەمەندە هەڵدەگرن و پێویست بەوە ناکات زیاتر لەسەریان بڕۆین"چونکە چەند بارەی دەکەمەوە پێوەری داهێنان بە تەمەن نیەو لەناوئەونەوەیەی ڕابوردوماندا چەندین دەنگی نوێ و ئەزمونگەرو داهێنەر هەیە نەك من بەڵکو هیچ کەس ناتوانێت بونی پەراوێزخات ، بەهیوام ئەم پەرەگرافانەی ڕابوردوم هێندەی گفتوگۆیەکی جدی بوبێت لەسەر شانۆ ،هێندە ئازار دانی خەڵکی نەبوبێت...

لەلایەکی تریش ئەوەی زەمەنێکە لەناو کایە رۆشنبیریەکانماندا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە بەردەوام بەقەد فراوان بونی بەناو دەزگا مەدەنی و رێکخراوە پیشەیی‌یەکاندا هەوڵی ئەوە هەیە هەرکایەیەك بۆ خۆی شانۆ بکاتە پارێزەری خەون و ئاواتەکانی، ئەوە تاکۆمەڵێك پێیان وایە تەنها بەهۆی شانۆوە دەتوانین مافی ئافرەتان و ژنان بەدەست بێنین و چەندان شانۆکاریشمان هەیە پێیان وایە شانۆ پڕە لەو شمشێرانەی کە دەتوانین دوژمنان و مافخۆرانی ئافرەتانی پێ بکوژین!! پێیان وایە بەهۆی شانۆوە دەتوانن مافەکانی (مێ)ینەی کورد بەدەست بێنن، کە باس لەم دیاردەیشە دێتە ناوەوە راستەوخۆ بازدەدەن بۆ دەقی (ماڵی بوکەشوشە)ی نوسەری نەرویجی (هنریك ئەپسن) و پێیان وایە چۆن کارەکتەری (نورا) لە هەموداب و نەریتە باوەکان یاخی بوو پاش خۆی شۆڕشی بەرپا کردو مافی دارایی ئافرەتی بەدەست هێنا، ئەمانیش لە کوردستاندا دەتوانن وەك (نورا) بکەن!! بەڕاستی ئەم تێڕوانینە تەواو تێڕوانینێکی جاهیلانەیە بۆ شانۆو بۆ گوتاری شانۆیی!!


(هنريك ئەپسن) لە (ماڵی بوکە شوشەدا) زیرەکانە باس لە نورا دەکات بەزمانێك باسی دەکات دورە لە زمانی پڕوپاگەندەیی، ئەسپن باس لە نورا دەکات وەك کائینێکی ماف خوراو بەڵام بە لۆژيك و میتۆدی زانستی نەك بەو شعاراتانەی لای ئێمە باوە، ئەمە جگە لە هەموو چینەکانی تریش دەیانەوێت لەناو شانۆدا دروشمە شۆڕشگێڕیەکانی خۆیان پەرەپێبدەن، کۆتایی هەشتاکان ئاڕاستەیەکی تەواو زاڵ لە شانۆی کوردیدا ئیشی دەکرد پێی وابوو دەبێت شانۆ تەنها و تەنها لە خزمەتی چینی کرێکاردا بێت بۆیە ئەگەر سەیرێکی ئەو قۆناغەی شانۆی کوردی بکەین دەبینین زۆربەی ئەو دەقە شانۆییانەی کە پێشکەش دەکران ڕۆحێکی شۆڕشگێڕی و هەستێکی چینایەتییان پێدابوو بەمەش دەقەکانی (مەکسیم گۆرکی) چەندان جار لەلایەن شانۆکارانەوە پێشکەش دەکران، یان دەقی (برتۆلد برێخت)ی ئەڵمانی و میتۆدی ئیشکردنی برێخت لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ئیشی زۆر تێدا دەکرا، چونکە باسی مەسەلەی چینایەتی دەکرد. بۆیە بەردەوام شانۆکارانی ئێمە وایان بینیوە شانۆ دەزگایەکی خاڵی کەرەوەیە لە هەموشت... وای بینیوە ناتوانێت بەئاشکرا بانگەشەی ئازادی بکات... ناتوانێ بانگەشەی سەربەستی و شۆڕش بکات، بەڵام کۆبونەوەی هەمو ئەمانە لە ناو ناخیدا بورکانێکیان لەسەر تەختەی شانۆ دروست دەکرد و بینەرانیش بە هەمان شێوە لە هاتنیاندا بۆ شانۆییەکان بەو ڕۆحیەتەوە هاتوون پاکژ بنەوە لە هەموو ئەو رق و کینەیەی کە لەناخیاندا هەبوە، لەگەڵ بینینی شانۆییەکان ئەم ڕۆحیەتە زیاتر بوەو زۆر جاریش پێکدادان لەنێوان سەربازانی رژێم و بینەران دوای تەواو بونی نمایشەکان دروست دەبوو بەڵام هەمو ئەم ئیشکردنانە بەسەر چوو، زوژاکان. چونکە لۆژیکی ئاڕاستەکردنیان لاوازبوو!!

بینەری کوردی دوای ڕاپەڕین هەستی کرد هەمو  ئەو دروشمانەی کە لە هۆڵەکانەوە بیستی و بینی ئێستا بە دەست هاتووە، ئەی پێویستە کاری لەمەودوای چی بێت؟؟

بینەرانی راستەقینەی ئێستا شتێکی ئەوێت بەدەر لە شتە بێزراو بینراوەکان، شانۆکارانیش بەهەمان ئاڕاستەی رابوردو پێش راپەڕین دەیانەوێت ئیش بکەن جگە لە هەندێك هەوڵی کەم و جدی نەبێت.

لێرەوە بۆشایی نێوان (شانۆکار/ بینەر) دروست دەبێت و بەردەوامیش شانۆکار بە ئاڕاستەیەك ئیش دەکات و بینەرانیش بەئاڕاستەیەك بیردەکەنەوە، پێم وایە گەڕان بەدوای ئەم بۆشاییەدا دەتوانین بگەینە مانفێستێکی تازە کە سەر لەنوێ گوتاری شانۆ بەئاڕاستەیەکی تر ببات... سەر لەنوێ دەتوانین بەشێوازێکی تر بینەران بانگێشتی هۆڵەکان بکەینەوە، نابێت ئینکاری هەوڵی لەم جۆرەش بکەین. بۆیە هەندێك جار هەوڵی جدی لەم بارەیەوە دەدرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو رایەڵەی کە دەکەوێتە نێوان (شانۆکار/ بینەر)، بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت لێکگەیشتنێك هەبێت لەنێوان شانۆو بینەردا .

نیسانی 2001



بەدیعە دارتاش



فازل جاف





# بــەشی سێیەم

# شانۆ لەبەردەم مەرگی مانادا



ئەوەی لەم بەشەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم بابەتێکی گەرماوگەرمی پانتایی شانۆیە لە هەنوکەدا، بابەتێکە لەوەدەچێت ڕۆژانە چەندەها جار قسەمان لەسەر کردبێتو پەنجە نومامان بۆ راکێشابێت، بەڵام تا ئێستا وەك لێکۆڵینەوەیەکی جدی سەیر نەکراوە، بۆیە دەخوازم ئەم بەشەی ئەم کتێبە بە ئاراستەی بەشەکانی تربتوانێت هەرهیچ نەبێت گوزارشتێکی واقیعیانە لەسەربزاڤی شانۆیی کەبە چ شێوازو فۆرمێك لای ئێمە ئیشی لەسەرکراوە ،

بۆیە لەوەدەچێت لە هەندێ شوێنو لەهەندێ پەرەگرافدا دەستەواژەی سەیر ببینن و پرسیارتان لا دروست کات،کە دواجار هەمو ئەوشتانە مەرگێکمان پیشان ئەدەن کە مەرگی مانایە، مانا بە هەمو ڕەهەندو فەنتازیای تایبەتی خۆیەوە ،بەو جۆرەی هەوڵەکانمان نەبونی مانا پێش هەموشتێك دەیکوژێت، هەرئەمەشە بەردەوام ئێمە لەگوتاری شانۆییماندا وێڵی داتاشینی ماناین ،چونکە مانا و ونبونی تەفسیرێکی قوڵی غەیبانی هەیەو زۆرجاریش پێویستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ تێڕوانینی( گریك ) ەکان بۆ ئەم هونەرە، بەڵام بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم تێڕوانین وبۆچونەکان لەسەر ئەم بەشە تەنها هەرئەمەندە دەڵێم ئەم بەشە لەو چەند بەشەیتری کتێبەکە زیاتر لەئێستاو ڕابوردوی شانۆی کوردی ئەدوێت، بۆیە دەستەواژەوڕستەکان زۆرخاکیانەو ئێرەییانە خراونەتە ڕوو بەشێوازێك ڕەنگە زۆر لەشانۆکاران هەمان بۆچون و گفتوگۆوجەدەلیان هەبێت بەڵام لەشوێن و کاتی جودادا، ئەم حاڵەتەش هەوڵێکە بۆ قسەکردنی خۆمان لەسەرئێستاو ڕابوردوی خۆمان بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت بتوانین لەخۆمان بدوێین،پێم وایە هەرکەس و بزافێك لە سەرەتایترین حاڵەتدا نەتوانێت

لەخۆی بگات وخۆی پێناسەبکات، مەحاڵە گرفتی ئەو کردە هونەرییەشی بۆ بدۆزرێتەوە...

بۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەتایبەتی لەدوای راپەرینەوە زۆرێك لە زاراوە فەرهەنگی و سیاسیەکان لە شوێنی جیاواز و بابەتی جیاوازدا بەکارهاتن هەندێ جار ئەم زاراوانەش بەتەواوەتی مافی خۆی نەدراوەتێ وە دادەڕندرێ لەهەموو مانایەك گەر یەکێك لەو زاراوانەش وەرگرین کە ڕەنگە ڕۆژانە لە هەمو کایە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا زیادلەجارێك بەکاردێت زاراوەی (قەیران)ە.

ئەم زاراوەیە و هەندێ زاراوەی تریش بە بێ هیچ هۆشیاریەك ڕەنگە ڕۆژانە چەندین جار بە مەبەست و بێ مەبەست بەکار بهێنرێن ، ئەمەش وای کردوە زۆرێك لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان بەتایبەتی ئەوەی لەبواری ڕۆشنبیری هونەرییدا ئیشدەکات بەردەوام تەوەرلەسەر ئەم زاراوەی گرفتە بکەنەوە لەوانە بۆنمونە بۆ قەیرانی شانۆی کوردی و قەیرانی شیعری کوردی وقەیرانی مۆزیکی کوردی وهتد... !! ئەمانە هەموو بەلایەكو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین شانۆیە بوارەکانی تری جێدەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆر لە بوارەکەدا.

سەرەتا زاراوەی قەیران زاراوەیەکی زانستیەوتایبەتە بەزانستی پزیشکی و چۆنیەتی ڕودانی حاڵەتێك لە نەخۆشێکدا یان لە جەستەی مرۆڤێکدا دواتر قەیران لە هەناوی ئەو زانستەداپەیدابوەو گەشەی کردوە، مێژوویەکی درێژی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنانو هاتنە نێو فەزای ڕۆشنبیریی‌و هونەریی‌یەوە لێرەدا دەرفەتی ئەو بوارە نی‌یە لەکاتی خۆی باسی لێوە دەکەین، هەموو جارێ ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم بەڵام ئەو

زاراوەی قەیرانە بۆچی راستەوخۆ دوای راپەرین رووبەرووی شانۆ بوەوە سەرەتا دەبێت ئەو بروایەمان باش بۆ دروست ببێت ئێمە کاتێك چەمکێکی هونەریو رۆشنبیری زاراوەی قەیرانی رووبەروو دەکەینەوە کە ئەو مەوداو هونەریە خۆی ئامادەبوونێکیجدی وگرنگی هەبووبێت، بەڵام ئایا شانۆی کوردی بەجدی لە پێش ڕاپەریندا یان لە هەنوکەدا ئەو ئامادەییەی هەیە؟ئایا شانۆ تا ئێستا توانیوەتی وەك هونەرێك ببێت بە بەشێك لە پێداویستیە ڕۆشنبیریەکانی تاکی کوردی؟ ئایا تا ئێستا شانۆ لەلای ئێمە هونەرێکی ئیستاتیکی و جوانکاری وایە کە بینەرێکی هۆشیار بە حەماسەوە بەدوای بلیتی نمایش و بەدوای شوێنی نمایشدا وێڵ بێت؟؟ بێگومان نەخێر!!

لەبەر هەمو ئەم ئەگەرو گومانانە ئێمە ڕەنگە مەنهەجی نەبین لە خۆمان و هەر لەعەففەوی باس لە قەیرانی شانۆ بکەین ،من هەست دەکەم ئەم حاڵەتە پەیوەستە بەیادەوەری نەوەیەکی بەرفراوان وگەورە لە هونەر کەناتوانین بەقەیران چارەسەری بۆ بدۆزینەوە،بەدەر لەمەش تا ئێستاش شانۆ لای ئێمە خاوەن دونیایەك گرفتی گەورەو جەوهەریە لەوانە گرفتی (بیناسازی شانۆیی ،گرفتی هۆشیاریی شانۆی ، گرفتی بینین وتێڕوانین بۆ شانۆ .....هتد) ئەمە جگە لەوەی تا هەنووکە شانۆلای ئێمەنەیتوانیوە ببێتە خاوەن ستایلو تایبەتمەندێتیخۆی وئاراستەکانی بۆ بینەر دیارو ئاشکرا بێت، هەروەك چۆن دەتوانیت سیماکانی شانۆی ئیسپانی یا شانۆی ئەمریکی یا شانۆی ئیرلەندی دیاری بکەین ئەمەش بێگومان جارێکی تر دەمانگێڕێتەوە بۆگرفتەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە کە گرفتی ناسنامەیە کە هەرکەسێك دیدو تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆناسنامە ، ڕەنگە

کەسیش هەبێت ناسنامە بە چەقبەستن وخۆ لە قاڵبدان بزانێت ، بەڵام ناشکرێت ئەوتایبەتمەندیانە لە شانۆی میلەتاندا هەست پێنەکەین کە هەریەکەیان بۆخۆی تایبەتمەندی جیاوازو تایبەتی هەیە ئەمە جگەلەوەیکە هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاوازوچەندین هۆکاری هونەریی وئەدەبی و زانستی ڕۆڵی هەبووە لە خولقاندنی ئەو کەش و تایبەتمەندیەدا.

لە بەرئەو حاڵەتانەش لە ئێستاو ڕابوردوی شانۆی ئێمەدا هیچ قۆناغێك شانۆ لای ئێمە نەبوەتە هونەرێکی مۆدێرن بالاّ تا قەیران ڕوبەڕوی بوبێتەوە، ئێمە ئینکاری چەند کەس وچەند هەوڵێك ناکەین بەڵام بەتەنهاش ئەم هەوڵ وکەسانە ناتوانن سیمای شانۆیەك یان هەرهیچ نەبێت سیماگشتیەکانی دیاری بکەن کەواتە قەیران ڕوبوڕووی دیاردەیەك نابێتەوە کە ئەو دیاردەیە لەوەو پێش نەبووبێت یان لە بارێکی زۆر ناتەندروست ولاوازدابێت لە هەمانکاتیشدا قەیران خۆی چیە جگە لەودیاردەو حاڵەتە ساتە وەختیەیە کە دەبێتە هۆی مەلەلو وەستانی بوارێك لە بوارە زانستیو فەرهەنگیو سیاسیەکان.

ڕۆژانە چەند جار ئەم پرسیارانە ڕوبەرووی شانۆکاران دەبنەوە ڕەنگە شانۆکارانیش لە بچوکترین وەڵامدا رەخنە ئاڕاستەی باری سیایو ئابوریو ... تاد.. بکەنەوە، بەڵام بەدەر لەهەموو ئەم رووپامایيو دەمامك پۆشینە ئەگەر پرسیارێکی جدی بوروژێنینو بڵێین شانۆ بۆ بینەری نەما؟کە رەنگە ئەمەنزیکمان بخاتەوە لە و تەوەرەیەی کەدەمانەوێت لەبارەیەوەبدوێین، پێشم وایە لەم ڕووبەڕوبونەوە بچوکەدا ناتوانێت وەڵامی پرسیارێکی وا گەورە بدرێتەوە بەڵکو دەکرێت لە داهاتوودا بە وردی و بەرفراوانی لێدوانی

تایبەتی لەسەر بکرێت ، کە بەدەرەجەی سەرەکیش ئەمە ئیشی ناوەندە هونەریی و دەزگاتایبەتەکانە بەکاری شانۆیی چونکە سەیرە کەلە ڤستیڤاڵێکی شانۆیی ئێستاماندا ژمارەی بینەران ناگاتە ژمارەی کورسیەکانی ناو هۆڵەکە، بەڵام شانۆییەکی قۆشمەی بازاڕی کە ناوی کۆمیدیای لێنراوە بەردەوام نمایش دەکرێت ، ساڵانێك لەمەوبەر لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ژمارەی بینەرانی هێندە زۆربوون لەدەرەوەی هۆڵیشدا جێیان نەدەبوویەوە کەچی ئەم ساڵانەی دوایی تەواو پێچەوانەبوو ، بینەرێکی زۆر دیاری کراو ،لەهۆلێکی بچوك نمایشەکان دەکران!!

دەکرێت بپرسین ئەم لێکدابڕانەی نێوان بینەرو شانۆ لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی شانۆییەکی قۆشمەی بازاری کە زۆر بە کەمی رەگەزە هونەرەیەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت هەزارەها بینەر لە خۆی کۆدەکاتەوەو خەڵکی بە شەوقەوە ریزی بۆ دەگرن؟! دیارە بەکارهێنانی زاراوەی شانۆی قۆشمەو بازاری لەبری شانۆی کۆمیدیی‌لەم بەشەی کتێبەکەدا کردەیەکی عەفەوی نیيە بەقەدەر ئەوەی چۆن ئەو نمایشانە تەواو دوورن لە شانۆی کۆمیدیەوە و هیچ بنەمایەکی کۆمیدیایان تێدا نیيە بۆیە لە هەنوکەدا قسەکردن لە گرفتە باڵاکانی گوتاری شانۆیی لێرە کردەیەکی سایکۆلۆژیو ئەنتۆلۆژیيە نەك هەندێك پێیان وایە کاریگەری بارودۆخی ڕامیاریو ئابوری ئەو کەشە گشتیەی خولقاندووە پێم وایە ئەمە بەشێکی زۆر بچووکی گرفتە باڵاکەیە بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە پێش ڕاپەرین شانۆ بینەری هەبووەو بەڵام ئێستا بینەری نەماوە، بۆ نموونە باباس لەو کردە سایکۆلۆژیيە بکەین کە لە یادەوەری شانۆکاری کوردا نەخشاوە، لەپێش ڕاپەرینەوە کە زۆر جار لە نمایش کردنی دەقە

شانۆییەکاندا هەوڵ دراوە ئەو دەقە شانۆییە هەڵبژێررێت کە خەونی پاڵەوانەکانیان لە خەونی تاکی کوردیەوە نزیك بێت یان کێشەو گرفتی شانۆییەکان هەمان گرفتی کۆمەڵگای کوردی بێت وەك نمایشکردنی دەقی (دوژمنی گەل)ی هنریك ئەپسن یان (مەلیك لیر)ی شکسپیر یان شانۆییە سیاسیەکانی (برێخت) ئەمە جگە لەو دەقە شانۆییانەی کە ڕاستەوخۆ پاڵەوانەکانیان باسیان لە ئازارو نەهامەتیەکانی کورد دەکردیان ئەو دەقە مێژوییانەی کەجارێکی تر نالی و مامەیارەو حەمدی ساحێب قڕان و پیرەمێردی ئەهێنایەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ ئەم حاڵەتانەش زیاتر ئەحمەد سالارئیشی لەسەر دەکردو ئەزمونەکانیشی لەو بوارەدا زۆرن، ئەم حاڵەتانەش وایان کرد کە بینەر لەکاتی نمایشەکاندا خەون بە ئازادیەوە ببینێتو بەشالاوێکی زۆر عەفەویانە ڕوو لە هۆڵەکانی شانۆ بکات،بەلام دوای ڕاپەرین و گەشتن بە و ئازادیەو بەدیهاتنیبەشێك لەو خەونانە کە دوا وێستگەی خەونی شانۆکاریش بوو، ئەم دیاردەیە وێنەی پشکۆ خامۆش بوو تەنانەت باسکردنی ئەو حاڵەتانە ئیدی بینەری تووشی خورپە نەدەکرد،هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئاڕاستەی شانۆ بۆ بینەری کوردی تەواو ئاڕاستەیەکی هەڕەمەکیانە بوو بەوبەڵگەیەی ئەگەر ئەو سەردەمانە ئیشیناجدیش بکرایە بەلام تەنیا دایلۆگەکان باسی چەوسانەوەی تێدا بوایە هەزارەها کەس بۆ ئەو نمایشە لەکەشو هەوایەکی مەترسیداریش بوایە ڕێچکەیان دەبەست،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم حاڵەتی لێشاوەی بینەر حاڵەتێکی سایکۆلۆژیو نەستیانە بووە لە هزری بینەری کوردیدا، نەك حاڵەتێکی هۆشیاری هونەریی (دیارە ئەم دەستەواژەیەمان ئەو بینەرە هوشیارانە ناگرێتەوە کە هەردەم خەونیان بە بینینی شانۆییەکی

سەرکەوتووە بینیوە) بۆیە چۆڵ بوونی هۆڵەکان لە ئێستاماندا دیسان هاوکێشەکان دەباتەوە سەرەتاکانی ئەم بزووتنەوە شانۆییە ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەمرۆ تەوژمێکی تازەی شانۆکارە لاوەکان دەبینرێت کە ئاڕاستەی ئیشکردنیان تەواو پێچەوانەی ئەو ئاڕاستە باوانەیە کە لە پانتایی شانۆی کوردیدا ئیشی پێ کراوە، زۆرجاریش گوتاری بەرهەم هێنانی شانۆیی لە هۆشیاریی بینەری کوردا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە جەستەی نوخبەدا ئیشناکەن، چونکە با شانۆش هونەرێکی زۆر جەماوەری بێت بەلاَم لە هەمانکاتدا پێویستت بە دەستەبژێرێك دەبێت بۆئەوەی بتوانین ئەم هونەرەوەك زۆر لەهونەرەکانی تر تایبەتمەندی وبنەمای خۆی لەدەست نەدات. هەروەك چۆن زۆرێك لەبوارە فەرهەنگیەکانی تریش ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتووە، دەبێت ئەوەش بڵێین زۆرجار دەزگا رۆشنبیریەکان بەرپرسن لە خولقاندنی ئەزموونی ناشانۆ بەتایەبتی ئەو شانۆیانەی بەناوی کۆمیدیاوە زۆرجار لەلایەن بەرپرسانەوە پشتگیریی تەواویان لێدەکرێت، بەلاَم لە ڕەهەندێکی ترەوە شانۆکاری ئیشکەرو داهێنەریش چەندین رۆژ لە هۆڵێکدا راهێنانو پرۆڤە دەکات کەچی زۆر ئاسانکاری بۆ ناکرێت و پشگیری پێویست ناکرێت!!

لەبارێکیتردا بینینو چاودێری کردنی شانۆییەکی ئاڕاستە دژواری تر کە خۆی لە کۆمەڵێك جوڵەی ئەکرۆپاتیکیدا دەبینێتەوە کە هەندێ جار شانۆکاریش خۆی نازانێ چۆن هاتووەو بۆچی وا دەکات تەواوبەدحاڵی بوون دەخولقێنێت و کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر غیابی بینەرو چۆڵ بوونی هۆڵەکان.

ئەمە جگە لەو پێشکەوتنە لەبەرچاوەی تەکنۆلۆژیاو ئامێرە پیشەسازیەکان لە جیهاندا لە روویەکەوە حاڵەتی نێگەتیڤی هەیەو لە روویەی ترەوە پۆزەتیڤ، دەبێت ئەو شانۆکارانەی باس لە قەیرانی شانۆ دەکەن لە هەنووکەی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەم حاڵەتانە بخوێننەوە نەك هەرئەو ڕستە باوانەی کە کردوویانە بە ویردی سەر زمانیان و دەڵێن شانۆی بەر لە راپەرین کاریگەرتر بووە، بڵێنەوە ، چونکە ئەم شێوازە لە گفتوگۆ هیچ مەبەست و ئامانجێك بە دەست نایەنێت..

پێم وایە ئەم ڕستانەش جگەلە ناهوشیاریەکی تەواو هیچی تر نییە و بەدەرە لە هەموو ئاگایی و هوشیاریەك، زۆرجاریش بێبوونی هیچ میتۆدو زانستو گوتارێك ئەم ڕستانە فڕێ دەدرێت.

(عەبدوڵڵا عروی) بیرياری گەورەی عەرەب وا پێناسەی گوتار دەکات کە سەرجەم ئەم میتۆدو بنەما زانستیانەیە کە لێکۆڵەرەوە یان ڕۆشنبیرێك لە پرۆژەیەکی هونەریدا پێشکەشی بەرامبەرەکەی دەکات،)

هیچ پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریش بێ بوونی گوتار نا توانێت کاریگەری گرنگی لەسەر بەرامبەر هەبێت شانۆش وەك هەر کردەیەکی دیکەی هونەریی‌و ڕۆشنبیریی لەساتە وەختی ئەفراندندا بۆ ئەوەی لە ساتە هۆشیاریەکاندا شتێك لە ژیریی بەرامبەرداجێ بهێڵێت، ئیش لەسەر هوشیاری بەرامبەر دەکات بە ئاراستەیەکی تریش گوتار سەرجەم ئەو پەیامە گشتییەیە لەدوای نمایش بوونی دەقێکی شانۆییەوە دروست دەبێت، دەکرێت ئەو گوتارە لە نمایشێکەوە بۆ نمایشێکیتر جیاواز بێت، بەڵام هەرگیز هیچ شانۆییەك بێ گوتار نابێت، خۆ ئەگەر وابوو شوناسی شانۆیی لێ دەسەنرێتەوەو بەشتێکیتر دەناسرێت، ئەو هێڵکاری و دابەشکردنەی

نمایشە شانۆییەکان کە شانۆکاران بە دوو قۆناغی جیاواز دابەشیان کردووە، بریتیەیە لە ڕەوتی هونەر لە پێش راپەریندا... ڕەوتی هونەر دوای راپەریندا، ئەگەر بەدیدێکی زانستیانەوە بڕوانین تا چەندێك دەتوانین چەمکێك بەرهەم بهێنین بەناوی چەمکی گوتارەوە؟! ئێمە لێرەدا ناچینەی خانەی دادگەرییو شانۆ بخەینە چوارچێوەی چەکوشکاری دادگایی کردن بەقەدەر ئەوەندەی دەمانەوێت لەو ئاراستەیە کە شانۆ چۆن بتوانێت بەرهەم هێنەری گوتارێکی دیاری کراو بێت هەرچەندە هەندێ ئیشکردنی جیاوازیش ئەمڕۆ بەرچاو دەکەوێت لە دەست نیشانکردنی گوتاری شانۆدا زۆرجاریش لای هەندێ شانۆکاری ناسیۆنالیست دەیانەوێت گوتاری شانۆ بۆ ماڵە داخراوەکانی خۆیان بچووك بکەنەوە، بەڵام لەزەمەنی ئێستادا بە خوێندنەوەی ئەو وتارو نووسینە شانۆییانەی کەلە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکاندا دەبینرێت دیارترین وێستگەیە بۆ ئەوەی بتوانین دەست نیشانی ئاڕاستەی گوتار بکەین بێگومان ئەم دێڕە دوورمان دەخاتەوە لە ئیشکردنێکی نامەنهەجی ئەگەر بەم پێوەرەی  ئەمڕۆ شانۆ بخوێنینەوە ئەوا حوکمێکی ڕەها دەدەین بەسەر شانۆدا چونکە ستایلی ئیشکردنو میتۆدی ئەو شانۆییانە کە پێشکەش کراون جیاوازنو هەریەکەیان ڕێرەوی تایبەتی خۆیان هەبووە هەق نیە ئیتر شانۆکاران بێ بوونی میتۆدێك و هەروا ڕاشکاوانە بڵێن گوتاری شانۆی کوردی لاوازە، یان دیاری بکەن لە چ ئاستێکدایە،چونکە ئەم دەستەواژەیە بێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد ناتوانین بچوکترین ساتەوەختی گوتار دیاری بکەین، بۆ نموونە دەتوانین بەشێوازێکی گشتی بڵێین لە کوردستانداو لەساتەوەختی پێش راپەریندا تا رادەیەك گوتارێکی ناسیۆنالیزمی ئیشی کردووە.

بەڵام ئەم دەستەواژەیەش بەتەواوەتی ناتوانێت بەسەر سەرجەم پرۆسە شانۆییەکاندا بسەپێنرێت. لەنێو ئەم بزووتنەوە شانۆییەی ئەمرۆدا کە جگە لە شینو ڕۆڕۆی نەوەیەکی نەخوێندەوار هیچ بەرهەمێکی تری لێ چاوەڕوان ناکرێ، پێم سەیرە چەند شانۆکارێك باس لە قەیرانی شانۆی کوردی دەکەن، لە کاتێکدا کە نەیانتوانیوە باس لەو دیاردە قێزەونە بکەن کە ئەمرۆ شانۆی کوردی جدی و شانۆی بازاڕی تێکەڵاو کردووە پێم سەیرە کە باس لە قەیران دەکرێت باس لەو مەرگە ناکرێت کە ئەمڕۆ شانۆکاران ڕووبەرووی مەرگی شانۆکانیان بوونەتەوە، سەیرە باس لە قەیران دەکرێتو کەم کەسیش پەی بەو نهێنیانە نابات کە بۆچی شانۆکاران داهێنانیان وەلاوە ناوە!!

کامانەن ئەو شانۆیانەی کە پێنج ساڵ لەمەوبەر نمایش کرابنوسوچێکیان لە یادەوەری ئێمەداداگیرکردبێت،یان پرسیارێکیان لەلای ئێمەدا جێ هێڵابێت؟؟

بێ دوو دڵی دەڵێم ئەو شانۆییانە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن: ئەگەر ئەمە مەرگ نەبێت چی دی دەگەیەنێت؟ نازانم ئیتر شانۆکار لەکام تێڕوانینەوە باس لە جدیەت و کاریگەری شانۆییەکانی پێش ڕاپەرینوپاش ڕاپەڕین دەکات بەڕاستی ئەم دروشمانە لە هی سیاسەتمەدارێکی فێڵباز زیاتر لە هیچی تر ناکات، ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە بگەرێین بە شوێن شوناسی گوتار لە بەرهەم هێنانی پرۆسەی شانۆییدا، ئیدی چۆن دەتوانین ئاسەوارەکانی قەیران دیاری بکەین؟

یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی شانۆ و دراما بوونی دژو بەرەی دژە واتە شانۆیەك بێ ململانێی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەك بوونی نیە، ئەم

پێناسەیە پسپۆرانی شانۆی ڕیالیستی دەیکەن بۆ شانۆ، ڕەنگە لە هەنوکەدا شانۆ لە دەروازەو بوعدی گەورەترەوە پێناسە بکرێت،بەبەردەوامی ڕەوتی شانۆ لە جیهاندا خۆی بەرامبەر تەوژمی جۆراوجۆردا بینیوەتەوە، هەر لە تەوژمی کەنیسەوە تا تەوژمی تری مێژویی و دەسەڵاتی زۆردار تا دەگاتە کۆسپ خستنە ڕێو داخستنی هۆڵی شانۆکان لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە، ئەم هەموو کۆسپانە توانیویانە بۆ قۆناغێکی دیاری کراو ڕەوتی شانۆ لاواز بکەن، بەڵام هەرگیز نەیاتوانیوە ڕەوتی شانۆ بەتەواوی و بەیەکجاری بوەستێنن بۆیە ئەمرۆ دەبینین لەسەرجەم وڵاتانی دونیادا مومارەسەی شانۆ وەك کردەیەکی بەردەوام دەکرێنو تەنانەت زۆرجار وڵاتە هەژارەکانیش لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان زیاتر خەریکی کاری شانۆن و بینەرانیشیان بە عیشقەوە دەچنە هۆڵی شانۆیەکان، بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو پۆڵۆنیا لە کاتێکدا چەندین گرفتی ئابوریو کۆمەلایەتیو ڕەوشتی ڕووبەرووی دانیشتوانەکەی بوەتەوە لەهەمان کاتدا بینەری شانۆکانیان لەچاو ئەم گرفتەیاندا زۆر جیاوازە تەنانەت ژمارەی هۆڵی شانۆییەکانیان زۆرترە لە ژمارەی بارەکانی مەی خواردنەوەو قاوە خانەکانیان، کەواتە کەم جار گرفتەکان توانیویانە ڕاستەوخۆ کاریگەر بن لەبەردەم بینەر و شانۆدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێت لێی ورد بینەوە جێگەی پرسیارو بەدواداچوونە بارودۆخی هەنوکەی ئێمەیە تا چەندێك بارودۆخەکە نائاسایی و کاریگەری سلبی لەسەر ڕەوتی شانۆ هەیە لە کوردستاندا زۆرێك لەو برادەرانەی کەلەسەر قەیرانی شانۆی کوردی قسە دەکەن پێیان وایە بارودۆخی ئابوریو گرانی و قات و قڕی و باری سیاسی شانۆی کوردی تووشی قەیران کردووە و دەروونی بینەرانی نیگەران کردووە لەنەهاتن بۆ

بینینی شانۆییەکان، ڕەنگە ئەم قسانە دیوێکی تەواو روکاری گرفتەکان بێت، بەڵام ئێمە بێین و قەڵتر پرسیار ئاڕاستەی ئەم کەشە هونەرییەبکەین و ڕەنگدانەوەی لە هەندێ چەمك و دەستەواژەی جیاوازتردا ببینینەوە ئەوسا ڕەنگە قوڵتر بتوانین واقعە هونەرییەکەی خۆمانمان پێ بخوێنرێتەوە..

پێم سەیرە بارودۆخێکی هونەری واهەبێت کە شتێك نییە ناوی ناسنامەو شوناس بێت، بەڵام لەولاوە لە گۆشەو ستونە مردووەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا شانۆکاران شمشێریان بۆ یەك هەڵگرتووەو زۆرجاریش ناوی دەبەن بە ململانێ! پێم سەیرە کە ئەگەر هەریەك لەو برادەرانە ئەمە بە ململانێ تێبگەنو وا بزانن ڕەوتی شانۆ بەرەو پێش دەبات لە کاتێکدا ئامادەییان تێدا نییە شانۆییەکانی یەکتر ببینن، پێم وایە ئەم ململانێیە تا دوا وێستگەی لە هیچگەرایییەوە سەردەردێنێ هەندێ شانۆکار وا دەزانن سەلەف لە شانۆدا تەنها ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان پیربووە و چوونەتە تەمەنەوە، ئیتر دەبێت ئەمانە بە سەلەفی ناو ببەین و ڕێگەیان نەدەین بەهیچ شێوەیەك لەسەر شانۆ قسە بکەن، چونکە ئەوئاڕاستە شانۆییەی ئەوان ئیشیان پی کردووە بەسەرچووە، بەهەمان شێوەش شانۆکارە بەتەمەنەکان و پیرەکانیش بۆچونیان وابێت هەرشتێ شانۆکارە لاوەکان بیڵێن و هەر شانۆیەك ئەوان پێشکەشی بکەن شانۆ نییە، چونکە ئەوان لێی تێ ناگەن..

ئەم ململانێی و سەنگەر لەیەکتر گرتنە ئایندەیەکی زۆر خراپی بەدواوەیە هەرچەندە ئێستا لەژێر جەبری هەندێ بارو دۆخی ڕۆشنبیریدا خەریکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەو گفتوگۆیانە کاڵ دەبنەوە یان هەرباویان

نامێنێت،چونکە ئەم جەنگو سەنگەر لەیەکتر گرتنە، جگە لە ململانێی زاراوە سازی هیچی تر نییە!! خۆ ئەگەر ئەم ململانێ و ئەم جەنگە لە پێناو جیاوازی بۆچوونو ڕوئیای هونەریدابێت بۆ شانۆ ئەوا پێم وایە ئەم سیفاتانە یەکێکە لە جوانترین و دیارترین ڕەگەزی فیکری شانۆ ،چونکە جیاوازی روئیا لە خوێندنەوەی چەمکەکان تێکستێکی ڕەخنەیی سەرکەوتوو دەست نیشان دەکات.

هەروەك دەبینین لە دنیای شانۆدا لە کۆنەوە تا ئێستا چەندین بیریارو (شیکاریست)ی شانۆیی دروست بوون کە هەریەکەیان تێڕوانینی جیایان بۆ شانۆ هەبووەو هەریەکەشیان تەواوکەری قۆناغی پێشووی خۆیان بوون بەڵام بە تێزێکی جیاواز، هەر لێرەوەیە دەکرێت ئێمە ئاماژەی لەدەستدانی ئەم مانایە بکەین لە مومارەسە کردنی شانۆدا چونکە ئێمە بەتەواوەتی جیاوازی ڕەتدەکەینەوە و دەشکرێت تەبا بونەکانمان لەسەر ئەساسی موجامەلەو هاوڕێیەتی بێت نەك تێڕوانین و دیدگا!!

ئابی 1999

# بــەشی چوارەم

# فەزا لە شانۆدا

گەرچی فـەزا لـە هونـەری شـانۆولە ڕەگـەزە ئەدەبیـەکانی تـردا جیـاوازە، بەڵام هەندێ ڕایەڵەی هاوتەریب هەیـە کـە هـەموویان دەهێنێتـە نـاو خـاڵێکی دیـاریکراوو دواتـریش هەریەکـەیان دەبنـە خـاوەن تایبەتمەنـدێتیو شوناسـی خۆیان. زۆرجار لە لایەن هونەرمەندانی شانۆو ڕەخنـەگرانو شیکاریـستەکانی ئەم بـوارە پێناسـەی هەڵـە بـۆ فـەزا کـراوەو هـەموو جـاریش هەوڵدراوە فـەزا تەنها لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی بینیندا قەتیس کەنو بـەردەوام هەنـدێ وا تێدەگەنو فەزاو سینۆگرافیا یەك شتن، لە کاتێکدا ئەمە هەڵەیەکی مەنهەجی گەورەیەو پێویستە جارێکیتر بەم پێناسـەو ناسـاندنەدا بـچینەوە، ئـەم بەشـە لـەم کتێبـەدا هەوڵدەدات لانـی کـەم فـەزا لـە نـاو کایـەکانی هونـەری شـانۆدا بەهەردوو ڕەگەزی (بینینو بیستن)ەوە جارێکیتر پێناسە بکاتەوەو ئەو هێڵە بدۆزێتەوە کە شانۆ وەك هونەرێك بەڕەگەزە ئەدەبییەکانیتر بەدەر لـە دەقـی شانۆییەوە نەبەستێتەوە، چونکە فەزا تەنها لـە نمایش یـان لـە سـەر تەختـەو بیناسـازی هـۆڵ نییـە، بـەڵکو فـەزا خـۆی لـە خۆیـدا دەرەنجـامی پێکهاتەیـەکی زمانەوانیو سیمائیە لە ناو نهێنی دەقدا، کە ئەمەش بەشکڵو فـۆرمی جیـاواز لە هونەری ڕۆمانو چیرۆکیشدا دەبینرێت. زۆر جار بـۆ گەڕانـەوە (بـۆ فـەزای شـانۆ) ئێمـە وای دادەنـێین ئـەو جیهانبینیـەی کـە دەرهێنـەرێك هەیـەتی بـۆ دەقی شانۆییەك لە دوای بەرجەستەکردنی دەقێکی نووسراوو گواستنەوەی بۆ سەر تەختەی شانۆ،دەچێتە ئـەو چوارچێوەیەی کـە فـەزا ناودەبرێت و ئـەو پانتاییەش لە سەر تەختەو ئاسمانی شانۆ کە دەبینرێت پێگەی فەزایـە، بـەڵام ئەمە ڕووی دەرەوەی فەزایەو بـەو پێناسـاندنەی ئێمـە تـەنها لایـەنی یەکـەمی یان بەشێکی ڕووکەشی فەزایە. کە زۆرجار ڕوویەکی تەقلیدی فـەزا بەتایبـەت

لای شانۆکارە ڕیالیستیەکانو بەشێك لە شانۆی کلاسیکی نوێ‌ئەم تێڕوانینە بۆ فەزا هەیە....

هەربۆیە کاتێك ئێمە کە لەدەقێکی شانۆیی ئەدوێینو ئەمانەوێت فەزاکەی دیاری بکەین ڕاستەوخۆ چرکەساتەکانی نمایش ئەو حاڵەتە بەدی دەکەین لە شانۆگەرییەکی (سۆفۆکلیس)دا گەر (ئۆدیب پاشا) وەربگرین؛ دەبینین بیناسازی کۆنی شانۆی گریکیو ئەو پانتاییە گەورەیەی کە ئەکتەر گەمەی هونەری تێدا دەکات دەبێتە فەزای شانۆییەکە، بەڵام لە نهێنی ناو دەقەکەداو لەو ساتە هونەرییانەدا کە لەهونەری نووسینی درامادا هەیە جارێکی‌تر فەزاکەی دەستنیشان کردووە وەك کۆشکی شاهانەی (لایۆس‌و ماڵەکەی جۆکاستا) لەمەوە جارێکی‌تر پەیوەندی نێوان نووسینو بینین کە کاری سەرەکی شانۆیە، بەهەردووکیان فەزا دەست نیشان دەکەن، لە بیریشمان نەچێت یۆنانیەکان بۆ بینینی نمایشێکی کلاسیکی وەك (ئۆدیب) چەندین سەعات دادەنیشت بۆئەوەی لە چوارچێوەی ڤیشتڤاڵێکی تایبەتدا نمایشێك ببینن، گەر بێت و فەزاو شکڵی دەرەوەی ئەو شانۆییەی کە پێشکەشی دەکەن پڕاوپڕ لەو دەقەی (سۆفۆکلیس) نەچێت ئەوا بەتوندی ئیدانەی دەرهێنەرەکەیان دەکردو ڕەنگە ڕێگەشیان نەدایە ساڵێکی‌تر ئەو دەرهێنەرە توخنی ئەو ڤیستڤاڵە بکەوێت[1].

گەر ئەمە تێڕوانینی شانۆی کلاسیك بێت بۆ فەزاو بینینی کاری هونەریی، ئەوا ئەم بۆچوونە لەئە دەبیاتی کلاسیکی نوێ‌و لای نووسەرە ڕیالیستەکان بەشێوازێکی‌تر دەبینرا،پێویستە ئێمە ئەو حەقیقەتە بزانین کە (فەزا) پەیوەندییەکی جەدەلیە لە نێوان پرۆسەی (بینینو نووسین)دا کە لە لایەن (نووسەرەو دەرهێنەرەوە) نەخشەی بۆ داڕێژراوە.

زۆرجاریش توانستی زمـان وپێکهاتـە وڕەگـەزو جیهـانبینی ئـەو نوسـەرە فراوانی و تەسك بینی فەزا دەست نیشان دەکات ،بۆئەم مەبەستەش گـەر هـەر دەقێك لە دەقەکانی "شکسپیر" وەرگرین دەتـوانین شـیکارێکی ورد بکـەین بـۆ پەیوەندیی نێوان (فەزا) وڕەگەزەکانی تربە هەموو جۆرەکانیـدا ئیـدی فـەزای ڕووداویان فەزای چیرۆك یان -فەزای حاڵەت، فەزای بیـنین....هتـد گـەر بـاس لە شانۆنامەی (لیر) بکـەین، پێویـستە ئاگامـان لـە پەیوەنـدیی نێـوان (کێنـتو لـیر)و (لـیرو کۆردیلیـاو گۆنرێـكو ڕێگـان) بێـت. لـە بینینـی پراکتیکـی ئـەم شانۆنامەیە لە سەر تەختـەی شـانۆ هەنـدێ لـە فـەزاو وێنـەکانی لـە زهنمانـدا ئەچەسـپێت. زۆر جـار وێنـەکانی زهنـی خۆمـان کـە وێنەیـەکی تیۆرییـە بـەهێزترە، لـە وێنەیـەکی پراکتیکـی کـە بـەرەنجامی زهنـی کەسـێکی تـرە کەبەدەرهێنەر ناودەبرێت. ئەم دوو بەریەککەوتنە ئـەنجامی کەڵەکەبوونێکی نەسـتیانەیە لـە نێـوان (نووسـینو بیـنین)دا کـە شـانۆ ئیـشی چییە جگـە لـە تەوزیفکردنەوەی نووسین بۆ بینین!!

لەلایەکی تریش کۆی ئەو وێنانەی ئێمە کە دەیکەین بـۆ دەقێکی شکسپیر یـان هـەر نووسـەرێکیتر نـاتوانین بڵـێین وێنەیـەکی میـسالی بـەڵکو حاڵـەتێکی تێڕامانە لە ناو ئەندێشەکەماندا، دواجار لە کاتی نمایشدا (چـەند یەکەیـەکی هونـەری) کۆدەبێتـەوە هـەموویان لـە نـاو یـەك فـەزادا شـیدەکرێنەوە، کـە دەکرێت ناوی بەرین بە سنوری گشتی نمایشێکی شانۆ کە ئێمە ئەیبینین.

لـە نێـوان (فـەزاو جوگرافیـا) داخـاڵی هاوبـەش هـەن، بـەڵام هـەرگیز ئـەم زاراوەیــە هــاو تــەبانینو یــەك وەزیفــەیان نییــە، چــونکە جوگرافیــا تــەنها ســـنورێکی مەلموســـکراوەو پەیوەســـتە بەزەمینـــەی نمایـــشەوەو خاڵییـــە لـــە وێناکردنو ئەندێشەو وێنەی هونەری، بەڵام فـەزا هـەموو ئەمانـەو چـەندینی

تریـشی لـە هـەناودا هـەلگرتووە. لـەم حاڵەتەشـدا فـەزا دەبێتـە یەکـەمین زەمینەسـازی بـۆ خوێندنـەوەی جیـاواز لـە بەرامبـەر ڕەگـەزی زمانـەوانیو کرداری وێنەی بینیندا، هەروەك تێـزە زمانەوانیـە بەناوبانگەکەی (فردینـان سۆسێر) وەك یەکێك لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی زانستی عەلامـە (سـیمیا )، کـە ئـەو بانگەشـەی بـۆ ئـەوە دەکـرد هـەموو هێمایـەك دوو ڕووی جیـاوازی هەیە:

یەکەمیان (دال)ە کە لای (سوسێر) حەقیـەتی بونیـەتی ئـەو شـتەیەو لای خوێنەر وێنەیەکی بیستراوی هەیە، دووەمیان (مەدلول)ە کە سـەرجەم وێنـەو ڕووەکانی لایەنی یەکەمە کـە بەوێنایـەکی زهنیـدا دەڕواتو خوێنـەرو بینـەر، مانـای پێدەبەخـشن، لـە کاتێکـدا ئـەو شـتە حەقیقـەتی ڕەهـای لـە ڕەگـەزە (دال)یەکەداهەیـەو مـەدلول هـەموو ئـەو مانایانەیـە کـە پێـی بەخـشراوەو (عەلامە)ش پرۆسەی پەیوەندییە لە نێوان (دالو مـەدلول)دا بـەو مانایـەی کـە (دال) حەقیقەتێکی مادی هەیەو مەدلول وێنەیەکی زهنی[2].

ئەم تێزەی سۆسێر زیاتر لە کاری زمانەوانیـدا ئیـشیکردو تـەنها ئێمـەش بـۆ ئـەو حاڵەتـە دەتـوانین پێناسـە زهنیـەکانی خوێنـەرو بینـەری پێتەفسیرکەین.

کەواتە لێرەوە پێناسەی فەزا لە شانۆدا ڕووتدەبێتەوە لەو تـاك پێناسـەیە، کە تەنها کرداری بینین یان بیستن بێت، بەڵکو هـەردووکیان پێکـەوە دەتـوانن فـەزا دەستنیـشان کـەن. لـە لایـەکی تریـشەوە فـەزا بۆخـۆی پەیوەندییـەکی جەدەلی بەئاستی گشتی شانۆگەرییەکەوە هەیە کە ئەمـەش وێنەیـەکی ڕەهـای نامادی هەیەو ماناکەی لە زهنی (بینەر-خوێنەر)دا دروست دەبێت، بەتایبەتی دوای بینین یان خوێندنەوەی شانۆگەرییەك هەستی پێدەکەین، کـە بـاس لـە

کەشی گشتیو ڕێڕەوی شانۆییەك دەکەین کە ڕیتمێکی تایبەتی باڵی بەسەردا کێشاوە، گەر دەقەکانی (سمۆئیل بیکێت) بەنموونە وەرگرین زۆر لەم حەقیقەتە نزیکمان دەخاتەوە کاتێك ئێمە دەڵێین هەستێکی بێ ئومێدی وڕەشبینی لەدەقی ، من ئەوە نیم وچاوەڕوانی گۆدۆ..هتد)دا دەبینرێت ئەوە فەزایە ڕیتمو کەشی گشتیو کارەکتەرو جوگرافیاو هەموو ڕەگەزەکانی تری شانۆییەکە ڕۆحێکی ڕەشبینانەی پێبەخشیون. جا خوێنەرێك ئەم دەقانە بخوێنێتەوە یان بینەرێك بیانبینێت لە سەرشانۆ پێموایە یەك شتن، تەنها ئەوە نەبێت لە کاتی بینیندا وێنەکان مەلموسنو سنوربەندی وێنای هونەری دەرهێنەرێکی پێوە دیارە[3].

لێرەدا مەبەست لەوە نییە ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین فەزای دەقێك لە خوێندنەوەو نمایشدا وەك یەك بێت، بەڵکو ئێمە دەڵێین هەر کەسێك (چاوەڕوانی گۆدۆ) بخوێنێتەوە، ڕاستەوخۆ لە زهنیدا وێنەیەکی ڕەشی ڕووداوەکان دەبینێت، دەزانێت (ڤلادیمێر) چ فەلسەفەیەکی لە ژیاندا هەیە ئەزانێت ئستراگۆن چۆن لە ژیانو پەیوەندییەکانی دەڕوانی.

کەواتە فەلسەفەی تێکستە شانۆییەکەو فەزای زهنی خوێنەر دەتوانن دەستنیشانی ئەو فەزا زیندووە بکەن کە لەسەر تەختەی شانۆدا نەخشێنراوە کە دەکرێت لە دەرهێنەرێکەوە بۆ یەکێکیتر بگۆڕێت؛ بەپێی ڕادەی هۆشیاریو وردبینی ئەو بۆ دەقەکە.

ئەمەش خاڵی سەرەکیو جیاوازی لە نێوان هونەری شانۆو لایەنە ئەدەبیەکانی وەك (ڕۆمانو چیرۆك)ە کە ئەمانە تەنها زهنی بینەروخوێنەر بەشدارە بۆ وێناکردنی فەزای بەرهەمەکە بە،پێچەوانەی بەرهەمی هونەریی کە زهنی خوێنەرو بینەر لەڕێگەی دەرهێنەرەوە جارێکیتر ئەو وێنە

بەرجەستەکراوە لە چوارچێوەی ئەندێشەیەکی سنورداردا دەبینرێتو بەرجەستەدەکرێت، کە ڕەنگە هەرسەردەمێك چەندین دەرهێنەر بیخاتە سەرتەختەی شانۆ، هەر جارەی وێنەو فەزایەکی جیاوازی هەبێت، ئەمە جگە لەوەی لە شانۆدا سەرجەم ڕەگەزەکانی تری تێکستەکە وەك" ئەکتەرو دیکۆرو جلوبەرگو کەش" دەبینین، بەڵام لە وانی تردا وێنای دەکەین. سینەماش هەمان وێنەی شانۆ دەبەخشێتەوە بەچیرۆكو ڕۆمان چەندین داستانو ڕۆمانی جیهانی هەیە کە کراونەتە فیلمی سینەماییو وێنە زهنیەکانی خوێنەریان گۆڕیوە بەوێنەی هەستپێکراوو بەرجەستە، کە بێگومان ئەو فەزایەی کە لە سینەمادا هەیە کراوەترو بەرفراوانترە لەو فەزا دیاریکراوەی کە لە شانۆدا هەیە، بەتایبەتی لە شانۆدا فەزا وێنەیەکی بەرفراوانی ژیانەو لە شانۆدا وێنەیەکی چڕکراوەیە.

پاشتریش لە شانۆی ئەمریکیدا (تینس ولیامز) دەرکەوت، کە توانی ئاڕاستە باوەکانی شانۆی ئەمریکی تێپەڕێنێت، هەروەك لێکۆڵەرەوان پێیان وایە کە درامی ئەمریکی لە هیچ قۆناغێکدا نەیتوانیوە ببێتەوە خاوەن شوناسێکی ئەمریکی تەنها لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەبێت، کە ئەوپەڕی تێگەیشتنی لە دەقەکان (ئەلمێرایس-ڕۆبەرت شیرۆد-تێنسی ولیامز)دا بینییەوە، هەرچەندە درامای ئەمریکی هەر لە سەرەتاوە ڕەنگدانەوەی ستایلی ئەوروپی لە شانۆکانیدا دیاربوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی مێژوو توانییان بەئاڕاستەیەك کاربکەن کە چارەسەری نەرێتو هەڵوێستو مەینەتیو قەیرانەکانی جەماوەر لە دارشتنێکی واقعی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتیدا بینییەوە. بۆیە دەقەکانی (تێنسی ولیامز)یش بەهەمان ئاڕاستەی نووسەرە پوچگەراکان وێنەیەکی نوێیی بەئاڕاستەی شانۆ بەخشی کە تا ئەمڕۆ شانۆی

جیهان بەگشتیو شانۆی ئەمریکی فەرزاربارێتی. زۆرێك لە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە خودینو زیاتر ڕۆچوونە بۆ نێو خودی قوڵایی کارەکتەرو لەوێوە گرفتەکانی مرۆڤو پرسیارە ئەزەلیەکانی دەبینین. وەك زۆرێك لە شانۆکانی ولیامز خودییەو وەك خۆی دەڵێت هەڵێنجراوە لە ژیانی خۆمەوە، هەروەك خۆی وێنای کارەکتەرەکانی کێشاوە وەك تایبەتیەکانی ئەون سەبارەت بەئەندامانی خێزانەکەیو هاوڕێکانی، هەر ئەو وتەیەی (ولیامز) خۆی دەرفەتێکی چاکمان پێدەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لەو کە دەڵێت (من لە میانەی شپرزەیی خودی خۆمەوە ئاگاداری شپرزەییو گرژی زیاتر بووم، ئەم ژیانەی کە منو مرۆڤایەتی تێدا دەژین جگە لە کۆمەڵگەیەکی ئاژەڵی هیچیتر نییە[4].

بەو وێنایانەی ولیامز لە شانۆکانیدا دەینەخشێنێت لە سەر ژیانی خێزانێك ئەوە وێنە بچووککراوەکانی هەموو کۆمەڵگەو هەموو خێزانێکە لە سەر ڕووی زەمین، فەزا لە کارەکانی ئەودا سنوورێکی بەرفراوانی داگیرکردووە، سنوورێك ڕەنگە هێندەی گۆی زەوی فراوان بێت، سنوورێك هیچ بەربەستێك لە ڕێیدا نییە، ئەو فەزایەش فەزای ناوەوەی مرۆڤە کە ئەو بەردەوام لە دەقەکانیدا لە سەر ئەوە کاردەکات کە فەزای دەرەوەی شانۆکەی تەسك کاتەوەو فەزای ناوەوەی کارەکتەرەکان بەرینو فراوان کات بەشێوازێك بگاتە هەموو سنوورەکانی دونیا.

هاوینی 2003

## سەرچاوەكانی بەشی چوارەم

1.المدخل الى الفنون المسرحيه (فرانك.م.هواتينج).

2.سينماو المسرح-قراه فى جماليه العلامه (جريده الصباح عدد (228)).

3.بيكێت-ناسان سكوت-و/مجاهد عبدلمنعم).

4.تنسى وليامز والاتجاهات الحديسه فى المسرح -د.شاكر الحاج 1997





Tennessee Williams
Culver Pictures

# بــەشی پێنجەم

## خەونە ترسناکەکانی یوسف

-1-

ماوەیەکی زۆرە قسەو باسی هەمە لایەنە لەسەر "بوون / نەبوون"ی تێکست لەئەدەبی شانۆدا دەکرێت، زۆر جاریش ئەم دوو چەمکە توانیویانە ڕێڕەوی تێڕوانینەکان بە ئاڕستەیەکی تردا بەرن، هەر ئەمەشەوای کردوە بەردەوام گفتوگۆو دیالۆگەکانمان زیاتر عەفەوی و دوور لە تێز و میتۆدی زانستی بن..

کردەی شانۆیی، کردەیەکی یەکتربڕە لە نێوان ڕوئیاو ستراکتۆردا، بەمەش بەردەوام ئەو وێنانەی تێکست بەرهەمیان دەهێنێت لەکارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی دی جیاواز دەبێ، هەر ئەمەش ڕادەی رۆشنبیری و قوڵی ئەو کارەکتەرە دیاریدەکات، زۆر جاریش وێنە بەرهەم هاتووەکان لە زهنی بینەردا دوو ئاڕاستەی تەواو پێچەوانەی یەکتر وەردەگرن.

(خەونە ترسناکەکانی یوسف) وەك نمونەیەکیدەقی نوسراو لەئەدەبی شانۆییدا قسەی لەسەردەکەین،چونکە تائێستاش هەندێ پێی وایە نەبونی دەقی شانۆی کودری هۆکاری لاوازی هونەری شانۆیە لای ئێمە،هەرچەندە ئێمە بۆچونی جیاوازترمان هەیەبەلاَم وەك وتمان تەنها لەم بەشەی ئەم کتێبەدا لەدولایەنی شانۆنامەکە ئەدوێین کە ئەویش ئەم دەقەوەك بەرهەمێکی ئەدەبی نوسراودوەمیشیان وەك نمایشێك کەلە دوقۆناغی جیاوازدا لەلایەن دو دەرهێنەر بەدو ڕوئیاو بۆچونی زۆر جیاواز نمایشکران،کە لە ئەنجامی پرۆسەی دوو نمایشەوە بینیمان لای هەردوو دەرهێنەر "کامەران رەئوف و ئومێد شێخ حسێن".

بۆیە لەم ساتەوەختەدا لێرە و لەوێ دەزگا و نێوەندە چاپەمەنیەکان خەریکە دەرگا بە رووی تێکست وکتێبە دەستنوسەکاندا دەکەنەوە. ئیدی لەو نێوەندە کە مانگانە لە سلێمانی و هەولێر بەچەندان کتێب خۆیان دەکەن بە کتێبخانەی کوردیدا زۆربەکەمی یان بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێن ئەوکتێبانەی کەلەسەر هونەری شانۆن یان دەقی شانۆن وەرگێڕان بێت یان نوسین!!

ئەم پەرەگرافە نابێت وامان لێبکات بڕیاری سەرپێی بدەین و بڵێین کە هیچ چاپ نەکراوە، بەڵکو هێندەی سنورەکانی ئەو پرۆژە چاپەمەنیەی ئەمڕۆ نییە..

لە چرکە ساتی خولقاندنیشدا، شانۆ هەردەم سنورو دەرگاکانی کراوەترە، هەر بۆیە دەبینین ئەو شەمەندەفەرە دوورو درێژەی کە ستایل و فۆرمۆلیزمی شانۆی درێژ کردۆتەوە بۆ ئێستا چ لە بواری تێکست چ لە بواری ڕوئیای نمایشدا هەریەکەو خاوەن تایبەتمەندێتی و شێوازی خۆیەتیەو دەشتوانین بەهەموویان بڵێین شانۆ، بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین ئەندامانی نێو شەمەندەفەرەکەو بیریارو شانۆکارەکانی، ئەوانەی بینینی تایبەتیان بۆ توخمەکانی شانۆ هەبوە یەك تەواوکەری یەکترن، چ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەردا چ لەگەڵ سینۆگرافیاو مۆسیقادا.. هتد.

سەرجەم ئەو لابۆرە شانۆییەی (ستانسلافسکی) لە ڕوسیا دای مەزراند بۆ پێگەیاندنی ئەکتەرو پەروەردەکردنی لایەنی سایکۆلۆژی و هەستە شاراوەکانی و حاڵە نەستیەکانی لای شانۆکارانی دوای خۆی هەندێك حاڵەت هەبوو بەڵام بە شێوازی تێپەڕاندن، (مایرهۆڵد) زۆر سودی لە ئەزمونەکانی (ستانسلافسکی) وەرگرت، بەڵام ئەزمونەکانی ئەوی دوبارە نەکردەوە،

(مایرهۆڵد) دەیویست جوڵە کرۆپاتیکیەکانی جەستەی ئەکتەر توانایەکی باڵایان هەبێت. دەیویست زیاتر فەزای شانۆ وەك چوار چێوەیەکی فراوان بەکاربهێنێت و ئەکتەر ڕۆڵی باڵای هەبێت لەو فەزایەدا. لای هەریەك لە (گۆردن گریگ)و (ئەدۆڵف ئاپیا) خاڵی هاوبەش هەبوو بەڵام بە ستایلی جیاواز، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاڕاستەی شانۆ بەردەوام وەك زنجیرەیەکی یەك بەدوای یەکتردا یەکدی نوێ دەکەنەوە، لە تێکستدا حاڵەتی سەیرو پەنهایی تر هەیە، ئەو حاڵەتانەی لای (مەکسیم گۆرکی) هەیە لە دەقێکی وەك "دوژمنان "یان پیرە مێرد" ئەو حاڵەتە لای (ئەنتوان چیخۆف) نییە لە تێکستێکی وەکو "باخی گیلاس یان ورچ یان باڵندەی دەریا".

لە کاتێکدا (چیخۆف و گۆرکی) هەردوکیان بەرهەمی یەك ژینگە و یەك سەدەی مێژووین لە ڕوسیادا، ئەو حاڵەتە لە چوار چێوەی دەقێکی (سمۆئیل بێکت)دا هەیە لە دەقەکانی (لست أناو الأیام سعیدة و انتظار گۆدۆ) لە دەقی" ژوور و ئێوارەیەك" و سێبەری مەرگی "(هارۆڵد پنتەر)دا نییە، بەڵام دەشتوانین بەهەموو ئەم نوسەرانە بڵێین بەرهەمی دوای جەنگی جیهانین و بەرهەمی ئەو فەزا ڕەشبینیەن کە هات بەسەر ئەوروپاداو هەموو پەنجەرەو دەرگاکانی ئومێد بە ڕووی ئەوروپا داخران و تەنها سێبەرێك لە ژیاندا ئامادەیی هەبوو سێبەری مردن و پوچگەرایی بوو، ئەم سێ نوسەرەی کەلێی دواین پوچگەرایی لای هەرسێکیان وەك یەکە بەڵام بە روئیاو تێزی جیاواز و سەنتەری جیاوازەوە. ئیدی دەتوانین بڵێین ئەوەی مانا دەبەخشێت بە چەمکەکان جیاوازیە، ئەوەی وا دەکات کە بتوانین قسە بکەین لێکنەچونی چەمکەکانە نەك ئیشکردن بەیەك ئاڕاستە وەك ئەوەی کە هەبوە و ئامادەیە!!

## دەسەڵاتی دەق و خەونی براکان

ماڵێك خاڵییە لە باوك و لەدەسەڵات، ماڵێك دوای لەدەستدانی باوك کوڕەکان دەبنە جەللاد بەسەر یەکەوە، هەریەکەیان دەبێتە دۆزەخێك بۆ ئەوی تریان، ئیدی لەم ماڵەدا بەردەوام دەرگاکانی کراوەتەوە بەڕووی ناحەزاندا،ماڵێك بەردەوام جێی تێڕوانینی کوڕەکانی دەرەوەیە، دەبێت چ چاوەڕوان کەین لەو ماڵە؟؟

دەکرێت شوناسی ماڵ بمانگەڕێنێتەوە بەردەم چەندەها پێناسەو ناسین، کە دوا جار ناچار دەبین بگەڕێینەوە بەردەم شاڵاوی ئەدەبی سمبولیزم بۆ خوێندنەوەی ئاماژە و چەمکەکانی ئەو "تێکستە"ی بەردەستمان،چونکە بەردەوام ئاماژەی وردو پەنهان هەیە دەبێت بەموفرەدەیەکی سمبولی و ئامادەیی بخوێنرێتەوە، هەرچەند لە سەرەتای دیمەنەوە ئاماژەوانی ماڵ و پێناسە کردنی ماڵی یوسف بە تەواوەتی لەبەردەم ئەم بۆچونەدا دەمانوەستێنێت.

یوسف کوڕێکی 9 ساڵەو باوکی نەماوەو دایکی بەجێیهێشتوە و کوڕی یەکێکە لە براکانی ئەو ماڵەیە، یوسف پڕاو پڕە لە خەون، دەکرێت ناوی بەرین بەو کوڕەی کە خەون داگیریکردوە، ئیدی بەردەوام ڕووداوەکانی ئەم دەقە بەدەست یوسفی تەمەن 9 ساڵ بە چەقۆی خەون لەت لەت دەکرێت، چونکە لە زاکیرەی ئەمدا بەردەوام ڕووداو کارەساتە پێشبینیکراوەکان بەخەون کۆتایی دێت..

(خەون)یش ئەو جیهانە سنور فراوانەیەکە زۆر جار نەست پڕاوپڕە لە جیوەیی بوون لە خەونیشدا زۆر جار واقع بەتەواوەتی ون دەبێت، ئیدی جیهانی خەون جیهانێکی زۆر سادەو خاکییە، ماڵەکەی بەرزان فەرەج جیهانێکە هەموو براکان لە ناویدا دەتوانن بەململانێ تێیدا بژین، براکان دەتوانن هاوەڵێکی باشبن بۆیەکدی لەبری ئەوەی کە گورگ بن.

ڕوداو وەك ئەکتیڤترین حاڵەت لای یوسف هیچ گرنگیەکی نییە، چونکە کۆنەستی یوسف جگە لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵێك وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ ناتوانێت هیچیدی بەرهەمبێنێ، دەشکرێت وەك مەودایەکی گرنگی ئەم تێکستە (یوسف) بکەینە چەق ،چونکە لەگەڵ دواساتی (تێکست) کە یوسف خەونی دەکوژرێت ئیدی هەرەمی ئەم دەقە بەرەو تێکشکانی ڕووداو دەڕوات، بۆیە لەهەموو ساتێك لە ساتەکانی نێو جوگرافیای دەقدا یوسف داوای خەون دەکات، یوسف خەون دەبینێت،یوسف دەڵێت:

"خەو، خەوێکی ترسناك.. خەوێکی ترسناکم بینی، بەجێیانهێشتین و نەیان بردین بۆ ئاهەنگەکە،ئیدی گۆرانی بۆکێ بڵێین، ئەترسم، ئەترسم...."

تەنهایی یوسف لەم خەونەدا بەردەوام زاکیرەمان دەگەڕێنێتەوە بۆ لای چیرۆکی یوسفی کوڕی یەعقوبی پێغەمبەر، بەردەوام وێنەی یەکتربڕ لە چیرۆکی قورئانی و بەسەرهاتی پێغەمبەرێك و یوسفی مناڵێکی نێو دەقێکی بەرزان فەرەج دەبینین "خوازیارنیم هیچ بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو چیرۆکەدا بکەم، بەڵام ڕاستەوخۆ پاکیزەی ئەم دوو یوسفە و کەوتنە نێو گۆماوی جەللادەکان لە هەردو دەقدا ئامادەیی هەیە لای بەرزان فەرەج یوسف بەدەست جەللادی براکانی نێو ماڵەوە کەمامی یوسف دەکات

دەناڵێنێ لە چیرۆکە قورئانیەکەشدا یوسف بەدەست براکانی خۆیەوە دەناڵێنێ"

ئەمە جگە لەوەی ناوهێنانی یوسف لەم دەقەی بەرزاندا ڕاستەوخۆ ناوی (یوسف) چەمکە ئاینیەکەمان دێنێتەوە یاد، چونکە یوسف پانتاییەکی تەواو فراوانی لەزهنماندا داگیر کردوە.

یوسف خەون بە ئاهەنگەکەوە دەبینێت کە براکان پەیمانیان داوە بیبەن و لەو ئاهەنگەدا گۆرانی بڵێت، بەڵام یوسف لەوێ براکان بە فێڵ بۆ ڕاودەیبەن و ئەیخەنە بیرەوە.

ئەمە جگە لەوەی (یوسف) وەك ناو شوناسی کارەکتەر بەرهەم دێنێ دەشکرێت ئەو ڕوانینە ڕەمزیە ئەم پێناسەیە بگرێتەوە، چونکە ناتوانێت (ناو) لە کایە کۆمەڵایەتی و کایە مێژووییەکە ڕووت بکەینەوە، کە یوسف لە زهنمدا ئامادەیی گەورەی هەیە لە جوانی و پاکیزەییدا.. دەخوازم ئەوەش بڵێم کە من نامەوێت ئەوە بڵێم کە بەرزان فەرەج ئەم چیرۆکەی تەوزیف کردوەتەوە، بەڵکو تەنها مەبەستمە باس لە کایەی ناوبکەم لە خەونە ترسناکەکانی یوسف دا لەگەڵ چیرۆکی یوسفی کوڕی یەعقوب، کە هەردوکیان کاراکتەری یوسف قورساییەکی گەورەیان لە چیرۆکەکەدا هەیە.

## ماڵی براكان یان دۆزەخی براكان

نوسەر لە پێشەكی چاپی ئەم شانۆییەدا ئاوا باس لەم دەقە دەكات: "ئێمە خۆمان لە ماڵێكدا بینیەوە كە هەمیشە تێیدا سەركوت كرابووین، ماڵێك كە ببووە كوشتاری ئەبەدی جەستەی قوربانی ئێمە.. ئاوا خۆمان لە تەنیشت چەندین پیاوی چەك بەدەستەوە بینیەوە كە لە كێبڕكێی داگیركردنی زۆرترین پانتایی دەسەڵاتدابوون، ئیدی هەمووومان دەمان پرسی ئەم ماڵە بەرەو كوێ دەبەن؟؟ منیش وەك هەر خەونێكی ئاسایی كورد وەك هەر چاوەڕوانیەك جگە لەوەی ترس و ڕەشبینی خۆم لە ئاینده دەربڕی، دەشێت یوسف هەمووومان بین ئەو منالەی ئەیەوێت باوەڕ بەو حەقیقەتە نەكاو ئەیەوێت لەوخەونە بێدار بێتەوە.. ئیدی خەونە ترسناكەكانی یوسف زادەی ئەو تێڕوانینەن"

لێرەوە دەكرێت ئەم چەند قسەیەی بەرزان فەرەج بكەینە سەرەتایەكی زۆر گرنگ و پێویست بۆ ڕوانین لەم دەقە وەك لەحزەیەكی ڕەمزی لە هەمان كاتدا وەستان لەبەردەم ئەدەبی ڕەمزیدا خۆی لە خۆیدا پەلكێشمان دەكات بۆ چەندان تێزو ڕوئیای جیاواز ئەگەر بێت و چڕكردنەوەمان نەبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە لەو سەری باسەكەوە ون دەبین و ناتوانین بگەڕێینەوە سەرەتای ئیشكردنەكەمان.

بۆیە لەسەیری ڕووداوەكاندا هەست بەوە دەكەین ئەو ماڵەی كە ماڵی براكانە بەردەوام هێمای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز بەرهەمدێنێ.. دەكرێت ماڵ چڕكردنەوەی چەندان ڕوئیا و بۆچونی جیاواز بێت، ماڵ ئەو سنورە جوگرافیایەیە كە براكان دەیانەوێت هەریەكەو بە بۆچونێكی جیاواز موعجیزەی تێدا بخوڵقێنێ دواجار هەمویان قوربانی خوڵقاندنی ئەو موعجیزەیەن!!

ماڵ ئەو سنورە دیاریکراوەیە کە شوناسی من لە تۆجیادەکاتەوە و سنوری (من لە تۆ) دادەبڕێت و هێڵێکی بەرجەستەکراو دیاریدەکات.

بەردەوام کاراکتەرەکانی دەرەوەی خۆی بە ماڵی بێگانە دەستنیشان دەکات، لێرەوە ئیدی فەلسەفەی جیاواز دروست دەبێت، دەکرێت فەلسەفەی جیاوازی لە دروستبونی ماڵدا بە فەلسەفەی جیاوازی لە زاکیرەی کارەکتەرەکاندا ناو بەرین، هەر ئەو جیاوازیەیە وای کردوە بەردەوام (برایم)ی برا گەورە بەهۆی لە دەست دانی قاچەکانییەوە توڕەبێ و بەردەوام گومانو هەست بەکەمی بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی پەخش کات.

فەلسەفەی جیاوازی وای کردوە هەریەك لە (نەجۆو شێرۆ و کاردۆ) بەفێڵ و تەکنیکی جیاوازەوە بیانەوێت (سارە)ی براژنیان هەڵخەڵەتێنن و مومارەسەی ناشەرعی لەگەڵدا بکەن.

یەکێکیان بەدامەزراندن لە پۆستی ئیداری و یەکێکیان بە وێنەکێشان و.. هتد دەیانەوێت (سارە)ی بەخشندە و فریشتەی ئەو ماڵە فریوبدەن.

بە بیانوی ئەوەوە (برایم) ناتوانێت سێکسی تەواوەتی بداتە (سارە)ی ژنیو خەسیوە، ئیدی جیاوازی هەشت کاراکتەر لەم ماڵەدا وای کردوە ململانێی نێوان ئاڕاستەکان بە تەواوەتی لە تەوەرەی دژدابن، هەرچی ئیشکردن بەڕەمزو هێماگەرێتی لای (نوسەر) دەکرێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ میتۆدە سەرەکیەکانی مێژووی هونەر و ئەو تێزە گرنگانەی کە (ئارنۆڵد هاوزەر) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (فن والمجتمع عبر التأريخ) باسی لێوە کردوە کە ئەو سەردەمانەی کە مرۆڤی سەرەتایی وێنەی ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرە دڕندانەیان لەناو ئەشکەوتە تاریکەکاندا دەکێشاو ڕمی واقعیان بەو وێنانەدا دەچەقاند، بەو

هێماو ڕەمزە کە ئەو حاڵەتە ئازایەتی و نەبەردییەی مرۆڤی دەسەلماند بەرامبەر بە گیانداران.



دیمەنێك لە نمایشی ڕۆژژمێری براکان

ئازاد جەلال لە ڕۆڵی( برایم )دا

ئەم قۆناغە ڕەمزیەی هونەر گەشەی کرد تا قۆناغە جۆراو جۆرەکانی هونەر تاکار گەیشتە ئەوەی چەندان شانۆنووسی بەناوبانگ لە شانۆکانیاندا تایبەتمەندێتی سمبولیزم و هێماگەرێتی پێوە دیاربێت لەوانە

دەقەکانی "هنریك ئەپسن و میتەرلەنگ" دوو نمونەی زۆر دیاری ئەم جۆرە ئیشکردنەن.

زۆر جار ئەو شوێنانەی کەدەبنە گۆڕەپانی جەنگ و ماڵوێرانی ئیدی بەهۆی لەدەستدانی ئازادی ڕەمزو ئیشکردن بەڕەمز دەبێتە کردەیەکی باڵا، هەروەك چۆن لە پێشەکی "خەونە ترسناکەکانی یوسفدا" بەرزان فەرەج خۆی ئاماژەی پێداوە کە ئیشکردنی ئەو لە چرکەساتی ماڵوێرانی کوردابوە،ئەو ساتانە بوە کە ماڵی کوردی هیچ کاتێك لە هەڕەشە بەدەر نەبووە و تارمایی جەنگ بۆ ساتێك ژووره خوێناویەکانی چۆڵ نەکردووە، ئا لەوێدا خۆمان لە تەنیشت چەندین پیاوی چەك بەدەستدا بینیەوە کە لەکێبڕکێی داگیرکردنی زۆرترین پانتایی دەسەڵات و پەرت پەرتکردنیدا بوون.

لێرەوە (ماڵ)ی یوسف و ماڵی ئەم شانۆییە ماڵی ئێستای کوردییە ئەو ساتەیەکە هەموو براکان دەیانەوێت بە زۆرترین هەیمەنەو دەسەڵاتی یەکتر تەفروتوناکەن، ماڵی ئێمە ئەو ماڵەیە بەدەست براکانەوە یەکدی لە جوگرافیای سیاسیدا دەسڕنەوە، ئەم ماڵە ئەو ماڵەیە کەلەچرکە ساتێکدا لەیەك سەنگەردا بوون بەڵام هەنوکە یەکتر بە خائین و داگیرکەر ناو دەبەن، دەکرێت لە ماڵێکدا هەموو براکان چەقۆی خوێناوی بۆ یەکتر هەڵکێشن مەحاڵە ڕێگە بدەن بە منداڵێکی سادەو پاکیزەی وەك یوسف خەون ببینێت،چونکە کەی لە ماڵێکدا چەقۆی خوێناوی هەبێت، خەونی ڕەنگاو ڕەنگ دەبینرێت، کەواتە بەرزان ماڵی ئێمەو ماڵی کوردی بە تەواوی چڕکردۆتەوە بۆماڵی برایم و براکان، ئیدی هەریەکە لە ئێمە دەتوانین زۆر بە ئاسانی ئەم دۆزەخەی ئێستای ماڵی کوردی لە ماڵەکەی (برایم)دا

ببینین، لەوێشەوە بەڕووی ئەو بارودۆخە بەرجەستەکراوە کەبراکان یەکدی دەسڕنەوە و ئامادەییان تێدا نییە خەونی  یەکتر قبوڵبکەن.

هەر ئەمەشە شانۆی ڕەمزی و ئیشکردن بە ڕەمز لە چۆنیەتی تەوزیف کردن وچڕکردنەوەیماڵێکی گەورە لە (کات / شوێن) بۆ ماڵێکی بچوك لە (کات / شوێن)ێکی دیاریکراودا.

## براکان خەونی شاخاوی دەبینن

(خەونە ترسناکەکانی یوسف) پێکهاتوە لە هەشت کارەکتەر ئەوانیش:- "دایك و برایم و کاردۆو نەجۆو شێرۆو دان و سارەو یوسف" سارە ژنی برایمەو کە کوڕە گەورەی ئەو ماڵەیەو تەمەنی 39 ساڵە و ئەفسەرێکی پەککەوتەیە و هەر دوو قاچی بڕاوەتەوە، کاردۆش یەکێکی ترە لە براکان و خەریکی چالاکی سیاسییە، نەجۆ برایەکی هەڵەشەیە لە براکان و شێرۆ ساویلکەیە و کەم ئەزمونە، دان هونەرمەندێکی شێوەکارییە و تازە لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە، سارە ژنی برایمە و زۆر قوربانیداوە بۆ برایم... یوسف کوڕی برایەك لە براکانی ئەو ماڵەیە و باوکی نەماوەو بە برایم و سارە دەڵێت (باوکە و دایکە).

خوێندنەوەو وردبونەوە لەم دەقە چەندان دیالۆگ و ڕستەی تێدایە کە ئێمە بیکەینە خاك و سەنتەری ئیش لەسەرکردن، هەر ئەم خاڵەشە سەرکەوتن و مانا بە تێکستی زیندو دەبەخشێت و ناوی دەقی شانۆیی لێدەنرێت.

برایمی گەورەی براکان پێموابێت نوسەر زۆر هۆشیارانە ئیشی لەسەر هەرەمی پێکهاتەی ئەم کارەکتەرە کردووە، بەشێوازێك سیماکانی دەرەوەی ئەم کارەکتەرەشی دەستنیشان کردوە، کە هەردوو قاچی بڕاوەتەوە و ئەفسەرێکی پەککەوتەیە،لەمەوە نوسەر زۆر فەلسەفە دیدگای تایبەتی دەخاتە ڕوو بەشێوازێك لە چەمك و ماناهاوچەرخەکانی سیاسەت و چۆنیەتی مومارەسەکردنی دەدوێ، لەدیالۆگێکی نێوان برایم و دان دەڵێ: "برایم: دەبێت بزانین چۆن دروشمەکان لەکات و شوێنی خۆیدا بەکاربهێنێ.. ئەمە گرنگترین خاڵی دروشمەکانە!! من خۆم باوەڕم بە ڕێکەوت هەیە، مەحاڵە پیاو باوەڕ بەوە بکات کە سیاسەت بە ڕێکەوت دروشمەکان بەڕێوەبەرن، ئەمە چ سیاسەتێکە دروشم پیادەی بکات.

دان: بەڵام پێم بڵێ کێ لەم وڵاتەی ئێمەدا دوای سیاسەت کەوتوە، بێ ئەوەی دروشمێکی هەبوو بێت، لەپێشدا دروشمەکان دێن ئینجا سیاسەت.

برایم: هاوڕێیەکم لە سوپادا پێکەوە بوین زۆر جار پێی ئەوتم لە ڕاستیدا ئەم حیزبانەی لای ئێوە لە دروشمی خوارو خێچ و نوسراوەکانی سەر دیوارەکان زیاتر هیچی ترنین، وابزانم ڕاستی کرد، ڕاستت دەوێ (دان) ئێمە هەمومان بەو دروشمانە دڵخۆش دەبین کە لەسەر دیوارەکان ئەمانخوێندەوە.

دان: کەواتە ئێستاش ئەو پیاوانە هەر ئەزمونی گوتاردانی حەماسی ئەو دروشمانە دوبارە دەکەنەوە..."

لێرەوە دەبینین (نوسەر) چۆن لەگەرماوگەرمترین کێشەی هەنوکەیی لە گوتاری سیاسی کورد دەدوێت، گوتارێك لە ئێستادا ناتوانێت هیچ کایەکی

نویَ بەرهەمبێنیَ،جگە لە دروشمی حەماسی و کۆمەڵێك مەهزەلەی سیاسی و کۆمیدیای سەیروسەمەرە نەبێت.

ئەمڕۆ ئەو حزبانەی لای (برایم و دان) هەیە دەیانەوێت بە عەقڵیەتێکی شاخی و بەعەقڵیەتی ئەو سەردەمانە بیر بکەینەوە کە لەسەر دیوار و ئاپارتمانەکان دروشمی بریقەداریان دەنوسی، چەندان کەس فرمێسکی بۆ ئەو ڕۆژە زیوینانە دەڕشت کە ئەوان لەسەر ڕووی دیوارێك وێنەیان دەکێشا.

بەڵام ئێستا وەك برایم دەڵێت" ئەو پیاوانە هەر ئەزمونی گوتاردانی حەماسی ئەو دروشمانە دوبارە دەکەنەوە و براکانی ئەمڕۆ شەڕیان لەسەر ئەوەیە کامیان شەهیدیان زۆرترە و کامیان پێشەنگ و کامیان پاشەنگن!!

ئیدی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن لەم زەمەنە هاوچەرخەدا خۆیان بگونجێنن و بەردەوام خەونی شاخاوی دەبینن، خۆشیان لەنائومێدییەکی سەیردا دەبینینەوە، چونکە ئێستا کە ئەوان لە دوای شۆڕشدان و (کاردۆ)یش دەڵێت: "لە دوای شۆڕش بێئومێدی باڵ بەسەر خەڵکی و بەسەر شۆڕشگێڕاندا دەکێشیَ!!"

نوسەر لەچوار چێوەی خەونە ترسنکەکانی یوسف دا باس لەو شەش برایە دەکات بەردەوام جیاوازن و جیاوازی بەرهەمدێنن لە هەڵسوکەوت و قسە کردنیاندا، جیاوازییان ئەوەنییە یەکتر قبوڵ بکەن بەڵکو ئەوەیە پێنج برایان لە بۆسەدان بۆ ئەوەی پلان دانێن چۆن (سارە)ی براژنیان ببێتە (نێچیریان) و شەوێك لەگەڵیدا بخەون، لە کاتێکدا (سارە) لەو ماڵەدا وەك خزمەتکاری لێهاتوە هەرچەند مێردەکەی خۆی هەردوو قاچی بڕاوەتەوە و

خەساویشە، بەڵام ئەوان پێیان ئەتکە ئەم ژنە جوانە لای ئەم پیاوە خەسیوە بێت.

هەرچی دایك لە جوگرافیای ئەمماڵەدا پاڵەوانێکە بەردەوام لە تەنهایدا دەژی، چونکە کوڕێکی کە باوکی (یوسف)ە جەلادەکان بردویانەو شەهیدیان کردوە، ئێستاش وێنەو تارمایی ئەو کوڕە لەو ماڵەو لەو ژوورەدا دەرناچێت، هەرچی (یوسف)یشە جگە لە خەونی ڕەنگاو ڕەنگ و پاکیزەیی زیاتر،خاوەنی هیچی تر نییە و لە کۆتایی شانۆییەکەشدا خەون بەوەوە دەبینێت مامەی بۆ ئاهەنگ بیبات، بەڵام هەر خەونەو هیچی تر..

نەنکی بانگی دەکات و دەڵێ یوسف وەرە:

یوسف:- خەون ئەبینم

دایك: یوسف تۆ هەر لەوێ نوستوی و نازانی چی ڕووئەدات.

یوسف:-خەون.. خەونێکی ترسناکم بینی، نەنە جێیانهێشتم و نەیانبردم بۆ ئاهەنگەکە.

دایك: یوسف کوڕم بێدار بەرەوە، ئەوانە هەمووی خەون بوون.. خەون، حەقیقەتەکان لێرەن، سەیرکە چیمان بۆ ماوەتەوە تەنها بیابانێکی بەرین و خەونەکانمان.

یوسف:- نەنە خەون.. خەون.

دایك: یوسف لەو خەونە بێدار بەرەوە، ئێمە لێرەین، لەم چۆڵەوانیەدایین، بەڵام ئەژین، ئەژین پێکەوە، خەون ئەبینین، باسەرکەوین بۆ ئاسمان بۆ لای هەورەکان، ئێمە ئەم کەلاوەیەمان خۆشدەوێت، وەکو ژیان و مەرگی خۆمان.. لێرەوە (دایك - یوسف) دەگەنەوەیەك سەرچاوەی عەقڵ و ژیری، (یوسف - دایك) هەردوکیان دەیانەوێت بەهۆی نەست و پشت

ژێرییەوە خەونی پەمەیی ببینن و بگەنە ئەو شوێنەی سەرچاوەی هەموو خەونەکانە، دەیانەوێت بەرەو هەورەکان بڕۆن و بگەنە بەهەشتی خەون، لە کاتێکدا یوسف خەونیەتی لەم قەرەباڵغیو ئاپۆرا فەوزایەی ئەوماڵە ڕزگاری بێت و بۆ ساتێکیش بێت ببیەن بۆ ئاهەنگی گۆرانی...

ئەوەی تا ئێستا لێی دواین تا ئێستا ئەو تێکستە شانۆییە بوو کە ناوی "خەونە ترسناکەکانی یوسف"ە و بەرزان فەرەج نوسیویەتی، بەڵام لە ڕووی پراکتیکردن و بەرجەستە کردنەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ ئەوەی من خۆم بینیبێتم لە سلێمانی هونەرمەند کامەران ڕەئوف لە کردەیەکی ڕیالیزمیداو لەبەرجەستە کردنێکی فەنتازی و واقعیدا خستیە سەر تەختەی شانۆ، هەریەك لە (عیزەت، ئاشتی کەمال، یاسین قادر، ڤیان کمال، ئازاد جەلال)و چەند هونەرمەندێکی تر ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان بەرجەستە دەکرد، ئەم هەوڵەی کامەران هەوڵێکی تەواو واقعی و ئەفسوناوی بوو کە هەوڵی دابو زۆر سود لە سیناریۆی دەقەکەی بەرزان ببینێت و جارێکی تر قوڵاییەکانی نێو دەق لە نمایشەکەدا بەرجەستەکاتەوە لەگەڵ خولقاندنی فەنتازیەکی دیاری کراو لە کەنارەکانی تێکست و ڕوئیای دەرهێنان، هەرچەند لە کاتی خۆیدا نوسەری ئەم بابەتە قسەو باس و سەرنجی تایبەتی خۆی هەبوو،بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم هەوڵەی کامەران جوانیەکی تری تێکستی (خەونەترسناکەکانی یوسف)ی دەرخست.

جارێکی تریش هونەرمەند ئومێدی شێخ حسێن ئەم دەقەی خستۆتە سەر تەختەی شانۆ و (سەلام مەجید و نەورۆز محەمەد و ئارێز عەلی) ڕۆڵی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆییەیان دەبینی و بورهان قەرەداغی وەك یاریدەدەرێکی مایسترۆ و ستراکتوری ئەم نمایشە ڕۆڵی تایبەتی هەبوو، ئەم

جارەیان ئومێد بە ئاڕاستەیەکی لەسەداسەد پێچەوانەی کامەران ئیشی کردبوو، وابزانم کاتی خۆی قسەو باسی زۆر لەسەر ئەم ئیشەی کامەران کرا، ئومێد هەوڵی دابوو لەناو سیستەمی ئاماژەگەری و چەمکەکانی نێو دەقدا ئیشبکات، لەگەڵ بەخشینەوەی مانا بەجەستەو جوڵە جەستەییەکان و ستراکتۆری دەق، ئومێد لەسەر چەمکی خیانەتی براکان ئیشی کردبوو، بۆیە خەونە ترسناکەکان بویە خەونی گورگەکان، خەونی ئەو شەش گورگە بوو بۆلە ناوبردنی (سارە) هەوڵیانئەداو پلانیان ئەکێشا، کەسی سێیەم کەلە پێش هەردوکیان وە ئیشی لەم دەقەدا کرد بوو (رزگارحەمە ڕەشید)ە بەڵام ئیشکردنەکەی ڕزگار نمایش نەکرا و ئەوەی من ئاگاداربم کامەران جەمال و ڕێزان سالّح و کاروان چێوار ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان ئەبینی، ڕزگار لەو دەقەدا ئیشی لەسەر پێکهاتەو هەیکەلی خەون کردبوو، خەون وەك فەزایەکی فراوان و سەرجەم ڕووداوەکانی والێکردوە لە کۆتاییدا ببیت بە گەمەیەك و سەرجەم ڕووداوەکان بە خەونێك تەواو بێت ئەویش خەونی یوسفە!! لەم دەستەواژەیەوە دەگەڕێینەوە سەرەتاکانی ئەم نوسینەکە وتمان دەقی زیندو ئەوەیە هەڵگری خوێندنەوە و ئیشکردنی جیاواز بێت، هەروەك چۆن ئەم دەقە سێ دەرهێنەر ئیشیان تێدا کرد بە سێ ئاڕاستەی زۆر جیاواز و سێ ڕوئیای زۆر جیاواز، خۆ ئەگەر بینەری هۆشیاربەوردی چاودێری ئەم نمایشانەی نەکردایە ئەوا هەرگیز هەستی نەدەکرد کە ئەم سێ نمایشە یەك دەقن یەك کەس نوسیونی، هەر ئەمەش وای لێکردم لەسەر ئەم دەقە بنووسم و بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبە تەرخان کەم بۆی، کە دەقەکە هەڵگری خوێندنەوەو ڕوئیای جیاوازە، ئەمەش بنەمای دەقی زیندوە.

# بــەشی شەشەم

## ئەزمون (1)

## پەیڤێك ...... با درەنگیش بێت ، بەڵام پێویستە بوترێت!!

شالیر لە هەرە مەزنترین تێکستە شانۆیەکانی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (ولیم شکسپیر)ە،کەدەتوانین چەندەها خوێندنەوە لەخۆ بگرێت و زەمەنی نوسینی ئەم دەقە سێیەمین قۆناغە لەنوسین لای شکسپیرە.

گەر بمانەوێت لەم دەقەدا ئیش بکەین یان بە هەرکارێکیپراکتیکی بیخەینە سەر تەختەی شانۆ ئەوا هێندە فراوان و فرە ڕەهەندە دەکرێت لەچەندین لایەنەوە خوێندنەوە هەڵبگرێت، ئێمەش چەند شانۆکارێك وەك پرۆژەی کارکردن ماوەی چەند ساڵێك لەبیری ئیشکردنی ئەم دەقەدابوین ، بەڵام بەهەر هۆکارێك بێت ئەو دەقە لەلایەن ئێمەوە نمایشی نەبینی ..

دیارە سەرەتای ئیشکردن و بیرۆکەی ئەم ئیشە لای هاوڕێی بەڕێز "گۆران عەلی " گەڵاڵەبوو ، دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆو دیالۆگ و زۆربۆچونی جیاوازو کۆمەڵێك گرفتی ئیداری گروپی کارەکە هەڵوەشایەوە...

ڕیزبەندی ئەو گروپەش ئەوەی من لەیادبێت و لەوپرۆژەیەدابون بەم شێوەیەبوو:

ئازاد جەلال .........ئەکتەر

پێشڕەو حسێن.........ئەکتەر

سەفین ئەنوەر...........ئەکتەر

کاردۆ عەزیز.............ئەکتەر

گۆران عەلی ...............دەرهێنەر

کامەران سوبحان..........دراماتۆرگ

( چاودێری تێوری نمایش)

لەگەڵ کۆمەڵێك ئەکتەری قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان ، بەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیر نیە ،ئیدی ئەو پرۆژەیە دوساڵ کە ساڵی 2003و2004 لەدو کاتی جیاوازدا کۆبونەوەمان بۆکرد ، هەندێ لەو هاورێیانە بەداخەوە دەڵێم بەهۆی هەندێ گرفتی سایکۆلۆژی و هەندێ گرفتی بچوکەوە کەگرفتەکان شایستەی ناو هێنان نین، ئامادە نەبون بەو رِوئیایەوە لەشالیردا کاربکەن،گەرچی گرفتی سەرەتاش بە هۆی کۆمەڵێك گرفتی ئیداری و هەندێ گرفتی ئیلتیزام و ئەدەبیاتی پرۆڤەوە ئەوکارە کۆسپی بۆ دروسبوو، یەکێك لەو گرفتانە لەبیرمە (پێشرەوحسێن وکاردۆعەزیز) پێیان وابوو ئەم کارە پێویستی بەدەرهێنەر نیە ، بەتایبەتیش پێشرەو پێی قورس بوو وەك ئەکتەرێك لەشالیردا کاربکات کە گۆران بونیادی بیرۆکەو دەرهێنان بنێت ئەو بەردەوام لە پرۆڤەدا جەختی لەسەرئەوەدەکرد ئیدی ئەو بەبێ دەرهێنەر کاردەکات وگەیشتوەتە ئاستێك دەرهێنەر بە پێویست نازانێت!!هەرچۆنێك بێت تا ئێستا و دوامانگەکانی ساڵی 2005 ئەم پرۆژەیە نمایش نەکراوە بەلاَم هەروەك کارێکی هاوبەش پرۆژەیە لەنێوان من وگۆران دا بەهیواین رۆژگارێك بێت ئەم خەونە ببێتە واقع بونی ئەم چەند دێرەش تەنها وەك مێژویەك بەو ئومێدەی ئەو واقیعە وەك خۆی تۆماربکرێت، ئەم چەند لاپەرِەیەش لەسەر ئەو دەقە مەزنەی شکسپیر زۆرێکی بەرهەمی خەیاڵی رِۆژانی پرۆڤەو ئەو ساتەوەختەیە...

لەگەڵ ئەوەشدا نوسینی ئەم پەرِەگرافانە دەبویە پێشەکیەکی باش بۆ ئێمە لەو گروپەدا کە بەجدیەتێکی قوڵەوە کاربکەین ، دیسانەوە دەیڵێمەوە ، کە ئێمە گرفتی گەورەمان ئەوەیە کەناتوانین یەکتر قبوڵ بکەینو ناتوانین

بۆكاری هونەریی حەزەكانمان وەلانێین ، هەروەك ئەم ئەزمونە كەبویە هۆی مەرگی شالیر لای ئەم كۆمەڵە شانۆكارە!!
ڕەنگە ئێمە بەتایبەتی (من وسەفین و گۆران ) سوربوینایە لەسەر ئەوەی كە ئەم كارە بە ئەنجام بگەیەنین ، ئەوائەمان توانی بەتایبەتی كە ئێمە گرفتی سەرەكیمان ، جگە لەو ئەكتەرانە گرفتی ئەكتەرێك بوو بۆ ڕۆڵی ( شالیر ) بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیمان كرد بە چەند ئەكتەرێكەوە بەلاّم هیچیان ئامادەیی ڕۆڵ بینینیان تێدانەبوو ، بۆیە بەناچاری و لەژێر زەبری ئەو بارودۆخەدا ئەم كارە وەستاو جارێكی تر بۆ كارێكی هونەریی ڕومان كردە دەقێكی نوسەری فەڕەنسی ( ئەلبێر كامۆ ) كە ئەویش دەقی (بەدحاڵی بون ) ە كە دواتر لە بەشی حەوتەم و ئەزمونی (2) دا بەدرێژی باس لەو ئەزمونە هونەرییەش دەكەین....

## شۆربوونەوەیەك بەپانتایی دەقدا:

بۆ پەی بردن و كەشفكردنی مەعریفیانەبە جەستەی هەر دەقێك كە لە زەمەنێكی (رابردووی ئەوێ) نووسرابێ بۆ راڤەكردنی بۆ زەمەنی (ئێستای ئێرە) پێویستی بە خوێندنەوەیەكی هاوچەرخانەدەبێت بەپێی تێگەیشتنە هەستیەكانی رافەكار (مفسیر)، بەپێی هاوگونجانی قاڵبگیریەكی لە قاڵب دراوی هاوچەرخ، ئەو قاڵبگیریەش لە هاوكێشەی (ئێستاو + ئێرە) دا خۆی دەبینێتەوە.

هەربۆیە ئێستاندن: لە چوارچێوەی دانانو قاڵبگیرییەك رەهەندی زەمەنی و كۆنترۆڵكردنی هەموو ئاماژەكانی پانتایی تێكست لەگەڵ ساتەوەختی ئێستا دەردەكەوێت ،ئەویش بەپێی ئاوێتەبوونی (رابردوو +

داهاتوو = ئێستا) وە ئێراندن لە لێکدانەوەیەکی مەودای جوگرافیای دەق بۆ ئێرەی دەق ((ئەوێی نووسەر) ـــ (ئێرەی من (خوێنەر) دەق)).

دیارە رووداوەکانی ئەو شوێنە جێگۆڕکێ و سەفەر پێبکات بۆ ئێرە و ئێستای ئامادە ـ ئێستاندن و ئێراندن هەر دەقێك لەدوای گڕوگاڵ کردنو لەدایك بوونی لەدەست نووسەر دەردەچێ و چەندەها خوێندنەوەی نوێ لەلایەن راڤەکەرانەوە بۆ دەکرێ وە خوێندنەوەش رادەی جیهانبینینە بۆ فەزای دەقی بەرجەستە لەلایەن راڤەکەرانەوە، ئەو کەسەی کە خوێندنەوەی دەق بەدەست دێنێ و ئیشی لە نێو دەزگای زمانەوانی دەق یان ئاماری زمانەوانی دەق دەکات سەرپشکە لە خوێندنەوەکەی کە دەتوانێت لە داهاتووی دەقدا ئیش بکات و ئێستا و رابردووش وەك دوو موفرەدە بۆ بەهێزکردنی داهاتوو بەکاربهێنێ. ئەویش ئەم خوێندنەوەی منە کە دوو رەهەندی دژوارەکە.

(پێشبینی و تەکنیکی نوسین)ە کە دواتر ئەو تەکنیکە لای زۆرێك لە کارەکتەرەکانی ئەم شانۆییە بەسەر چەندین ڕو شێوازدا دابەشبوە، کە هەوڵ ئەدەم بە جیا تێیان بڕوانم و پاشان ئیشکردنی هەریەکەیان لە نێو" تێکستی شالیر"دابە فراوانی مەودای هەریەکەیان لە کاریگەربوونی و هاوسەنگ کردنی تەوەرەی بەرامبەریان کە بە جیا هەوڵ ئەدەم لێیان بدوێم، (ئیشکردنی ئێمەش زۆر هەوڵدرابوو کار لەسەر ئەم ڕەهەندە بکرێت وسەرجەم گفتوگۆکانمان بەو ئاڕەستەیەدا دەڕۆیشت.)

## پێش کارکردن بینینێکی سەرتاپاگیری دەق

ئیشی ڕەخنەگریان ئەو کەسەی خوێندنەوە لە دەقێکدا دەکات و تەفسیری جۆراو جۆری بۆدەکات، ئەوەیە ئیش بەهێماو ئاماژەکانی دەق بکاتو ئاماژەیەك بتوانێت وا بەکاربهێنێ کە تێکئالآنێکی جەستەیی و مەوداش لەگەڵ کەینونەکانی دەقدا هەبێت،جا ئاماژەی پێشبینی لەو قالْبگیرییەدا نێوەندێکە بۆ گەیشتنە وێستگەی پرسیارەکان کە چیرۆکی دەقی شالیر لەوەوە دەست پێدەکات کە لیری پاشا پیربووەو دەیەوێ پێش ئەوەی بمرێ کۆشکەکەی بەسەر سێ کچەکەیدا دابەش بکات بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات کە هەر کچێکی زیاتر ئەوی خۆش بوێ بەشی زیاتر بێت و بۆ دڵنەوایی خۆشی، ئایا تا چ رادەیەك ئەم کچانە باوکیان خۆش دەوێ؟ سەرەتا (گونریل)ی کچی گەورەی بانگ دەکات و پرسیاری خۆشەویستی خۆی لێدەکات، گونریلیش دەڵێت:

(خۆشەویستی بۆ باوکم لەوە گەورەترە بە وشە بوترێ خۆشم ئەوێی ئەو خۆشەویستیەی زمان لە ئاستیا زەبوونە) ئەویش بەشی خۆی موڵکی دەداتێ و ئەیداتە میری ئەلبەنی،پاشان (ڕێگان)ی کچە ناوەنجی بانگ دەکات بۆئەوەی خۆشەویستی بەرامبەر باوکی دەربڕێو دەڵێ: (باوکم خۆشم ئەوێیت وە مەیل و خۆشەویستی چێژ لێنانیم لە چوارچێوەی هەستو شعورم بەقەدەر ئەوەی خۆشەویستیم بۆ باوکی بەرێزم شادو خەندان بێت) بەشی خۆی موڵك وەردەگرێ شوودەکاتە میری کۆرنۆڵ، (کۆردیلیا)ی کچە بچووکی بانگ دەکات بۆ ئەوەی بزانێ چەندێ خۆشی دەوێو کوردیلیاش دەڵێ: (ڕێزت دەگرمو خۆشم دەوێی ، بەڵام خوشکەکانم بەقەدەر ئەوەندە باسیان کرد تۆیان خۆش بوێ نابێ شوو بکەنو خۆشەویستی بدەنە

هاوسەرەکانیان ئەگینا وابێ نابێ قەد شوو بکەن و خۆشەویستی بدەنە مێردەکانیان) شالیر زۆر تورە ئەبێت‌و دەری دەکات و بێبەشی دەکات لەماڵ‌و موڵك.( من وگۆران وائەم چرکە ساتەمان ئەبینی کە سەرجەم پەیوەندیەکانی ئەو دەقە هەڵوەشێنینەوە بە دیوێکی تردا دەقەکە بخوێنینەوە.)

تەوەرەیەکی تری پانتایی دەق پەیوەندییە خێزانیەکانی گلۆستەری بەردەستی لیرە لەگەڵ دوو کورەکەی ( ئەدگاری شەرعی و ئەدمۆندی نا شەرعی) و (بیژو) کە ئەدمۆند ئەو میحوەرو چەقەیە کە تێکڕای فەلسەفەی" شکسپیر" لەم دەقەدا هەڵدەداتەوە. پاش کەمێك لەگەمەی دەقەکە گۆنرێل‌و ریگان هەریەکەیان بەشێوازێك باوکیان دەرئەکەن و لیریش بەرەو هستریای فکرو عەقڵ دەچێت تا بەرەو (ئینتیحار) بچێ، پاشان کۆردیلیابە فریای دەکەوێت و دەرگای بەخشندەی خۆی بۆ دەکاتەوە، خۆشەویستی دوور لە دەمامك و تەڵەکەبازی خۆی پێدەبەخشێ. ئەم کورتەی ئەو فەزایەیە کە تێکستی شالیری نەخشاندو وە هەوڵ ئەدەم بەجیا خوێندنەوەو قسەیان لەسەر بکەم. ( هەمو ئەم ڕستانە بەرهەمی سەرنج وتێبینی ئەو ماوەیەی پرۆڤەو دانیشتنە تایبەتیەکانی ئێمەبوو بۆ کارکردن لەو دەقەدا.)

پێشبینی/

شکسپیر پێش زیاتر لە چوار سەدە لەمەوپێش لەسەدەی 16هەمدا لەو ساتەدا پێشبینی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە خێزانییەکانی کردووە و قەیرانی خۆشەویستی لە نێوەندی خێزاندا وەك دیاردەیەکی باوباسی

لێوەکردوە ئەوە تا لەم دەقەدا شکسپیر لە دوو تەوەر شۆڕبۆتەوە بە نێوەندی ئەو پێشینیەدا بەشێوەیەکی نسبی ئەویش پەیوەندی

1ـ کۆنرێل.....لیر

2ـ رێگان.......لیر

3ـ کۆردیلیا....لیر

سەرەتا پەیوەندی گۆنرێل و رێگان شالیری باوکیان کە یاخی بوون هەڵشاخانیان بە رووی سیستمی دەستەڵاتی باوکایەتیو دەرچوونیان لە هەموو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی سەپاندوویەتی، هەربۆیە بەدەرکردن و نەفی کردنی لیری باوکیان سەر لە نوێ ئەو پەیوەندییە ئەزەلیەیان تێك دەشکێنن و پەیوەندیان لە هەڵشاخان بەرەو پەیوەندی بەرزی باوك دەگۆڕێ بۆ پەیوەندی ئاسۆی مێردو خێزانداری و دوایش هەرەس هێنانی ئەو پەیوەندییە ناچار سەر لەخۆ کوژیەوە دەردەچێت، دەبینین و وێنەی نەخشاندنی هەرەمی دەقێك و پەیوەست بوونی ئەو زەمەنە رابردووی دەق کە سەدەی 16هەمە (لەوێی دەقەوە بۆ ئێرەی دەق) لەوێ زەمەنی تاکایەتی باوك ـ کچ کە پەیوەندییەکی تاك رەهەندی بۆ ئێرەیەکی گشتگیری فرە رەهەندی کە ئێرەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیەیە کە ئەوروپا بەخۆیەوە دەبینێت، کە چەندەها گۆنرێل و رێگان لیرەکان دەردەکەون و ئێستا رێگان و کۆنرێلەکان بەچەندەهاشێواز زۆربوون بەشێوازێك بوونەتە واقعێکی کۆمەڵگای هاوچەرخ ئەم دەقەش تاك رەهەندی مانا دەشکێنی و زیاد لە مانایەك بە دالەکان دەبەخشێ.

ئەم خاڵەش دیارترین ڕەگەزبوو بۆسەرنجڕاکێشانی ئێمە کە ئەمڕۆ لەو سۆنگەیەوە بتوانین واقعی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگەی خۆمان بخوێنینەوە، بێگومان ئەمەش هێندەی تر پەیوەندی نێوان شانۆو بینەر بەهێزتر دەکات، کەبتوانێت لە زەمەن و قۆناغی ئێستادا ئامادەبێت.

ب ـ پەیوەندی لیر بۆ کۆردیلیا/ کە ئەمەیشیان پێچەوانەی ئاراستەی یەکەم، لەسەرەوە پەیوەندیەکە شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە، ئەویش لە دەسەڵاتی سوڵتەی بەرز بۆ کچی خۆی کە کوردیلیا ئەویش بە نەفی کردنو بێ بەش کردنی لە سەروەت و سامانی شاهانەی خۆی ،بەس لەبەرئەوەی نەیتوانی ڕوخساری ئارایشت بکات خۆی بکاتە لێبوگ لەبەردەم دەسەڵاتی باوکیدا) کە خوێندنەوە ئەم ساتە زەمەنیە ساویلکەییو ناهۆشمەندی دەسەڵاتداران و خاوەن کۆشکەکان بەتایبەت یەکێکی وەك" لیر" کە کەسێکی دەویست هەردەم بەشانو باڵیدا هەڵبات وەك سەرکردە سیاسیەکانی ئەمڕۆ ، یان ئەو دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ بوەتە سیمای دیاری دەسەڵات، دەبینین وینەی شکسپیر بۆ دەسەڵات هەمان وێنەیە کە ئەمڕۆ دەسەڵات لەواقعی خۆیدا هەیەتی، هەربۆیە" لیر" زۆر سادانە بڕیاریدا تا لە ژیاندا بێت بێبەری بێت لە سۆزو پەیوەندیە عاتیفیەکانی باوك،ئەمە دیارترین سیفاتی شاو مەلیکەکانە کە شکسپیر گوزارشتی لێدەکات، جگەلەمەش ئەمە پێشبینی شکسپیرە لە نێوەندێکی دیاریکراودا کە ئێمە دوای نزیکەی 5 سەدە بتوانین خوێندنەوەبۆ دەقەکەی بکەینوتێڕوانینی تایبەتیمان بۆی هەبێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆبکەین و بتوانین ئەوێی دەق بۆ ئێرەی دەق بگوێزینەوە کە ئەوێ پەیوەندییەی چەواشەی باوکە بۆ کچەکەی بەڵام

ئێرەی دەق ئەم واقعەی ئێرەیە لەدەرەوەی واتای دەق و ئەوێی شکسپیر پەی پێبردووە:

تەوەری دووەمی ئەو پەیوەندییە خێزانیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان:

( ئادگاری کوری شەرعی گلۆستەر)و(ئەدمۆن – بیژو)ە.

کە سەرەتای کێشەی نێوان گلۆستەر بۆ ئەدگاری کوڕی کە ئادگار کوڕی شەرعی و حەلاڵی خۆیەتی، بەلام بەهۆی هەست بە کەمی کردنی خودی (شعور بالنقص) ئەدمۆند کە دایەلۆگێك دەڵێ: (بۆ دەبێت گلۆستەر،ئەدگاری لەمن خۆشتر بوێ، بەس لەبەرئەوەی ئەو کوڕی شەرعیو من زۆڵم) لێرەدا لەم دایەلۆگەدا دەردەکەوێت کە ئەدمۆند هەست بە کەم دەکات بەرامبەر ئەدگاری برای کەمییەکەش ئەوەیە کە ئەم ناشەرعییە. زانایانی دەروونناسی مرۆڤ بە دوو جەمسەر دەبینن یان (ئینتوائی یان ئینبصاتی) (کوشەگیر + کراوە) کە هەموو مرۆڤی لەئەنجامی تێکەلاوبوونی بە کۆمەڵ هەست بە کەمی دەکات. ئەگەر ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی کۆمەلایەتی بێت ئەوا هەوڵ دەدات کەمییەکانی خۆی بە کۆشش‌و پێشبڕکێکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا پڕکاتەوە ،خۆ ئەگەر گۆشەگیر (ئینتوائی) بوو ئەوا هەوڵ ئەدات کەموکورتیەکانی بە خوێن ڕشتن‌و ئاژاوەو پەنابردن بۆ تاوان پڕبکاتەوە وەك ئەو گۆشەگیرو هەست بەکەمی کردنەی ئەدمۆند کە لە هەرمی کەسایەتیدا نەخشاوە، جەستەی بونیادنراوی ئەدمۆند لە مرۆڤە گۆشەگیرەکانەو بەهۆی هەست کردن بەکەمی ناخی ئەو کێشانە دبینێتەوە کە لە دەقەکەدا روو ئەدەن، ئەدمۆند دەتوانین بڵێین وێستگەی پەخش کردنی تۆوی هەموو کارەکتەرەکانی ئەم تێکستەیەو دەبێتە چەقی

ڕووداوەكان و هەموو كاراكتەرەكان بەچوار دەوری ئەودا دەخولێنەوە.((دیارە كاركردنی من و گۆران یش بەهەمان دید بوو كە چەقی كاركردن دابەشكەین بە سەر ئیدمۆند و كۆردیلیا وەك دو كارەكتەری تەواو پێچەوانە،لەگەڵ ئیشكردن لەنەستی كارەكتەری شالیر وەك میرێكی خڵەفاو))

كە هەرسێ ئەكتەر ئازاد جەلال و كاردۆ عەزیز و ڕۆزا ئومێد ڕۆڵی ئەم سێ كارەكتەرەیان بەرجەستە دەكرد.

لێرەدا دەبینین چۆن ئەدمۆن لە چەقی ڕووداوەكانەو ئاژاوەی ئەو نێوەندە كۆمەڵایەتیەشە بەهۆی لێكترازانی لەدەسەڵاتی باوكیو هەست بەكەمكردنی و پاشان هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی خێزانی خۆیانو چەندین خێزانی وەك لیرو میری كۆرنۆڵ میری ئەلبەنی... هتد. هۆكاری ئەمەش بە خوێندنەوەیەكی زانستیانە هۆكەی لە خەلیقە بوندایە خەلەل لە خەلیقە بوونی ئەدمۆند كە خەلیقەیەكی ناشەرعییە ،بۆیە كۆمەڵێ كێشەی تر دەخولقێنێ دوای خۆی ڕیتمی كارەكتەركانی تر تێك دەشكێنێو دەبێتە خەلەل لەپانتایی ژیان و ڕێڕەوی سەرتاپای كارەكتەركانی تر، بەجیاوازی دیدوبۆچوون و ڕەنگدانەوەی ئەو ناسروشتییەی كە زۆڵەو لەهەمانكاتیشدا كارەكتەرێكی سادیەتو نرجسی لێ دەردەچێ هەربۆیە" خەلیقە بوون + رەفتار = ریتمی هەڵشاخانی كارەكتەر بۆ ژیان، هەربۆیە خەلیقە بوونی ناسروشتی (ئەدموند) سەرتاپا خەلیقە بوونی پانتایی دەقەكە دەشێوێ ڕێڕەوی هەمارشیای كەسایەتیەكانو دەقەكە بەرەو ڕوویەكیتر دەبات بینین لە تێڕوانینەكانی شكسپیر بۆ كەسایەتی (ئەدموند) بینێكی لۆژیكیو فەنابوونی سەرتاپا مۆتیفەكانو پاشان خاڵی كردنەوەی لەیەكەیەكی كارەكتەرەكانی تردایە چونكە( د. سەمیر سەرحان ) لە

کتێبی (دراسات في الادب والمسرح) دیدی بۆ کارەکتەرەکانی شکسپیر وایە کە ڕووخان و هامارشیای کەسایەتیەکان هیچ پاساوێکی مەنتیقی نیە، لە گۆڕان لە بەختەوەری بۆ ناخۆشی و ئینتیحار٭ ئەو گۆڕانکاریانەی ئەدمۆند هۆکاری یەکەمی ڕووداوەکانی دەقەکەیەکە شکسپیر ئاوا مەبەستیەتی هەردوو تەوەرەی (خەلیقە بوون + ڕووداو) بەیەکەوە ببەستێتەوە ،چونکە (ئەدمۆند) خەلیقەیەکی ناشەرعی بووە کە (زۆڵە)، بۆیە لە هەموو چرکەکانی هەوڵی بەدرەوشتی دەدات لەگەڵ (گۆنریڵو ڕێگان) کۆنۆڕۆڵ کە هەردووکیان متمانەی تەواویان دابوو بە (ئەدمۆند) پاشان هاوچوون بوونەوەی هاوکێشەی دەمامك پۆشینەکە لە نێوەندی خێزانی لیر بۆ گلۆستەر کە گۆنرێڵ و ڕێگان هەلگری ئەو دەمامکە درۆینەبوون و ڕوکاری خۆیان پێ ئارایش کردوو لە خێزانی گلۆستەر (ئەدمۆند)یش هەمان ئەو دەمامکەی پۆشی بوو بۆیە لەڕووی چەقی ڕووداوەوە بونیادی پلەی کاریگەری لەڕووی هەرەمی سەرتاپای دەق ئەدمۆند و گۆنرۆڵو ڕێگان یەکسان دەبن!!

هەرچۆنێك بێت تا ئەمرۆ چەندین خوێندنەوە تێڕامان بۆ دەقەکانی شکسپیر کراوە هەر لە خوێندنەوەی واقیعی و سریالی و ئەکادیمی و ئەناتۆمکاری.. هتد

دەشکرێت هەموو تێڕوانینەکانیش لە ویستگەیەکەوە ڕاست بن هەرئەمەشە گەورەی ئەو نووسەرە ئینگلیزە دەردەخات، بەلام هەرچۆنێك بێت شکسپیر بالاترین هزرە لە خولقاندنی واقعداو لەتێکدانی واقیعیشدا٭ بۆیە تا ئەمرۆ ئیشکردنی بەردەوام لەلایەن زانکۆو ناوەندە هونەریەکانی جیهانەوە بۆ بەرهەمەکانی شکسپیر دەکرێت و تازەترین و سەرکەوتوترین بەرهەمی هۆلیۆد دەقێکی شکسپیرە ئەمە جگە لەوەی هەریەك لە دەقەکانی هاملێتو ماکبێس

وئۆتێللۆویۆلیۆس قەیسەرو هنری پێنجەمو چەندان دەقی تر لە شاشەکانی سینەماوە دەبینرێت.

ئیشکردنی سینەما بەو شێوەیە لەسەر دەقی شکسپیر گرنگترین هۆکاربوونی سیمای پتەوی کارەکتەرەکانی شکسپیرە لە هەموو ڕوەکان سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیو ئەنتۆلۆژیایەوە* هەربۆیە تا ئەمرۆش بە بەردەوامی شکسپیر لە یادەوەرەیماندا ئامادایەو ناسراویشە بە موعجیزەی شانۆ لە هەموو سەدەکاندا.

ئێمەش زیاتر لە تێڕوانین و هەڵکۆڵینی کارەکتەرەکاندا دەمانویست کار لەسەر پێکهاتەی ئەدمۆند بکەین وەك ئەوەی کارەکتەرێکە زۆر لایەن و دیدو فەلسەفەی شکسپیری تێدا کۆبوبویەوە، "ئەدمۆند" کەسایەتیەکی نا ئاسایی بوو، بۆیە بۆ نواندن یش پێویستمان بە ئەکتەرێك هەبوو یادەوەری زۆر بەهێزبێت، کاردۆ وەك ئەوەی گەنجێکە دەوڵەمەندە بەئەزمون ونواندن یادەوەریەکی بەهێزی هەیە لەنواندندا شانسی بەهێزی پێبڕا ، بەتایبەتی بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەیەکی ئەندێشاوی ئەدمۆند لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەبکات ، هەرچەند بەداخەوە هەردو جارەکە لە قۆاغی سەرەتایی ڕاهێناندا ئەم کارەمان وەستا ..

ئەمە جگەلەوەی هەرلەدەقەوە ئێمە ئیشمان لەسەر پێکهاتەی دیکۆر فەزای نمایشکردو زۆر جاریش گفتوگۆکانمان ئیجای ئەو کارەی پێدەبەخشین و بەمەش شێوەکارێکی وریامان پێویت بوو ، کە بۆئەوەی بتوانێت بۆچونەکانی ئێمە بەتێزێکی هونەرییانەی جوان لەسەرشانۆ بەرجەستە بکات.

(کۆردیلیا) ش بۆ کارکردنی ئێمە بە هەمان شێوەی شکسپیربوو ، بەلاَم ئێمە ئەو سادەیی و پاکیزەیەمان لەو کارەکتەرەدا زیاتر چڕکردبویەوە و

هەوڵمان دابوو ڕیتمی ژیانی ئەم لەهەمو کارەکتەرەکان جودابێت هەروەك ئەوەی شکسپیر خۆی ڕەنگ کێشی کردبوو ، بەلاَم ئێمە پەیوەندیەکانی ئەو کارەکتەرەکانی ترمان زیاتر قول ٚکردبویەوە بەتایبەتی لەتەك شالیری باوکیدا،ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ڕوئیای من وگۆران بوو بۆئەم شاکارەی شکسپیر، کە تاهەنوکە نەگەیشتوەتە سەرتەختەی شانۆو لەئێستاوە کاربۆئەوەدەکەین کە ئەو ڕۆژەبێت.

حوزەیرانی 2003

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

- دەقی کراوە دەقی داخراو. نووسین مەنسور خلج/
- العقدة النفسية واشعور بالنقص/ عباس مهدی البلداوی.
- العقدة النفسية واشعور بالنقص/ عباس مهدی البلداوی.
- سادیو نەرجسی بۆ کەسێك بەکاردێت کە حەز بە خوێن ڕشتنو پیاو کوژی بکات. ،نەرجسی زاراوەیەکی دەروونزانیيە بەواتای خۆپەرستی دێت.
- دراسات فى الادب المسرحی / نووسینی لویس خارجاسی وەرگێڕانی ئەحمەد سەلامە.
- الواقعية في المسرح/ نووسینی مهدی تابور.









# بــەشیحەوتەم

## ئەزمون (2)

## بەدحاڵی بون

## لەبەردەم خوێندنەوەی جیاوازدا

(بەدحاڵیبون ) ناوی شانۆگەرییەکی نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی (ئەلبێر کامۆ ) یە، کەلەساڵی ( 1944) لەپاریس نوسیویەتی وتائێستا لەزۆربەی دەقەکانی کامۆ زیاتر نمایشکراوە ، ئەمەجگەلەوەی بابەتی شانۆییەکەوەو تەکنیکی هونەری بۆئێمەوبۆئەم قۆناغەی کە ئێستا پێیداتێپەڕدەبین زۆرگرنگەو چرکەساتەکانی زۆرلەهەنوکەوە نزیکن ، لەلایەکی ترەوە ئەو (مەرگدۆستیە) ی کەلەشانۆییەکەدا هەیە بەبەراورد بەبێ ئومێدیەکانی کارەکتەرەکانی وڵاتی ئێمە زۆرلێکنزیکن ، لەبەرئەمانەو هۆکاری تریش ئێمە کۆمەڵێ شانۆکارین ماوەی سێ مانگە بەبێدابڕان لەڕاهێناندایین بۆنمایشکردنی ئەم بەرهەمە،لەمانگی 10 ی 2004 لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایشمانکرد، هەرچەند سەرەتا ئەم گروپە سەرقاڵی شانۆگەری (شالیر) ی شکسپیر بوین، هەروەك چۆن لە بەشی پێشوو لە ئەزمون (1) ئاماژەمان پێدا بە هۆی ئەو جیاوازیە قوڵەمان لەسەر مەفهومی کارکردن لەشانۆدا ئەزمون(1) کە ئیشکردن لە شالیردابوو نەگەیشتە نمایشو لێکدابڕانەکەمان گەیشتە ئاستی جیابونەوە ، جگە لەو قوتابیانەی بەشی شانۆ، من و گۆران و سەفین سەرەتای بیرۆکەی ئیشکردنمان لەم شانۆییەدا گەڵاڵەکرد، دوای ئەوەی کە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەداگەیشتینە بن بەست بۆ کاری هونەری ،بۆیە دوای شالیر ڕاستەوخۆ ئەم پرۆژەیە لەدایك بوو....

وەك ناسینێك ئەم گروپە هەمومان دەرچوی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانین و پێکهاتوین لە ( سەفین ئەنوەرشوکری، ڕۆشنا

جەمال ، ڕۆزە ئومێد ، شادان عەلی وەك ئەكتەر ، گۆران عەلی كەریم وكامەران سوبحان دەرهێنەر.) بەرهەمەكەش بەرهەمی بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری وهونەربوو لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ، دیارە لەم ئیشەشدا وەزیفەیەك نەماوە ناوی ئەكتەر یان دەرهێنەر یان هەرڕەگەزێكی تربێت ، بەڵكوكارەكان هەمویان لەسەرئەساسی دیالۆگ وگفتوگۆ دروستبون وپاشتر ستراكتۆری گشتی وبنەمای دیمەنەكان پێكهاتون ، تەنها شتێك نەبێت ئەویش خوێندنەوئامادەكردنی تێكستەكەی كامۆ نەبێت كەهەوڵی گۆرانەبەتەنها بەڵام دواتریش بەگفتوگۆ ولەكاتی ئیشكردندا هەندێ گۆڕانكاری بەسەرداهات .

مەبەستیش لە نوسینەوەی ئەم ئەزمونانە سەرەتاوەك دەست پێشخەریەك بوو لە لایەن خۆمانەوە چونكە هەستمان بەوە دەكرد ئەم لایەنە زۆر لەشانۆدا پەراوێزكراوە بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت بتوانین گوزارشتێكی ڕاستگۆیانە لەو ئەزمونانەی خۆمان بكەین كە ڕۆژانە ئیشی تێدا دەكەین ،بەبڕوای ئێمە ئەم لایەنەلەئەدەبیاتی شانۆیماندا زۆرفەرامۆشكراوە ، هەرهیچ نەبێت بۆئەوەی بینەران هەندێ حاڵەتی لوغزونهێنی شانۆیەكە پەی پێبەرن ، یان بەئاگابن لەوگۆڕانكاریانەی كەئێمە لە( بەدحاڵیبوندا ) كردومانە، چونكەئەم نمایشەو تێكستەكەی كامۆ زۆرلەیەكترجودان بەڵكوئێمە زیاتر خوێندنەوەیەكی (هێماكاری وئاماژەی) یمان بۆكردوە،هەربۆنمونە لەیەكەم ویسگەی كاركردندا لایئێمە شتێك نەماوە ناوی ( ئوتێل ) بێت هەروەك ئەوەی لەدەقەكەی كامۆدا سەرجەمی ڕوداوەكان لەو ئوتێلەدا ڕوئەدەنەن كە ( مارتاو دایك ) یتێدا دەژین ،بەڵام لای ئێمە پانتایی كراوە ئیشی لەسەر دەكرێت ، ئیدی

ئەوشوێنە ماڵ بێت یان ڤیلە یان مەنفا گرفت نیە، گرنگ ئەوەیە کارەکتەرەکان شوێنگەیەکە بەرەو مەرگیان دەبات ، ئەم بەرەومەرگ چونەلای ئێمە سنورێکی بەرینی داگیرکردوە،هەروەك ئەوەی کە (جان ) لەقەلەقیەکی ترسناکدادەژی هیچ شوێنێك بەماڵی خۆی نازانێت ، بۆیە ئەو لەنێوان فەلسەفەی (مەرگدۆستی وژیاندۆستیدا ) تائەوپەڕی سنور دەڕوات، تادواجار دەگاتە ئەوبڕیارەی ( ئاو) ی پەرداخەکەی (مارتا ودایکی ) کەپڕەلەژەهربخواتەوە چونکە ئەوژەهرە لە ئەڤینەکەی (مارتا ) باشترە بۆی ، دواجار ئەودنیایە بەجێدێڵێت کەئەو خۆی دەڵێت (من لێرە چی دەکەم ؟ تاکەی بەردەوام دەبم ؟ دڵنیام بەبێ هۆنەهاتومەتەئێرە ، ئەبێ ئەرکێکم هەبێت ، لێرەوە هەمو شتەکان دەگەیەنمە ئەنجام ، بەلاّم ئێرە شوێنێکی ساردو شێواوە ،شوێنێکەچەند بەشوێن خۆشگوزەرانیدا بگەڕێیت تێیدا توشی بەدبەختی دەبیت ئایا ئەمەپەیوەندی بەتەنهاییەوەهەیە؟ بێزاری بەردەوام لەتەنهایدا دەستپێدەکات ، ئایاتەنهایی ترس نیە؟؟ ئێمە هەرلەسەرەتای بونمانەوە بەترس لەدایك بوین ، کەدەشمرین بەترسەوە چاودادەخەین ، لەتاریکیەوەبۆ تاریکی !!)

جان بەدرێژایی ئەوماوەیەی دەبینرێت لەسەر شانۆ بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت بۆ مەرگ نەك ئەوەی ئێمە ،کامۆ مەحکوم کەین بەوەی کەبۆچارەنوسی "جان" بەرەو مەرگ دەبات ، چونکە جان چ لای ئێمە چ لای" کامۆ" گەڕیدەیەکە دوای زەمەنێکی درێژ بەدوای کاسپی وبازرگانیدا دوای زەمەنێك لەگەڕان بەکیشوەرەهەمەجۆرەکانیدونیا دێتەوە بەدەستی دایکی ومارتای خوشکی دەکوژرێت، ئیدی چارەنوسی عەدەمیانەی "جان"

هەروەك زۆرێك لەكارەكتەرەكانی تری "كامۆ" بەرەوناديار ئەچێت، ئێمە تەسميە بۆئەوشوێنە ئەدۆزينەوەوناوی دەبەين بەمەنفا!!

جگەلەمە سەرجەم كارەكتەرەكانی تر لای ئێمە بۆنی مەرگيان لێدێت هەناسەكانيان لەبێ ئومێديەوە دێت تەنها كەسێكيان تۆزێك ئەڤين دەكات لەگەڵ ژياندا كە (ماريا) يە ،بەس ئەوگەشبينەو بەردەواميش لەگەڵ "جان" لەگرفتی ئەوەدايە كەئەوبۆ پێناكەنێت ،پێويستی بەوە هەيەبەردەوام "جان "بۆی پێبكەنێت ، بەلأم جان دوای ئەوهەمو گەڕانە بەدوایشوێنێك بۆژيان هەستدەكات كەپێويستە لەگەڵ ژيان زۆرڕەق بێت نەك ئەوخەندەيەی كە "ماريا" داوای لێدەكات ، ئەوبەئەزمون گەيشتۆتە ئەوحاڵەتە، هەربۆيە كارەكتەری (جان ) لای (كامۆ ) زۆرجێی بايەخە هەروەك كارەكتەری (مۆرفی ) وايە لەرۆمانی (نامۆ ) دا هەردوكارەكتەرەكە لە بێئومێديەكی سەرسەختا ئەژين و چارەنوسيان ناديارە بۆيە (جان ) زۆربێباكانە دەڵێت (( پێكەنين هەموشتێك نيە خۆشی وشاديەكان نامانگەيەنن بەهيچ مەبەستێك ، تەنهائەوكاتەی ئەگرين ئەزانين ژيان چەند پڕبايەخە ،ئەوكاتەی كەغەمگينين زياتر هەست بەبون دەكەين ،چ شەرمەزاريەكە ژيانت پڕبێت لەشادی ... مرۆڤ تەنها بەئازارەكانيەوەجوانە ،دەتوانين هەموكات پێبكەنين بەمەبەست وبێ مەبەست بەلأم دەتوانين تەنها بەمەبەست بگرين ،هەندێ كەس هەيە تالاشەيان دەڕزێ پێدەكەنن،بەلأم چەندساتێ پێش مردنی تێدەگات كەهەموژيانی بەخۆڕايی تێپەڕيوە ))

ئەمەيەبەركەوتنیئێمەو كامۆ لەولەحزانەی ئەكتەرەكان لەجەنگێكی بێ كۆتايدان لەگەڵ كارەكتەرەكانيان ، من وگۆرانيش وەك چاودێر

تەنهاکارمان لکاندنی چرکەکانە بەیەکەوە، لەگەڵ چاودێری ڕیتمی ئەو نمایشەی کەدەمانەوێت بگاتە بینەر ....

هەرچی کارەکتەری (مارتا/ دایك ) هەیە ،بەردەوام لەوماڵەدا بەخۆیان وپەرداخە ئاوەکەیانەوە خەریکی ژەهردەرخواردنکردنی خەڵکن ،هاتنی ( جان ) یش فۆرمێك لەڕێکەوتن هەیە ، بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت ئەو نائومێدیەی کامۆ لێی ئەدوێت لەسەر دەستی ئەوان بێتەدی، چونکە ژیان و مەرگ لێرە یەك مانای هەیە ئەویش بێ هیوایییەکی کوشندەیە کەسەرجەم کارەکتەرەکانی کامۆو ئەکتەرەکانی ئێمە تادواچرکە شانۆییەکەگوزارشتی لێدەکەن .

ئەم حاڵەتەش لای ئیشکردنی ئێمە ئەپەڕێتەوە بۆدەسنیشانکردنی ڕیتمی گشتی شانۆییەکە ،کەڕیتمێکی هێواشەو ڕەنگی مەرگ باڵی بەسەرداکێشاوە،

کێشەگەورەکە لێرەداو لەم ماڵەدا گوزارشتکردنە لەمەرگ لەخەون لەئازادی لەیاخی بون کەهەمویان بەردەوام لەم شانۆیەدا باسیان لێوەدەکرێت، کێشەی مەرگ یان ئەوکوشتنە بێ ئومێدیانەی کەئەودایك وکچە مومارەسەی دەکەن لەوکوشتنە بێئومێدانە ئەچن کەڕۆژانە لەوڵاتی ئێمەجێبەجێدەکرێن وکەس باسیان لێوەناکات ، هەموئەمانەی ئێمە تەنها لەچوارچێوەی بیرۆکەی کارکردندایەو بەهیواین بۆنمایش هەمو ئەمانەبەکردەی شانۆیی بگەیەنینە بینەران ،بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت ئەوچرکە عەدەمیانەی کەژیانی بەشێکی زۆری مرۆڤایەتیداگیرکردوە ئێمەلێرەوە گوزارشتی لێبکەین ، بەدڵنیاییەوە دەخوازین ئەم هەوڵەمتەوازیعەمان زۆردوربێت لەدروشم تەنها وەزیفەیەکی ئەکادیمیانەی

هونەری هەبێت ، بینەریش وخوێنەریش سەرپشکە لەبەراوردکردنیئنوسینی ئەم ئەزمونەوکاری پراکتیکی شانۆییەکە، ئێمە دڵنیاشین نوسینی ئەم ئەزمونە دەروازەو دەلیلێکی باشەبۆ بینەران بۆ ئاشنابون بەفۆرمی کاردنمان، ئەمانە هەموی سەرەتایەکی پێویست بون بۆتێگەیشتن لەدەقی (بەدحاڵی بون ) ی( ئەلبێر کامۆ ) لێرەوە دەمەوێت بێمە سەر وردەکاری لە تێڕوانینی هەریەکە لە ئێمە بۆ ئەم دەقەو بۆ ئیشکردن لە نمایشێکدابۆئەوەی لێرەوە لەسەر هێڵە گشتییەکانی کارکردنمان دەڕۆین ووردەکاری بونیادی گوتاری نمایش وڕەگەزەکانی بەریەککەوتنی ئەکتەر بەرامبەر بەسەرجەم توخمەکانی شانۆ بۆخوێنەران دەخەینە ڕوو، لێرەدا هەوڵدەدەین کە زیاتر خۆمان لە(تێکست ونمایش ) بدەین وهەمو سنورەکراوەکانی بهێنینە بەرقسەکردن ولێدوان ...

ئەمە بەشێوەیەکی گشتیسکێچێکی گشتیە لە کارکردن لەو شانۆییەداو لەسەربنەما سەرەتایەکانی کارکردن دواین ، لەم بەشەدا هێڵی بەرکەوتنی ئەکتەر بەسەرجەم ڕەگەزەکانی ترەوە دەخوێنینەوە ، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بینەران بەوفۆڕمەسەرەتاییەئاشنابن کەئێمە کاری لەسەردەکەین ،دیارە لەیەکەم قۆناغی هەڵبژاردنی تێکست تاساتەکانی پڕۆڤەو بونیادنان لەم کارکردنەدا ،بەرێسایەك کارکراوە کەئەکتەر سود لەئەزمونەکانی خۆی ببینێت لەبەردەم ئاوێنەی کارەکتەرەکەیدا ، چونکە بەدرێژایی نمایشەکە جەنگێکی بەردەوام هەیە لەنێوان ( ئەکتەرو کارەکتەر) دا بەشێوازێك ئێمە دامانناوە هەرئەکتەرێك جەنگ لەکارەکتەرەکەی بباتەوە ئە وەچرکەی سەرکەوتنی ئەوە لەونمایشەدا، بۆیە بەدرێژایی نمایشەکە بینەر کارەکتەر نابینێت بەڵکو ئەکتەر دەبینێت) ....

لەمەوە یەکەم جیابونەوەی ئێمەیە لەگەڵ (کامۆ ) هەربۆیەبەوشێوازە کاردەکەین کەپرسیارەکانی ئێمە لەناو ( بەدحاڵی بوندا ) چییە؟ چۆن ئەتوانین بونی خۆمان وەك هەرتاکێکی سەربەست لەناوسیاقی تێکستێکدا بدۆزینەوە، چونکە مەسەلەی (بون و عەدەمیەت ) لەناو کارەکانی (کامۆ) دا پانتاییەکی بەرینی داگیرکردوە، کەبۆخۆی بونی (جان ) لای کامۆ و سەفین لای ئێمە بەسە بۆدەرخستنی ئەوعەدەمیەتەی کەنەك ژیانی خۆی بەڵکو سەرتاپای نمایشەکەشی تەنیوە ، فەلسەفەی عەدەمیەتێك کەزۆرجارلای کامۆ ژیان دەباتەلای مەرگ ، مەرگێك کەجگەلەبێهودەیی هیچ مانایەکی تری نیە ، دواتریش لای کامۆ ڕەنگە هەڵبژاردنی مەرگ چرکەساتێکی عەفەویانە بێت کەلەدەرەوەی ئیرادەوەبێت بەڵام دواتر حەقیقەتێکیشە کەلای ئێمە (سەفین ) و لای (کامۆ ) (جان ) بەرەومەرگ دەبات ، دواتر بون لای هەریەك لەوکارەکتەرانەپەیوەست بەچرکەساتێکی ڕەشبینانەوە، کەدواتر هەمویان هەناسە ئەدەن هەمویان ئاو دەخۆنەوە ، هەمویان ئەدوێن بەڵام هەمویان لەبەردەم هێرشی مەرگدان چ مەرگێك ئەومەرگەی (سەفین ) پێی ئەگات ،یان ئەومەرگەی ( ڕۆژاو رۆشنا ) جێ بەجێی دەکەن ...

هەرلەوکاتەدا ودوای ئەوسەفەرە درێژەی (سەفین ) یان (جان ) لەدەقەکەدا وگەڕانەوەی بۆلای دایك وخوشکەکەی بونی ئەم کارەکتەرە بونێکی زۆرعەدەمیانەیە ،بەشێوازێك ئەونازانێت لەنێوان ( مەرگ وژیان) دا کامیان هەڵبژێرێت ، بەڵام کامۆ بەردەوام لەم کاتانەدا هەستی ئیرادەگەرێتی لەکارەکتەرەکانی ئەسێنێتەوەو تەسلیمیان دەکات بەچارەنوسێکی قەدەریانە ، بەڵام ئەم قەدەرە لەهی ئۆدیب زۆجیاوازترە،

جیاواز بەشێوازێك لای کامۆ تاپلەی کۆتایی ماوەهەیە بۆیاخیبون و گومڕایی ، دواتریش چارەنوسی کارەکتەرەکان لەم دەقەدا هەمویان بەرەو فەنادەچن بەلاَم لای ئێمە ئەمە زۆرجیاوازتردەکەویتەوە وبەشێوازێکی زۆرجیاکاریانە کارمان تێداکردوە کەپەیوەستە بەلایەنەچرکەساتیەکانی ئەکتەرەوە لەو چرکەیەی کەلەسەر تەختەی شانۆ داهێنان دەکات ، ئەمەش نزیکیەکی زۆری بۆدروستکردین لەنێوان ( ئەکتەرو کارەکتەر) دا ،

ناوهێنانی جیاکاری لای ئێمەولای کامۆ تەنها بۆئەوچرکەساتانە دەگەڕێتەوە کەئێمە لایەنێکی جیاوازتر لە دەقەکە دەخوێنینەوە ، بۆئەوەی هەریەکەمان لەوگروپە بەسەربەستی خۆیەوە بەلاَم بەرێکخراوەیی گوزارشت لەلایەنێکی دەقەکەبکات ، ئەوسالەوپانتاییە بەرینەدا کە (مەرگ وژیان ) ە ئێمە گوزارشتی خۆمان دەکەین .

هێنانی هەریەك لەو موفرەدانەش لەوسۆنگەیەوە هاتوەتە ناوکارکردنەوە بەجۆرێك ڕۆژانە ئەوانیش هەروەك ئەکتەرەکان لەبەردەم جێگۆرکێیەکی بێ سنور دان ، چونکە چ موفرەدە چ ئەکتەر لەو مەشقە ڕۆژانەیەدا بەرگی جیاواز دەپۆشن و ڕەنگە دوابەرگ ڕۆژی نمایش بێت کەبینەران دەیبینن ، لەگەڵ ئەوەی ئەوجێ گۆڕینە زۆر جارکاری ئەکتەری لای ئێمە قورستر کردوە بۆئەوەی ئەکتەر بەردەوام ئەوموفرەدانە لەڕۆحی کارەکەدا ئەوسالەڕۆحی خۆیدابیینێت، چونکە ناکرێت ئەکتەرێك ماوەیەکی زۆرلەسەر تەختەی شانۆبێت بەبێ دروسکردنی پەیوەندیەکی ڕۆحی ئەوپەیوەندیەی چ ئەکتەر چ ئێمەش لەدەرەوەی تەختەی شانۆ پێمان وایە کرۆکی کارکردنی هونەریانەیە لەناو پرۆسەی شانۆدا ، بۆیەلەهەمو چرکەیەکدا ئەکتەر بە هۆشیاریەکی دەستەجەمعی لەسەرەوە پێویستیان

بەدروسکردنی ئەوکەشەیە کەشانۆیەکەی لەسەر خولقاوە،تەنانەت لەکاتی ڕاهێناندا ئەکتەرەکانمان لەسەر کەشی تایبەتی ئیشیان دەکرد، بۆیە پێوست بولەسەرئێمە ئەوکەشەیان بۆبخولقێنین بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت بتوانن وێنای حاڵەتەکان بکەن، ئەوسا بەئازادی خۆیان دوای شیکار گوزارشتی لێبکەن

هەمو ئەمانە یارمەتیدەرێکی بەهێزی ئێمەبون بۆکارکردن لەم دەقەدا هەرچەند بینەران ڕاستەوخۆ هەست بەوجیاوازیە دەکەن لەکارکردنی ئێمە لەگەڵ ئەودەقەی کە ( ئەلبێر کامۆ ) نوسیویەتی ، وەك ئاماژەم پێدا ڕێکەوتنێك هەیە لەنێوان ئێمەو هەندێ هێما ولایەنی ئەودەقەدا ئەمەش وایکردوە تاڕادەیەك جیاکاری هەبێت لەنێوان گوتاری کارکردنی ئێمە لەگەڵ دەقەکە دا ئەمەش یەکەم موبەڕیڕی گۆڕینی ناوی نمایشەکەیە لە (بەدحاڵی بون ) ەوە بۆناوێکی تر، کەئێمە پێمان وایە حەقی تەواونادەین بەکامۆ گەربەوناوەوە نمایش بکەین چونکە گۆڕانی زۆرمان لەدەقەکەیدا کردوە...

لایەنێکی زۆر ( سۆسیۆلۆژی ) لەم دەقەداهەیە کەدواتر پەیوەستیەکی توندوتۆڵی بەڕەهەندی ( جەندەر) یی یەوە هەیە کەزۆرجار لەنێوان (جان وماریا ) لەدەقەکەداو (سەفین وشادان ) لای ئێمە بەدەر دەکەوێت ، بەتایبەت لەوکاتەی سەفین دەیەوێت شادان جێبهێڵێت وبڕوات بۆلای دایك وخوشکەکەی ئەوسکاڵانەی شادان دەیکات سەبارەت بەڕەگەزی بەرامبەری ودواتریش هەمان شت لای" ڕۆزا وڕۆشنا" (دایك ومارتا) هەیە کە بەردەوام پیاوان بەوەتاوانباردەکەن کە خۆشەویستی ڕاستەقینە نازانن، ماریا دەڵێت : (پیاوان هەرگیز خۆشەویستی ڕاستەقینەنازانن، هیچ شتێ ڕازیان ناکات)

دایك دەڵێت : ( پیاوئەمەندەش گەورەنین کەخۆیان هەستی پێدەکەن ، کەدەخەون سیمایان خاڵی دەبێت لەهەمو شتێك )

ئەمەوەك دوونمونەی زۆرسادەی دەقەکە کەمن پێم وایە باسکردن لەمەرگ هێندە فراوانە شوێنی بۆ هیچ شتێکیتر نەهێلاّوەتەوە ، مەرگ تەنها مەرگی ( سەفین یان جان ) نیە بەڵکو فەلسەفەی مەرگ لای ئێمە گرنگە ئەگینا مردن چرکەیەکی فیسیۆلۆژیە وتەنها ئەوکەسە پێی دەگات کەبەری دەکەوێت بەلاّم مەسەلەگرنگە کە لای ئێمە قسەکردن لەمەرگ بەمانایەکی زۆرفراوانتر ، ئەومانایەی کەسەرجەم ئەکتەرەکانی ئێمە لەسەرەتای شانۆیەکەوە تاکۆتای بەدوایدا دەگەڕێن ،بەلاّم جگە لەبێئومێدی هیچی تریان دەسناکەوێت مەرگ بەردەوام دەبێت بەو فەزایەی کەهەموی خۆی لێئەدات بەلاّم هیچ کەس ناتوانێت بیناسێنێت!!

2004

# بــەشی هەشتەم

## (سووتوەكانی ژیان)

## فەزایەك لە بینینگەی ئێمەوە

ئەگەر پرۆسەی بەنمایشبوون بەو ساتەوەختە دابنرێت کە جەستەو دەنگی ئەکتەر لە قۆناغی ڕاهێنانەوە دەچێتە قۆناغی خۆ نمایشکردن، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو ساتەوەختەش کە هێڵەکانی گەیاندن لە ئەکتەرەوە وەك سەنتەری یەکەم، بۆ بینەران وەك سەنتەری دووەم، دەبێتە هێڵی سەرەکی بۆ ستراکتۆرێکی شانۆیی...

لێرەوە، بەردەوام دەتوانین ئەم پرسیارە بەمێشکماندا بێنین: ئایا بینین وەك دیارترین ڕەگەزی هۆشیاریی (مرۆڤ) دەتوانێت ئەو ئەتمۆسفێرە ئیستاتیکی و بونیادییە ببینێت کە لە نمایشێکی شانۆییدا خوڵقاوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەناچارییەوە دەبێت پەنا بۆ هۆشیاریی ئەو تاکە بەرین کە نمایشەکە دەبینێت، چونکە پرۆسێسی بینین تەواو پرۆسێسێکی خودییەو ڕادەی هۆشیاریی ئەو بینینە دیاریدەکات. هەر بۆیە زۆر جاریش سیستەمی وەرگرتن (تلقی) لە بینینەکانەوە جیاواز دەکەوێتەوە، هەر لێرەشەوە دەکرێت زۆرجار لە بینینی نمایشێکەوە چەندان ڕوئیای جیاوازبێت، ڕەنگە سادەترین جیاوازی پەیوەست بێت بە حاڵەتی دەروونیی ئەو تاکەوە کە ئامادەیی دەبێت بۆ بینینی نمایشێکی شانۆیی.

لێرەوە، دەکرێت کارەکتەری بینەر هەندێك نهێنی و چەمك لە نمایشێکدا ببینێت، بەڵام کارەکتەرێکی تر نەتوانێت پەی بەو نهێنی و چەمکانە بەرێت لە دنیای خوێندنەوەو ڕەخنەی تازەدا، لە دوای تێڕوانینی ناتۆڕالیزمەکان، چەندان خوێندنەوەو شیکاریی تازە بۆ دەق و بۆ نمایش

دروستبووه، که دەکرێت به هەڵوەشاندنەوەو هەڵتەکاندنەوەو لەدایکبوونی دەقی تازه ناویان بەرین.

هەندێك له لێکدەرەوه کلاسیکیەکان لەبارەی خوێندنەوەی دەقەوه پێیان وابوو باشترین ڕەخنەگرو شیکاریست ئەو کەسەیه که زیاتر پەی بەمەبەستی نووسەر دەبات له دەقێکی دیاریکراودا. باشترین لێکدەرەوه ئەو کەسەیه زیاتر له نهێنی ئەو دەقه و چیرۆکی ئەو دەقه دەگات. دەکرێت بۆچوونەکانی (باشلار) به دیارترین بۆچوون لەو بارەیەوه ناوبەرین، بەبڕوایەك لێکدرەوه دەبێت به تەنها لێکدانەوه بۆ (خوێنەر/ بینەر) بکات، بۆ ئەوەی (بینەرو خوێنەر) ڕووداوی ئەو دەقەیان بۆ ئاسان بێت و بەئاسانی له پانتایی ڕووداوەکان بگەن.

لێرەشەوه پەیامی دەق، جگه له پەیامێکی ئاسانکاری و تێکشانی هەموو جیوەیی بوونێك هیچی تر نییه، چونکه دەق هەرگیز ناتوانرێت پەیام و ئاڕاستەکردنی سەرەتایی دیاریبکرێت، بەو واتایەی هیچ شیکاریستێك ناتوانێت بگاته پەیامی بێگەردی نووسەر. واته له مێژوودا ڕەنگه سەدان پێشبینی و خوێندنەوەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و هەڵوەشاندنەوەی بۆ (هاملێت و ماکبێس و شالیری) شکسپیر کرابێ، بەڵام تائێستا ئێمه ناتوانین بڵێین کام خوێندنەوەیان گەیشتۆته مەبەستخوازیی شکسپیر، چونکه (مانای سەرەتایی)وبنچینەیی،وەك لای" ڕۆلان پارت "هەیه به تەنها له نهێنییەکانی دەقدایه!!

بەڵام ناشتوانین بڵێین ئەو خوێندنەوانه هیچیان نەیان پێکاوه یان کامیان زیاتر نزیکبوونەتەوه، بەڵکو دەتوانین له چوارچێوەی ڕوئیای جیاوازدا جێگەیان بکەینەوه، دەکرێت ئەو کەسەی به (بینێکی باڵا)وە

دەقێك یان نمایشێکە دەخوێنیتەوە دواجار نووسینی وەرەقە ڕەخنەییەکەی ببێتە دەقێکی تازە، کە لە سایەی دەقی یەکەمدا لە دایکبووە، هەرچی پەیوەستبوونی ئاڕاستەی دەقی یەکەم، وەك دەزگایەکی فرەمەودا و جیوەیی، سەربەخۆیی و سنوور پارێزیی خۆی لە تێکشکان و مردن دەپارێزێت و دەقی دووەمیش، کە پرۆسەی ڕەخنەیی و خوێندنەوەیە دەکرێت لە زۆر ڕووەوە لە دەقی یەکەم جیاوازبێت، بەڵام ناشکرێت بە دەقی یەکەم بووترێت دەقێکی مردوو، ئەگەرچی زاراوەی مردنی نووسەر یان دەقی یەکەم لای" ڕۆلان پارت" بەمانای کردنەوەی مەوداکانی خوێندنەوەی جیاواز و بینینی ترەوە دێت، کە پارت پێی وایە لەگەڵ دواپیتی نووسینی دەقدا نووسەر دەمرێت و دەق دەچێتە بەردەم چەندان خوێندنەوە کە دەکرێت هەریەك لەو خوێندنەوانەش بە دەقی سەربەخۆ ناوبەرین.

## هەنگاوی بە نمایشبوون

سووتووەکانی ژیان(2)... پانتاییەکی فراوانی لە جوگرافیای هۆڵێکی شانۆیی داگیرکردبوو، لەنێو جوگرافیای ئەم نمایش و دەقەدا چەندین کارەکتەری بۆچوون جیاواز و ڕوئیا جیاواز بۆ ژیان هەبوو، دەکرێت هەرەمێکی بنکە چەسپاو لەناو بینینی ئەم نمایشەدا دابنێین کە "تەها محەمەد و سەلام مەجید"، وەك دوو پاڵەوانی ئێرەیی و ئامادە، دابنێین و چەندان کارەکتەری ئەوێی و نائامادەش لەناو بنکەی هەمان نمایشدا ببینین، لەوانە فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی (گۆتە) و نووسەری گەورەی

ڕوسیی (ئەنتوان چیخۆف) و ڕەخنەگری گەورە (لیرمەنتۆف) و شاعیری فەڕەنسی (ڕامبۆ)،کەهەمووئەمانەکارەکتەرەسەرەکیەکانی شانۆ گەری "سووتووەکانی ژیان" بوون.

ئەمە جگە لە بوونی چەند پەندو حیکمەتی میلەتانی ڕۆژهەڵات، لەوانە وتەیەکی چینی کە یەکەمین دیالۆژی شانۆییەکە بوو "تەها محەمەد" دەیووت و دەڵێت (ئەبێت واز لە فێربوون بێنم لەوانەیە سنوورێك بۆ گرفتەکانم دابنێت). لێرەوە، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەم نمایشە دەبێتەوە، ئایا دەکرێت ئێمەی خوێنەر یان ئێمەی نووسەر یاخود ئێمەی سترِاکتۆری دەق و نمایش لەکاتی دامەزراندنی بنیادنانی پرۆسەیەکی شانۆییدا یان نووسینی دەقێکی ئەدەبی و فەلسەفیدا چەندان ووتەو چەندان دیالۆژی کەسانی جیاواز لە ڕوئیاو بۆچوون بێنین لەناو چوارچێوەکانی دەقێکی سنوور فراواندا جێگەیان بکەینەوە؟؟.

وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانین ئاوا بەسانایی بدەینەوە، بۆیە بە ناچاری دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێکهاتەی ئەو دەق و نمایشەی بونیادنراوەو بینەر وەریگرتووە، ئەوسا لەوێوە هەرکەس بەپێی ڕادەی بینینی خۆی دەتوانێت ئەو بڕیارەبدات. بێگومان بۆ دروستکردنی تێکستێکی فراوان و نەمر لە دەق و لە دیالۆگی چەندان نووسەرو فەیلەسووفی تر تووشی تێکشکان دەبیت، ئەگەر بێت و نەتوانین ئەو هێڵە سەرەکیانە بدۆزینەوە کە لە نێوان "ڕامبۆ ـــــ چیخۆفدا" هەیە، لەنێوان" ڤاسیلی ـــ لیرمەنتۆف" دا هەیە، خۆ ئەگەر نەمانتوانی ئەو هێلانە بدۆزینەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە پرۆسەی بەدەق بوون، جگە لە پرۆسەی بە کۆلاژبوون زیاتر هیچی تر نییە. بۆیە دەکرێت ئەو هێڵە جیاوازانەش کە لە نمایشی "سووتووەکانی ژیان"دا

بینیمان لە نزیککردنەوەی هاوئاڕاستەی سەرجەم ئەو دیالۆژانەدا کە گوتاری دەقی نمایشی لێ پێکهاتبوو خاڵێکی زۆر جەوهەری و گرنگ هەیە، کە (سەلام مەجید و تەها محەمەد) ویستبوویان بیکەنە خاڵی گرنگی ئیشکردنیان و دەکرێت بە ڕوونی ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش چەمکی (ژیان)ە..کە دەکرێت ژیان هەڵگری چەندین پرسیارو کۆجیتۆی گرنگ بێت و لەوێشەوە دەتوانین تا ئەندازەیەکی باش پێکهاتەی دەق شیتەڵکاری بکەین. هەر بۆیە لە وردبوونەوەو بەئاگایی ڕوانین لەم نمایشەدا دەتوانین ئەو هێڵە وەهمیەی نێوان ئەو ڕوئیاو دیالۆژە جیاوازانە ببینین، کەواتە ئیشکردنیان لە مەدای جیاوازیی روئیاو بۆچوونەکاندا توانیبووی ستراکتۆری کۆنکرێتی پەیامی شانۆیی بە ڕوونی دەستنیشان بکات، کە پێم وایە ئەم خاڵەش دیارترین سەرکەوتنی ڕەگەزی هونەری شانۆییە بەگشتی و لە "سووتووەکانی ژیان"دا بە تایبەتی.

## زەمەن لەناو سنوورەکانی نمایشدا

⋆ئایا زەمەنی نمایشێکی شانۆیی دەتوانێت ڕادەی چێژ بەخشینمان بۆ دیاریبکات؟.

⋆ئایا زۆر و کەمیی نمایشێکی شانۆیی دەتوانێت ئیستاتیکاو سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی نمایشێك دەستنیشان بکات؟؟

⋆ئەگەر نمایشێك چەند خولەکێك بێت، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ نمایشێکدا کە چەند کاتژمێرێك بێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە دەگەینە بانێژەیەکی بەرفراوان بۆ ئیشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ زەمەنی نمایشدا، کە لەوێوە زۆر شتی گرنگ و دیاریکراومان دێتە دەست، دەشکرێت نمایشی "سووتووەکانی ژیان" وەك دیارترین نموونە سەیربکەین، چونکە زەمەنی نماش (15) خولەك بوو، لە هەمان کاتیشدا توانی بینەران بۆ ماوەیەکی زۆر تووشی لەسەر وەستان و ڕامان بکات و ئەوەشمان پێبڵێت کە ئەم هەنگاوە ساتێکە بۆ بەجیدیی قسەکردن و چڕکردنەوەی تواناکان، بۆ ئاڕاستەکردنی گووتاری شانۆ بۆ هەندێ لە بینەران.

زۆرجار کە باس لە مێژووی شانۆی گریك دەکرێت، ڕاستەوخۆ کەڕنەڤاڵە شانۆییەکانمان دێتەوەیاد کە زەمەنی ئیشکردنی ئەو فیستیڤاڵانە چەندان ڕۆژی خایاندووەو هەر نمایشێك لەو نمایشانە چەندان کاتژمێری خایاندوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەکەمی بینەران تووشی بێزاری بوون. کەچی ئیمڕۆ زۆرجار لە نێوان بینەراندا ئەومشتومڕە دروستدەبێت، کە فلانە نمایش هێندە درێژبوو خەوم پێناکەوت، یان فلانە شانۆیی زۆر درێژدادڕبوو.. هۆکاری ئەمە چییە؟؟ تۆبڵێی جیاوازی زەمەن بێت لە گریکەوە بۆ ئێستا؟ دیارە بەدڵنیاییەوە هۆکاری ئەمانە زۆرن و لەبەشەکانی سەرەتای ئەم نمایشەدا بەدورو درێژی هەڵوێستەمان لەسەر هۆکارەسەرەکیەکانی ئەم دیاردەیەکرد،کە چەندین هۆکار بوتە هۆکاری ئەم دیاردەیە ، بەڵام هۆکاری تریش هەیە کە ڕەنگە دیارترینیان پێشکەوتنی کارو فرمانی خەڵك بێت و پێویستی هاووڵاتیان بە زەمەن و سوود وەرگرتن لە کاتەکانی ژیانیان، بۆ ئەوەی سەرقاڵی لایەنەکانی تری زیندەگی بن!!

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆربەی ئەو کەسانەی حەزیان لە ڕۆمانی پۆلیسی و موغامەرات هەیە، ناتوانن بەلایەنی کەمەوە (12) کاتژمێر دابنێن بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێك، بۆیە ناچار لەو ولاتەدا ڕۆمان بە زمانێکی پاراو بە چەند (کاتژمێرێك)ی کەم دەخرێتە سەر (CD)، ئیدی هاوولاتیان لەناو ئۆتۆمبیل و لە دوکان و لە فەرمانگەکانیاندا، لە جیاتی ئەوەی قسەی نەستەق بکەن، گوێ لەو ڕۆمانە دەگرن و بەماوەیکی کەم ڕۆمانێك دەبیستن، چونکە ڕوداوەکانی ژیان و پێداویستیەکانی خەڵك وای کردوە ژیانی ڕۆژانە لەخۆی زیاتر ڕوداوەکان بەخێرایی تێپەڕێنێت، بۆیە بەناچاری پێداویستیەکان زۆر لەخۆیان زیاتر تێدەپەڕێت،هەربۆنمونەیەکی تریش ،ئەمڕۆ هونەری میناتۆربەشکڵێکی فراوان لەهونەری شێوەکاریدا گرنگی پێدەدرێت کاتێك هونەرمەند پێویستی بەوردەکارییەکی بەرفراوان دەبێت بۆ چڕکردنەوەی پانتایی داهێنان و ڕەنکاری لە پانتاییەکی بچووکدا، بەمەش چڕکردنەوەی وردبینی و جیهانبینیی هونەرمەند لە تابلۆیەکی گەورەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕووبەرێکی زۆر زۆر بچووك، کە دەکرێت هەندێك ئەزموونی "ڕێبوار سەعید و ئیسماعیل خەیات" لە ناو شێوەکارانی کورددا بە ئیشکردن بە میناتۆر ئاماژەی پێبکەین، ئەمە جگە لە ئەزموونی کۆمەڵێك لە شێوەکارانی جیهان. کەواتە دەکرێت ئەزموونی میناتۆر لە دنیای شێوەکاریدا بشوبهێنین بە ئەزموونی "سووتووەکانی ژیان"ی (سەلام مەجید و تەها محەمەد)، ئەمانیش هەوڵی چڕکردنەوەی ماناو ئاماژەیان دابوو لە زەمەنێکی کەم و دیاریکراودا کە (15) خولەك بوو.

ئەمە جگە لە ئەزموونی کورتە فیلم کە دەکرێت وەك هەمان شێوەچڕکردنەوەی جووڵەو دیمەن بێت، بۆ چەند جووڵە و دیمەنێکی کەم، کە لەماوەیەکی کەمدا تۆ بتوانیت زۆرترین مانا و زۆرترین دیمەن و وێنە ببینیت.. دیارە ئەم نموونانە بۆ ئەوە نەمان هێنانەوە کە پشتگیریی خۆمانی پێبکەن و نمایشی "سووتووەکانی ژیان"ی پێ بپێوین، وەك سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەو نمایشە، بەڵکو دەخوازین بڵێین هەوڵی (سەلام و تەها) بۆ چڕکردنەوەی زەمەنی نمایشێکی شانۆیی دەکرێت بەو هەوڵانە دابنرێت کە بۆ چڕکردنەوەی ماناو ئاماژە دەدرێت و دەکرێت هەرگیز زەمەن وەك پێوەر سەیرنەکەین لەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنی نمایشی شانۆییدا.دەخوازم ئەوەش بڵێم کە ئەم قسەیەی من ئەوە ناخوازێت کە هەر نمایشێك زەمەنی بینین و ڕووداوەکانی کەم بێت ئیدی ئەو شانۆییە سەرکەوتووە، بەڵکو داهێنان و جوانکاریی ئەو نمایشە دەتوانێت ئەو پێوەرە دیاریبکات، نەك کات و زەمەنی نمایش.

## نمایش وەك دواوێستگەی بانگەشەکان

(ئایا جیاوازییەك هەیە لە نێوان خێرو شەڕدا؟؟) جیاوازیەك هەیە لە نێوان بەڵێ و نەخێردا؟؟ من هیچ شتێك نابینم جگە لە تاریکی نەبێت، من تەنهام کاتژمێرەکەم زەنگ لێئەدات، هەموو کاتێك لێو هەڵدێنمەوە تابدوێم، بەڵام دەنگم لەم چۆڵەوانیەدا دەنگدەداتەوەو کەس نایبیستێ!! ئەی تۆ گوێت لێم نییە؟؟ نازانم لە کوێدام و چی چاوەڕێم دەکات، تەنها یەك شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە دژایەتیەکی قورس لەگەڵ شەیتان دەکەم،

لەگەڵ بنچینەی هێزی مادەدا، هیچ شتێك لە بەردەممدا نییە، تەنها تەسلیم بوون نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزانم ئەمەش چەند سەختە!!)

بەم دیالۆگە درێژە (تەها محەمەد) دەچێتە ناو نمایشی "سووتووەکانی ژیان"وەو شۆڕدەبێتەوە بەناو جەستەی گرفتێکدا کە ڕەنگە سەرەتاکەی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون، ئەو گرفتەی بە درێژایی مێژوو مرۆڤ یەکتری پێ لەناودەبەن و یەکتری ئیبادە و ڕەشەکوژی دەکەن، ئەو گرفتەش جەدەلیەت و دوالیزمەی نێوان (خێرو شەڕ) دەخاتەڕوو ئەمەش ڕوونە بەردەوام ژیان سنوورەکانی لەسەر ئەم دوو چەمکە دامەزراوە!!.

خۆ ئەگەربێت و ئەم دوو چەمکە نەبوونایە، ئەوا ئێستا سەرزەمین بە هەشتێکی ڕۆحانی دەبوو، هەر بۆیە بەردەوام لەکاتی بانگەشەی ئەم دوو چەمکەدا کارەکتەری یەکەم ڕاستگۆیە و دووەمیش دەمامك پۆش، کەسی یەکەم خۆی بەو بوونەوەرە پاکیزەیە دەبینێت کە سەرچاوەی هەموو ڕاستیەکانە و کەسی دووەمیش ئەو کەسەی بۆتە مەنزڵی بۆگەنی و پیسی و گوناهەکان، دواجاریش هەردوو چەمکی (خێرو شەڕ) دەتوانێت لە ئیرادەی مرۆڤدا بەڵێ یان نەخێر دروستبکات، زۆرجاریش بەڵێ هەموو ئیرادەیەك لەمرۆڤ دەستێنێت و دەیکاتە کۆیلەو نەخێریش بانگەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ یاخیبوون!!

بەڵام ئەگەر بێت و جێگۆڕکی بە هەردوو چەمکی (خێرو شەڕ) بکەین، ئەوا ناکرێت بڵێین تەنها جیاوازییان ئەوەیە شەڕ شەڕەو خێریش خێر. (هارۆڵد پنتەری) گەورە نووسەری هاوچەرخی ئینگلیزی دەڵێت: "هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان مرۆڤێکی خێرو مرۆڤێکی شەڕدا، چونکە

هەردوو مرۆڤەکە هەڵگری شتێکن ناوی باوەڕە بەڵام یەکەمیان باوەڕی بە خێرەو دووەمیان باوەڕی بە شەڕ"

کەواتە لێرەوە ئەگەر لەم بۆچوونەی "پنتەر" بروانین شەڕو خێر تەنها لە کارپێکردنەکەدایە، ئەگینا هەردووکیان باوەڕیان بە دوالیزمەیەکی جیاواز هەیە!!

"من هیچ شتێك نابینم جگە لە تاریکی نەبێت". ئەمە یەکەمین دیالۆگی (تەها محمد)ی تاکە پاڵەوانی مۆنۆدرامای "سووتووەکانی ژیان"ە.

دوا دیالۆگیش دەڵێت:"هەستدەکەم بوون باجێکی قورسە لەسەرم، چیتر مردن خوازیارمەو ژیانیش ڤێزەونە لەلام!!"

لە یەکەمین دیالۆگداو دواهەمین دیالۆگداهەست بە جەستەیەکی ڕەش دەکەین لەناو ناخی پاڵەواندا کە بەردەوام بانگەشەکانی بانگەشەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی ژیانو ڕەشبینیو پووچگەرایی هەموو ساتەکانی ژیان، لێرەشەوە دەکرێت بڵێین باڵای ژیان بەقەد باڵای نمایشە، چونکە راستەوخۆ باسی پاڵەوان باسکردنە لەسەر ماهیەتیژیان.

گوتاری ڕەشبینی لە دوای یەکەمودووەم جەنگیجیهانی لە ئەوروپا چەندان نووسەری دروست کرد، گووتاری ڕەشبینی ئەدەبی پووچگەرایی ئەدەبیو هەبوونخوازیی وجودی دروست کرد، کاتێك خەڵکی ئەوروپا هۆشیار بوویەوە لە هەموو ئەو کارەساتە خوێناویانەی جەنگ پێشکەشیی کردن، گەیشتنە باوەڕێك دەبێت ئیدی بەچاوێکی ترەوە لە ژیان وبوون بڕوانن ئەویش روانینێکی زۆر ڕەشبینانە بوو، چونکە ئیدی شتێك نەماوە بۆی بژین مەرگ نەبێت، چونکە ملوێنەها خەڵك بوونە قوربانیی لافاوی

خوێنرێژی، ئەگەر لێرەدا بپرسین، ئایا دوای چەندان شەڕو خوێنڕشتن شتێك هەیە ناوی بنێین ئەدەب و هونەری پاش جەنگ؟)

میللەتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کورد بە تایبەتی، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی زۆرترین کارەساتین، کەچی نەمانتوانیوە کەمترین سوودی لەبواری فەرهەنگیدا لێ ببینین. دوای جەنگ و شەڕی ناوخۆ لە ئەوروپا چەندان قوتابخانەی ئەدەبی و فەلسەفی دروستبوو، ئەی لای ئێمە؟؟!!

کەواتە قسەکردن لەسەر ئەو ڕەشبینیەو ڕەتکردنەوەی ژیان لە پانتایی ئەم ئیشەدا، ئەگەر بێت و بەدوای بونیادی گووتارێکی جیاوازتر لەو گوتارە باوانەدا بگەڕێین، ئەوا دەکرێت بانگەشەی ڕەشبینی ناوبەرین بە بانگەشەی بونیاد و گۆڕان.

ئەمە جگە لەوەی (تەها محەمەد) ی ئەکتەر(3) بەردەوام لە پانتاییەکی فراواندا و لە هۆڵێکی داخراوی نمایشدا، کە کورسیەکانی چۆڵن و کەسێك نییە گوێ لەو بگرێت و دەیەوێت بەردەوام توانا جەستەیی و دەنگی و تەکنیکییەکانی خۆی سەرلەنوێ لەناو شانۆدا ڕاگەیەنێتەوە، بۆیە بەردەوام منی بینەر لەناو بۆشایی چۆڵی شوێنی نمایشدا (تەها)یەکی ئامادەو وریا دەبینم، کە دەکرێت توانا ئامادەییەکانی وەك ئەکتەرێك بەردەوام پێماندەڵێت توانایەك هەیە ناوی (تەها)یە و پێویستە گوێی لێبگرین. بەڵام بەردەوام ئەو وەك ئەکتەرێك ئامادە بە جەستەو بە دەنگ باس لەو تەنهاییەی خۆی دەکات، ڕەنگە هەر ئەم پاڵنەرەش بێت بووبێتە هۆکاری بونیادنانی نمایشی شانۆییەکە.

لە حاڵەتێکدا (تەها) بە بێزاری و جەستەیەکی تێکشکاوەوە دەڵێت: "ژیان هەمووشتێکی لێ سەندم، سۆز و خۆشەویستی تیا نەهێشتم، پاش

چاوەڕوانی لێرە شتێك هەیە پێی بووترێت خۆشەویستی، ئێمە لێرە نازانین چارەنووسمان بەرەو کوێ دەڕوات..." ئەمە بە تەواوەتی ئەو قسانەی پێشوومان دەسەلمێنێت کە (سەلام و تەها) دەیانەوێت باس لە زەمەنێك بکەن کە ڕابردووە، زەمەنێك کە هیچ شتێکی لە ئێستادا نەماوە، چونکە ئەوان دەیانەوێت باس لەو شتە جوانانەی ناخی خۆیان بکەن، کە سووتاوەو بۆ بەسووتووا! واتە قسەکردنیان لە دوای ئەوەوەیە کە ژیان لای ئەوان، جگە لە سووتوویەك هیچی تر نییە، هەر بۆیەش ڕەشبینی گووتاری بالآی نمایشی پێکهێنابوو، کە دەکرێت ئەم ڕەشبینیەش کۆکراوەی سەرجەم ئەو پرسیارو کۆجیتۆیانە بێت کە من و تۆ و ئەوان و بینەران ڕۆژانە ئاڕاستەی (ژیان، گەردوون و بوون)ی دەکەین، پێدەچێت هەندێك لەو پرسیارانەش وەڵامیان دەست نەکەوێت، دەکرێت هەندێکیشیان بمانگەیەننە دڵنیایی و دواجاریش هەندێك لەو پرسیارانە ڕەشبینی لە ناخماندا دروستبکەن!!

## پانتایی وەك چەمك.. پانتایی وەك بونیاد

(سەلام و تەها) وەك دوو کارەکتەری نێو نمایشی "سووتووەکانی ژیان"، کە سەلام ڕۆڵی چاودێرو دەرهێنەری دەبینی و (تەها)ش ڕۆڵی ئەکتەر، لە یەکەم ڕۆیشتنە ژوورەوەمان بۆ ناو هۆڵی نمایش، ڕاستەوخۆ ئەوەمان دانابوو ئەو بوونەوەرەی ناوی ئەکتەرە پێویستە لەسەر پانتایی شانۆ نمایش بۆ کەسانێك بکات کە بینەران ناو دەبرێت، بەڵام ئەمان ئاڕاستەی ئیشکردنەکەیان یەکەم هەنگاو گۆڕابوو، بینەران لەسەر تەختەی شانۆ دانیشتبوون و ئەکتەریش لە شوێنی بینەرانەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینی، لەوەدەچێت ئەم جێگۆڕکێیە بە بینەران و شوێنی نمایش یەکەمجار نەبێت،

بەڵام دیارە پرۆسەی شانۆ، بەحوکمی جیاوازبینین بۆ کەینونەو موفرەدەکانی، دەتوانین موفرەدە و سیستەمی ئیشکردنەکانی جیاواز و بەشکڵی جۆراوجۆر ببینین، بۆیە پێدەچێت ئەم جارە ئیشکردنەکەی (سەلام و تەها) مەبەستگەرایی تری لە پشتەوە بێت و هەروا بەخۆڕا ئەم جێگۆڕکێیە نەکرابێت، دیارترین ئاماژە ئەو حاڵەتە تەنهاییەبوو کە (تەها) دەیویست لەناو هۆڵێکی چۆڵ و پڕ کورسیدا باس لەو ساتەوەختی تەنهاییەی خۆی بکات، کە ڕۆژانە ئێمە هۆڵەکان چۆڵدەکەین و بێباکیشین لەوەی کورسییەکان بۆ هەتا هەتایە بەو تەنهاییە بمێننەوە، ئەمە جگە لەوە ئاماژەی چۆڵی هۆڵی نمایشەکەو شوێنی ڕۆڵبینینی (تەها) ئەو بانگەشەیەی شانۆکاران تێکدەشکێنێت، کە ڕۆژانە باس لەوە دەکرێت دەبێت گووتارمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ بینەردا بگۆڕین، بەڵام ئەمجارە ئەوان لە شوێنەوە دەستیان پێکردووەو ئەو پەیامەیان داوەتە دەست بینەران.

ئەمە جگە لەوەی ئەتمۆسفێری ڕۆڵبینین ڕاستەوخۆ یادەوەری ڕادەکێشاین بۆ شانۆگەری (گۆرانی چایکا)ی چیخۆف، ئەو ساتەی (سڤلۆڤیدۆف) لە (هۆڵێکی چۆڵی شانۆدا باس لەو ساتانەی خۆی دەکات کە هەموو تەمەنی لە شانۆدا بەسەربردووەو نەیتوانیوە ساتێك بۆ خۆشیەکانی ژیان دابنێت، بۆیە (سڤلۆڤیدۆف) لە ترۆپکی نائومێدیدا دەیەوێت یادەوەریی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ساتانەی بە جورئەتەوە لە هۆڵەکاندا بینەران چەپڵەیان بۆ لێداوە، لەم ساتەشدا (تەها) لە هەمان حاڵەتدایەو بەبێ ئومێدییەوەو بەهەمان شێوەی (سڤلۆڤیدۆف) دەیویست ئەو حاڵەتە بۆ ئێمە نمایشکات.

لە دیالۆگێکدا دەڵێت: "دەمەوێت فرمێسك بۆ هاتنی ڕۆژێکی نوێ بڕێژم، کە تەنها ئارەزوویەکم بۆ بەدی نایەت و هەست بە هیچ ئاسوودەییەکیش ناکەم". یان لە دیالۆگێکی تردا دەڵێت: "لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بووم بە کەسێکی تر هەست بە پیسبوونی خوێنم دەکەم، خۆم وەك مێشوولەیەکی زەبەلاح دێتە بەرچاو کە ئارەزووی خوێنڕشتن دەکەم"

(تەها) بە تەواوەتی دەیویست ئەوە نمایشکات کە هێشتا (جەستەو دەنگ)ی، وەك دووڕەگەزی سەرەکی ئەکتەر، لەودا ئامادەیی هەیە. لەکاتی ئەو دیالۆگەدا بە تەواوەتی بەجووڵەی جەستەی دەیوویست خۆی وەك مێشوولەیەکی زەبەلاح بۆ ئێمە نماشکات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەمیشە جووڵە گوزارشتی دیالۆگ بێت، بەڵکو لەو ساتەوەختەدا جووڵە کرۆپاتیکیەکانی جەستەی (تەها) یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ ئەوەی (تەها) بەردەوام خۆی وەك بوونەوەرێك نمایشکات، کە لە مێشوولەیە دەکات و خوێنی دەوروبەر دەڕێژێت.

دەکرێت لە خوێندنەوەی تازەدا مێشووله خۆی لە نێو ڕەوتگەی فەلسەفەی ئەم دیالۆگەدا هەڵگری چەندان واتای هەمە جۆر بێت، بەردەوام مرۆڤ هاومرۆڤی خۆی دەکوژێت، بەردەوام مرۆڤ گورگێکە بۆ براکەی، بۆیە دەکرێت لە هەر ساتەوەختێکدا مرۆڤ غافڵ و نا ئاگابێت و برا مرۆڤەکەی وەك مێشوولەیەکی زەبەلاح هەموو جەستەی شەق شەق بکات، دەکرێت لێرەوە بەردەوام مرۆڤ بە کوشندەترین دڕندەیی مرۆڤ ناوبەرین. چونکە لە هەر ساتەوەختێکدا مرۆڤ گەیشتە ئەو باوەڕەی لەلایەن مرۆڤە هاوەڵەکەیەوە لەبەردەم ئەگەری لەناوچووندایە، ئەوا بێگومان "مرۆڤ ــــ مێشووله" وەك دوو کەینونەی یەك وەزیفەیی دەبینرێن... بێگومان

توانستی جووڵەیی و دەنگی (تەها) توانی زیاتر ئەم حاڵەتە لە چوارچێوەی پرۆسێسی نواندندا بەرجەستەبکات.

## پرس لە نواندن.. پرس لە تەکنیك

دەکرێت ئەم بەشە بە دوابەش دابنێین بۆ قسەکردن لەسەر نمایشی شانۆیی "سووتووەکانی ژیان"، بێگومان (نواندن/ تەکنیك) دوو ڕەگەزی باڵای نمایشی شانۆیین و بێ ئەم دوو ڕەگەزە، نە دەرهێنەرو نە ئەکتەر ناتوانن ئەو گووتارەی مەبەستیانە بیگەیەننە بینەران.

زۆرجار دوای نمایشە شانۆییەکان لەنێو نێوەندی شانۆییداو لەناو شانۆکاراندا ئەو قسەو وتانە دووبارە دەکرێنەوە کە ئەم نمایشە (نواندن) لاوازبوو!! یان هێڵەکانی دەرهێنان نەیانتوانی بوو بە تەواوەتی تەوزیفی پرۆسە شانۆییەکە بکەن، یەکێك لەو نمایشانەش کە لە دانیشتنی هەڵسەنگاندنەکەشدا قسەو باسی لێکرا، ئەم نمایشە بوو گوایە دەرهێنان نەیتوانیبوو ئەو ڕەنگە پێویستە بەرجەستەبکات.

من پێم وایە هەموو ئەو ڕەگەزانەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیەو هیچ کامیشیان ناتوانن بێ ئەوی تریان ئاڕاستە مەبەستە ببڕن، ئەوەی لەم نمایشەشدا زۆر مەبەستمە لێی بدوێم ئەوەبوو دەیانووت (سەلام مەجید) وەك پێویست نەیتوانیوە ئیش بە (تەها) بکات، چونکە توانستی (تەها) توانایەکی باڵایەو دەکرێت بەدیارترین ئەکتەری ئەم نەوە تازەیەی ناوبەرین، بەڵام من بە پێچەوانەوە پێم وابوو ئەگەر پرۆسێسی دەرهێنان پێکهاتەی نواندن، ڕووناکی، سینۆگرافیاو بەشەکانی تری شانۆ بێت و بەچاوێکی چاودێرییەوە لێیان بڕوانیت، ئەوا ئەم نمایشە تاڕادەیەکی

باش توانیبووی بەئاگاییەوە چاودێریی جووڵەی ئەکتەرو دیکۆرو هێڵی دەرهێنان بکات... لەگەڵ ئەوەشدا تواناى ئەکتەرى باڵاترین ڕەگەزی ئەو چاودێرییە، (تەها)ش خۆی، چ وەك نواندن و چ وەك تەکنیك و مودریك لەسەر تەختەی شانۆ، توانیبووی ئەو (15 خولەکەی) لەسەر تەختەی شانۆ بوو نەیدەهێشت منی بینەر تووشی بێزاری بێت. کەواتە دەکرێت بڵێین نزیکبوونەوە لە هێڵەکانی دەرهێنان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەرهێنەرو چاودێری نمایشەکەوە، ئەوسا ئەکتەر و ڕەگەزەکانی تری نمایش. لێرەوە پانتاییەکی فراوان، کە هۆڵی ڕۆشنبیرییە، لەگەڵ پانتاییەکی بەتاڵ جگە لە کورسی و بوونی چەند ڕووناکییەکی ڕەنگاو ڕەنگ و جەستەی ئەکتەر، دەکرێت لە ڕوویەکەوە ئەو بەتاڵیە نیشان بدات، کە هۆڵەکانمان خاڵییە لە بینەری هۆشیار، بەڵام لە ڕووەکەی تریشەوە دەکرێت ئەکتەر تواناو تەکنیکی هێندە زۆربێت لەناو ئەو پانتاییە فراوانەدا ون نەبێت. بێگومان نزیکی ڕوئیاو تێڕوانینی (سەلام و تەها)یش توانیبووی تاڕادەیەك ئەو پانتاییە ئیشی پێبکەن، ئیشکردن لە پانتایی بەو مانایە نایەت لەو هۆڵە چۆڵ و فراوانەدا ئەکتەر لە هەموو شوێنگەیەکیدا جووڵە و ئیشکردنی هەبێت، دەکرێت ئاماژە وەك سیستەمی باڵای ئیشکردن لەم پرۆسەیەدا بەوەدابنێین، کە ئێمە دەمانەوێت هۆڵێکی چۆڵ لە هەمووشت ببینین، چۆڵ لە بینەران چۆڵ لە ئەکتەری راستگۆ، چۆڵ لە هۆشیاری، چۆڵ لە تەکنیك، چۆڵ لە نواندن و داهێنان چۆڵ لە... هتد.

## پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم:

(1)ئەم نووسینە ڕۆژی 2001/4/1 لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان پێشکەشکرا.

(2)شانۆیی "سووتووەکانی ژیان لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی سلێمانیدا پێشکەشکراو نواندنی (تەها محەمەد) و دەرهێنانی (سەلام مەجید) بوو.

(3)(تەها محەمەد) خەڵاتی باشترین ئەکتەری فێستیڤاڵی پێبەخشرا.

## بــەشی نۆیەم

# شانۆ و شیعر

خوێندنەوەیەك بۆ نمایشی

(بێدەنگی جیهان)



مەحاڵە دەق بە سیستەمێك بپێورێت لەپاش ئەو پێواندنە ماناو واتایەکی زیندوتر نەدات بەدەستەوە، بۆیە دەکرێ ستراتیژێکی ساتە وەختی بۆ ئەناتۆم کردنی هەردەقو تێکستێك لەسەر ئەساسی کایەو پەیامو جیهانبینی ئەو دەقە لەدایك بێتو لەهەمان کاتیشدا واتایەکی تر بدات بەدەستەوە بەدەر لە واتای دروست کەری دەقی (نووسەر) چونکە مەرج نییە ئەو کەسەی ئەناتۆمی سیستەمی (دەق/ نمایش) دەکات سەرجەم سیستەمەکە ڕوونو ئاشکرا بکات، یان بە شێوازێکی تر نمایش لە زمانێکی باڵاوە بگوازێتەوە بۆ زمانێکی سادەو ئاسان، بە هزری وەرگر، هەر لەم سۆنگەیەوە سەرجەمی قوتابخانە ڕەخنەییو شیکاریەکان لە کلاسیکەوە تا تازەترین قوتابخانەی ڕەخنەیی هەریەکەیان بەشێوازێك دەق دەخاتە ژێر پرسیارەوە هەمووشیان لەوەدا هاوبەشن کە پرۆسەی (ڕەخنە، شیکار، خوێندنەوە) واتایەکی باڵاو واتایەکی تره لە واتای یەکەم بۆیە دەکرێت بە کایەیەکی ترەوە دەق بخرێتە ژێر پرسیارەوە، بە شێوازێك ئەو دەقە هەڵگری پرسیار بێت هەرئەمەش زیندوویەتی دەق دەپارێزێتو لەتاك مانای رزگاری دەکات، ئەگەر لە روانگەیەکی هوشیارانەوە بۆ هەر دەقێکی زیندوو بڕوانینو زیاد هێندەش ئەو دەقە پانتاییە بەرفراوانەکانی واڵا دەکاتو دەتوانێت پرسیار لە ئامێز بگرێت، جا ئەو پانتاییە نادیارە کە ئێمە دەمانەوێت پرسیاری ئاڕاستە بکەین شانۆگەری (بێدەنگی جیهان)ە لە قەسیدەی (موسافیر)ی (سوهرابی سپهری) ئامادەکراوەو دەرهێنانی (گۆران عەلی کەریم).ە بە سوود وەرگرتن لە دوو دەقی نووسەری بەرەچەڵەك فەرەنسی (سموئیل بکێت) ئەوانیش دەقی لە (چاوەڕوانی گۆدۆدا، من نیم).

**سەفەرێك بۆ دەقی نمایش:**

شانۆگەری بێدەنگی جیهان کە لە قەسیدەی موسافیری سوهرابەوە وەرگیراوە باس لە دوو مرۆڤ دەکات بە دوو جیهانی جیاواز بە دوو سروشتو بونیادی جیاواز ئەویش کارەکتەری (موسافیر، مزبان)ن.

مزبان ـ (خاوەن ماڵ) پاش سەفەرێکی درێژ خایەن لەم سەری جیهان بۆ ئەوسەری جیهان لەمپەڕی دنیای رووناکی بۆ ئەوپەڕی دنیای تاریکی موسافیر بەر نەفرەتی کایەو سیستمە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێتو لەیەکەمین جیابوونەوەیدا ماڵئاوای لە ئاسمانو زەوی دەکاتو بەدوای ئاسمانو زەویەکی پڕکامەرانیدا دەگەڕێتو خۆی دەکاتە مرۆڤێکی یاخی، بینینەوەو وێناکردنی (موسافیر) هاوتا دەبێتەوە بە (موسافیرێکی) رۆژهەڵاتی کە هزرو ناخو یادەوەری پڕپڕن لە ئەفسانەی سەفەرو کۆمەڵگاکەش بونیات نراوە لەسەر سیستمی ئەفسانەیی، بۆیە بۆ زیندوکردنەوەی ئەو سیستەمە ئەفسانەیەیە کۆچو پانتاییەکی نادیارو شوێنێکی نامۆ بەبیرو هۆشو بیرکردنەوەی ئاشنا دەبێ، کاتێك کارەکتەری (موسافیر) لە نمایشی (بێدەنگی جیهاندا) بەهەمان شێوە تووشی لێکترازانێك دەبێت لەگەڵ شوێندا، دواجار دێتە شوێنێکی غەریبو یەکەم جاریەتی ئاشنا بێت بەو شوێنە هەربۆیە لەیەکەمین دایەلۆژدا (موسافیر) لەو شوێنەدا تووشی تێکشکاندنی جەستە دەبێتو لەیەکەمین هەنگاویدا دەکەوێت..

دووهەم کارەکتەری نمایش (مزبان)ە کە بە فارسی واتە (خاوەن ماڵ) بە پێچەوانەی کارەکتەری (موسافیر) کە سەرتاپای رەش بوو لە رووی

جلوبەرگو پێستەوە، ئەم سەرتاپایەکی سپی هەیە ئەو موفرەدە (لولەیی)یەی کە لە شێوەی (بەرمیلێکدا) قوماشێکی ڕەشی تێوە نالآبوو، هەمیشە (مزبان) خۆی لێوە نزیك دەکردەوەو خۆی بەخاوەنی دەزانی و هەمیشە هەوڵی دەدا بیپارێزێ لە چەپۆكو دەسەڵاتی موسافیر، چونکە واهەستی ئەکرد (موسافیر) نامۆیە بەو موفرەدەیە و بە توندیش ئەم دایەلۆگەی ڕووبەڕوی دەکردەوە و دیوت (موسافیر دەبێ بڕۆیتو ببیت بەهاوڕێی ئاسۆدوورەکان!! چونکە ئێرە ماڵی تۆ نیە) پاش جیابوونەوەی دوالیزمی دوو جەستەی جیاواز هەریەکەیان هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی ئەوی تریان دەدا تا سەرەنجام بەهۆی ئەوەی (موسافیر) خاوەنی بستێك زەوی نەبوو لە کۆمارەکەی مزباندا بۆیە مزبان بەو خامەی لەپانتایی تەختەی شانۆدا خرابوو بە دواجارو هەتاهەتایی (موسافیر)ی داپۆشیو (موسافیر)یش بەبێ ئەوەی تەنها جێگە پێکانیشی دیار بمێنێ بۆ هەتاهەتایە لەناوچوو ئەمە جگە لەو ململانێ جەدەلیانەی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە جیاوازو تەزادە، مزبان توانی ڕووبەڕو بەهەموو (موسافیرەکان) بلێ ئەم ماڵە ماڵی ئێوە نیە، ئێوە نامۆن بە ئێرە ئێوە کوڕی نیشتمانێکی ترن، بریا نیشتمانەکەتان ئارام بووایەو نەبوونایەتە مشەخۆری ئێمە.

## سەرنجێك لە ئیشکردنی دەرهێنەر لە دەقە ئامادەکراوەکەدا:

بەرلەوەی چەمكو ئاماژەکانی ئەم نمایشە لەپانتاییەکی نادیارەوە بگوازینەوە بۆ پانتاییەکی دیار، دەبێت باس لەهەنگاو و پرۆسەیەکی زۆر گرنگ لەم نمایشەدا بکەین، ئەویش پرۆسەی ئامادەکردنو تەولیف کردنە. دیارە بونیادی دەقێك لەچەند دەقێك هۆشیاریەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ڕێرەوو مەوداکانی سەرجەم دەقەکان بەرەو ڕێرەوێك ببرێتو بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئاگامان لە جیهان بینی سەرجەم نووسەرەکان بێتو چۆنیەتی ئیشکردنی هەریەکەیان لەناو سیستمی دەقدا، پاشان کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو تێڕوانینانە لەیەك تێڕوانیندا ، ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی پێکەوە بەستنو ئامادەکردن، شێوازێکیتر دوانی ئاماژەکانی دەقەو دەرهێنەر بەپێی جیهانبینی خۆی جارێکیتر ئەو دەقەی دەخاتە ناو ستونەکانی بونیادنانەوەو دەقێکی نوێی لەناو دەقە پێشینەکەیدا دروست دەکات. لەلایەکی ترگوێڕایەڵیو تەبابوون لەگەڵ بیرۆکەی نووسەر لەم قۆناغەدا دەرهێنەر دەبێتە قوتابیەکی گوێڕایەڵی نووسەر. بەڵام ئیشکردن لەناو هەرەمی شیعردا خۆی بۆ خۆی وردبینیەکی بەرفراوانی دەوێت و چۆن دەرهێنەر بتوانێت ڕەگەزە درامیەکانی دەرهێنان لەچوارچێوەی ئەو دەقە شیعریەدا بدۆزێتەوە یان با بڵێین چۆنیەتی بەدەق کردنی ئەو شیعرە لەلایەن دەرهێنەرەوە، شیعر بۆ خۆی خاوەن کۆمارێکی باڵایەو لەناو چوارچێوەو سیستەمی خۆیدا جوڵەیەکی جیوەییو فەنتازی ئامێزی هەیە، لە گۆڕانی دیمەنو ڕووداوەکان و دەتوانێت بەئاسانی گۆڕان بە هزری

بینەرو خوێنەر بکات ،وە هۆشی کەمەند کێش بکات بۆ مەودایەکی سۆزداری، بەڵام دەقی شیعری خاوەن ئەو جیوەیـیە نـیـیە، ناتوانێت چوارچێوەی خۆی جیـبێڵێتو پێویستی بەریـ خۆشکردن دەکات بۆ هێنانی ڕووداوێکی نویـ،بەڵام شیعر خاوەنی گۆڕانێکی جیوەییـیە لە ڕووداودا.

هەربۆیە دەرهێنەر لەبەردەم ئەم گرفتانەدا کەم توانابوو بەتایبەتی لەپرۆسەی ئامادەکردنی دەقە ئەدەبیەکەی سوهراب هەرچەند بە ئەندێشەو خەیاڵی هونەری زۆر هەوڵی دابوو ، ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە،ڕەنگە ئەم کارەی ئەو پێویستی بەئەزمونێکی زۆرگەورەوفراوان هەبێت ، هەرهیچ نەبێت بۆئەوەی بتوانێت دەقەشیعریەکان بە مەودای ڕێڕەوی شانۆییەکەبەرێت کە دەقی نمایشەکەی لیـ بەرهەم هاتوە....

هەرچەندە دەرهێنەر هەوڵی دابوو دەقە شیعرییـیەکە تێك بشکێنیـ و لەچوارچێوەیەکی شانۆییدا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات بەڵام یەکێك لەهەرە سەرەکیترین گرفتەکانی دەرهێنەر گرفتی گۆڕان بوو لە دەقێکی شیعری بۆ دەقێکی نمایش و چۆنیەتی چنینەوەی دیمەنەکانو بەستنەوەیان لەسەر یەك هێڵی ڕاست و پاشانیش گەڵاڵەکردنی هێڵی گشتی دەرهێنان .

یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی دەرهێنەر لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی ڕووبەڕووبوونەوەی زمانە، دەرهێنەر دەتوانێت گوتارو پەیامی خۆی ئاراستە بکات لاوازی زمان لاوازی گوتاری داهێنانە، لاوازی زمان لاوازی بونیادی نمایشە ،هەرچەندە دوابەدوای شاڵاوی جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم چەندین قوتابخانەو مەزهەبی ئەدەبی و هونەری و شانۆیی سەریان هەڵدا. زۆرجار بەوە تاوانبار دەکرێت کەبوونەتە هۆکاری تێکشکانی زمان بەتایبەتی دادایییەکان، وەك دەڵێن دادایییەکان لەکاتی نووسینی شیعردا

کۆمەڵێك وشەیان ئەنووسی و لەناو تورەکەیەکدا یەکەیەکە دەریان دەهێناو ئەو وشانە دەبوونە شیعر بەتایبەتی شیعرەکانی (جۆن ئەپۆلێنەر) وە هەروەها (بیکیت)یش بەوە تاوانبار دەکرێت کە زمان لە دەقەکانیدا تێکشاوەو رۆڵی نیيە بەڵام لەرووپەك لە رووەکانەوە دەقەکانی بەشێوازێك لە شێوازەکانی بونیادی رێکخستنەوەی زمانە لەچوار چێوەیەکی رێکخراودا.

کەواتە زمان بۆ خۆی لەچوارچێوەی سیستەمی بەرهەم هێنانی مانادا رۆڵێکی دیاریکراوی هەیەو تاکە هۆکاریشە بۆ کەشف کردنی ماناو نهێنیەکانی دەق، بەڵام بە باڵابوونی زمانی شیعری لە نمایشەدا ببویە دیوارێك لەبەردەم گوێزانەوەی مانا بۆ بینەران (دیارە مەبەستمان لەزمانی شیعری بوونی لە شیعرە لە سەرجەم دایالۆگی کارەکتەردا، بەڵام شیعرێتی زمان زمانێکی باڵایە لە زمانی رۆژانە هەروەك دەڵێین دەقەکانی شکسپیر شیعریەتی زمانە لە دەقدا خۆ دەقەکان هیچیان بە شیعر نەنووسراون)

دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین تاقە زمانێك کە بە پاکی مابێتەوەو پارێزراوبێت لە زمانی رۆژانە زمانی شیعرە. هەر بۆیە بوونی ئەو زمانە لە نمایشدا کەمێك مەوداکانی ئەفراندنی تەسك کردبووەوە بینەر هێندەی یادەوەری و ئەندێشەی بۆلای وشەکانی (سوهراب) دەرۆیشت هێندە نەیدەتوانی یادەوەری چرکاتەوە لە بینینی دیمەنەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی کە جیهانی (سوهراب)و شیعرەکانی جیهانێکی هێمنەو بەهێمنی رووبەرووی ژیان دەبێتەوە، بەپێچەوانەی ئەمەوە توندوتیژیەکی زۆرمان دەبینی لەنمایشدا بەتایبەتی لای کارەکتەری موسافیر (شیلان) هەروەك کاتێك موسافیر لە دنیایەکی ترەوەو لە پشتی شانۆوە دێتە سەر شانۆ راستەوخۆ ئیفلیج ئاسا دەکەوێتو ئەم دایەلۆژە دەڵێت:

(بەدرێژایی ژیانم بیرم لە شتێك ئەکردەوە،بیرم لە وون بوونی خۆم دەکردەوە لەناو ژیاندا،تەنهاییم باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو، زەمین سەختو پتەو کە ملیۆنەها کەس ئەتوانێ لەسەری راوەستێ بی ئەوەی داڕوخێ هیچ کاتێ لە رووخانی زەوی ناترسم).

ئەمە یەکەمین بێهیوایی موسافیرێکی بێخاكو بێشوناسو بێناسنامەیە لە پانتاییەکی نامۆو نادیاردا بەسەرتاپایەکی ڕەشو لەسەر شانۆکە بەخامێکی سپی داپۆشرابوو دەردەکەوێت، دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دابوو لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی ئاماژەکاری نیش بکات یان هەوڵ بدات بۆ ئیشکردنێك نزیك لە ئاماژەو (دالومەدلول)ەوە بەڵام سوودی لە سایکۆلۆژیەتی ئەکتەرەکان وەرگرتبوو بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەرکان هەروەك چۆن (موسافیر ـ لیباسی رەش و پێشتی رەش ) مزبانی خاوەن ماڵ خاوەن سایکۆلۆژیەتێکی هێمنو لەسەرخۆیەو سەرتاپاشی سپیەیەو سپی پێستیشە، دەرهێنەر مەبەستێتی بڵێت موسافیر نوێنەری هەموو کەسەبێ ناسنامەو بێشوێنەکانە، مزبانیش نوێنەری هەموو خاوەن زمانو خاوەن کەلەپوورەکانە لەم حاڵەتەدا زیرەکانە ئیش لەسەر رەنگی (رەش/ سپی) کردبوو.

هەربۆیە هەمیشە کارەکتەری موسافیر بەگومان بوو لە خۆییو لەدەوروبەری، چونکە ئەو خاوەن بستێ شوێن نەبوو گوزەرانی تێدا بەسەر بەرێت ،خۆیشی بە تاكو تەنها دەڵێ: (من بەتەنها هەوای خۆم هەڵدەمژم دوور لەتۆ) ئەمە بۆخۆی هەست کردنە بە کەمی لەناخی کارەکتەرێکی وەك موسافیردا هەست بە لاوازی دەکاتو هەمیشە جەستەیەکی تێکشکاوی هەیە بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە مزبان خۆی لە موفرەدە لولەییەکە

ئالۆزاندبوو و نزیك بووبووەوە لێی موسافیریش لەناو موفەردەکەدا بە جەستەیەکی تێکشکاوەوە بەبەردەوامی مزبان موسافیری بەرز دەکردەوە موسافیریش خۆی نەدەگرتو دەکەوتە ناو موفرەدە لولەییەکەوە موسافیر وەك وتەیەکی ئینگلیزی وایە کە دەڵێت: (We are all strangers) واتە ئێمە هەموومان غەریبین چونکە موسافیر گەڕۆکەو دڵنیاش بن هەموو موسافیرێك غەریبەو لە هیچ ساتێك لە ساتەکاندا خاوەن هیچ شوناسێکی ئینسانی نىیە، دەرهێنەر هەموو ئیشکردنی لەسەر ئەم دوو چەمکەیە واتە چەمکی:

(سەفەر ـ موسافیر / مزبان (خاوەن ماڵ))

لە جەدەلیەتی ئەم رووبەرووبوونەوەی ژیانەدا لەم تێڕوانینەوە رووبەرووی دەبێتەوە هەربۆیە دەقەکەش لە موسافیرەو گۆراوە بۆ (بێدەنگی جیهان)، (گۆران عەلىکەریم) دەیەوی بڵێ (رۆژانە هەزارەها ئەزمونو تاقیکردنەوە دەگرینە بەر بۆ مومارەسە کردنی ژیان تەنها بىدەنگی ماوە با ئەویش تاقی بکەینەوە. (بێ دەنگی جیهان) کە هەردوو کارەکتەری (مزبان ـ موسافیر) کۆنترۆڵیان کردووە هەوڵ دەدەین زیاتر شۆڕبینەوە بەجەستەی هەریەکەیاندا وەك چەمك دیارە دەڵێین چەمك مەبەستمان هەریەکەیان چ موسافیر یان مزبان خاوەنی چەندەها دیدو بۆچوونو دەتوانین لە چەند ڕەهەندێکەوە لێی بدوێین لە مێژوودا بەتایبەتی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، چونکە (موسافیر) وێنەیەکی تەواو ئەفسانەیی هەیە لە یادەوەری هەموو کەسایەتیەکی رۆژهەڵاتیدا ئەم وێنە ئەفسانەییە دەرهێنەر زۆر جار هەوڵی دابوو بگەڕێتەوە سەرىو تەوزیفی ئەو چەمکە (مسیۆلۆژیانە) بکات کە یادەوری کارەکتەری کوردی پڕن لەو

وێنانە بەتایبەت (موسافیر) لە دایەلۆگێکدا دەڵێت" (ئەبێ بەتەنها لەدایك بین وبەتەنها بمرین) ئەمە دواهەمین هەناسەو حیواری موسافیر بوو، ڕاستەوخۆ مزبان ئەو خامە سپییەی کە داخرابوو موسافیری پێداپۆشی، ئەم داپۆشینە خۆی لە خۆیدا کۆتایی هێنانە بە گوتاری (موسافیر)و بێ هیوابوونیەتی بەرانبەر بەهەمو کەینوونەکان، ئەم حیوارە وێنەیەکی پڕاوپڕی موسافیرێکی دوورەپەرێزو هەست بەکەم کردن (شعور بالنقص) دەردەخات ،چونکە خاوەن هیچ کەلتورو ناسنامەیەك نییە. بۆیە هەمیشەش لەهەوڵدا بوو بۆ دورە پەرێزگرتن لەبەرانبەر سروشتیش هەمیشە ئەم سیفەتەی بەسەر (موسافیر)دا سەپاندووە جیای دەکاتەوە لە مرۆڤی رەسەن وەك وتەیەکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت:

* The passen geris the som of hell
* And the hist is the som of heaven

واتە موسافیرەکان کوڕی دۆزەخنو خاوەنماڵەکانیش کوڕی بەهەشت!!

لەم تەوزیفەی سەرجەم کەینونە شانۆیەکان دەرهێنەر هەوڵی دابوو بە سیستەمێك ئیش بکات لە دەرهێناندا هەناسەی نواندن باڵا کات بەسەر سەرجەم نمایشەکەدا. ئەمەش بە روونی دەبینرا. هەربۆیە زۆر جار فێڵ و تەڵەکەبازی و رووپۆشی لە نواندندا دەبینرایەوە و بەشێوازێکیتر دەرهێنەر نەیتوانی بوو هیڵی راست لە بونیادی ئاڕاستەی کردندا بدۆزێتەوەو سەرجەمی نمایش بەهەموو کایەکانییەوە لەسەر ئەو هێڵە بن، هەر ئەمەش بوو وای کردبوو دەرهێنەر نەتوانی خۆی کۆبکاتەوە، (محەمەد ئەلجەمەل) لە وەسفی موفرەدەی شانۆییدا دەڵێ: (موفرەدە کاتێ دەبێتە موفرەدەی شانۆیی کەسەرجەم بەها ژیانیو رۆژانەییەکانی خۆی لەدەست بداتو لە هەموو ساتەکانیشدا زانستی رووکاری خۆی بەشێوازێك لەناو

سیستەمی نمایشدا ئەو موفرەدە ببێتە هەڵگری بەشێك لە قورسایی نمایش، دیارە مەبەستی زۆر بەکارهێنانی نىیە، هەروەها دەڵێت" زۆرجار شانۆکاران لەم مەفهومە بەهەڵە تێدەگەن ،واتىدەگەن دەبێ موفرەدە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی نمایش بوونی هەبێت ئینجا قورسایی هەیە کە ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە. کەواتە مەرج نىیە زۆر بەکارهێنانی موفرەدە بەڵگە بێت لەسەر بارگاوی بوونی سیستەمی نمایش (محەمەد ئەلجەمەل) لەسەر واتای رۆژانەی موفرەدە لەناو نیزامی نمایشدا پێلەسەر مێژوی موفرەدە لەسیاقی مێژوبونیدا دادەگرێت کە پێویستە ئەو موفرەدەیە فۆڕمێکی دیاری هەبێت نەك بونێکی یۆتۆباوی لەم نمایشەشدا هەمان گرفت هەیە، شکلێکی لولەیی بەخامێکی ڕەش ڕووپۆش کراوە وەك (محەمەد ئەلجەمەل) دەڵێت من نازانم ئەم موفرەدەیە ناوبنێم چی؟ کە خۆی لەناو چوارچێوەی ژیاندا بوونی نەبێت، چونکە هەر موفرەدەیەك شکلێکی لەوەو پێشی نەبێت لەناو ژیاندا دەرهێنەر ناتوانێ ئەو موفرەدەیە ڕووت بکاتەوەو مانای رۆژانەی لێ دابڕێ و مانای شانۆیی بداتێ، چونکە لەو سیستەمی ژیاندا شتێك نابینین وەك ئەم موفرەدەیە مەگەر خۆمان ناوی بنێین بەبەرمیلو لەرووی شکڵیشەوە لەبەرمیل دوورە ، بۆیە دەشبینین لەسەرجەمی نمایشەکەدا ئامادەبوونی هەبوو چاوی بینەریش پێی ئاشنا نەبوو، چونکە لەوەوپێش لەناو یادەوەری بینەردا شتێك لەم شێوەیە نىیە تا ئەم وێنای بکات، بۆیە دەبینین سەرجەم واتاکردنی ئەم موفرەدەیە لە سیستەمی نمایشدا واتایەکی یەکگرتووی نەبوو دیارە ئەمەش جیایە لەو خوێندنەوەیەی کە موفرەدەیەك چەندەها واتای هەبێت هەروەك ساتی واهەبوو جوڵەی موفرەدە ئاماژەیەکی دەبەخشی کەوا بکات لە بینەر ئەو

ئاماژەیە واتایەکی بۆ بینا بکات بەڵام جوڵەیەك دوای ئەوە سەرجەمی ئەو بیناکردنەی تێك ئەشکاند.

هەروەك سەرەتا ئەگەر ئەو موفرەدەیە ئاماژە بێت بۆ ماڵو گیانی مزبان ئەوا موسافیر و یڵە بەدوایدا ، ساتێك لەناویدا جەستەی تێکشکاوە و جەستەی ناتوانێ گوزارشت بکات جارێك بە پێکانی دەڕواتە سەریو لەسەری دەوەستی ئەمە بە هەموو مانایەك ئەو بیناکردنەی پێشووی سڕیەوە کە لەوەپێش بونیادی نابوو لە کۆتایی نمایشیشدا زۆر پێچەوانەی ئەمە موسافیر لەناویدا نقوم دەبێت مزبانیش بەخامەکە دەیشارێتەوە، دیارە ئەمە ئەشکالیەتێکە لە چۆنیەتی ئیشکردن لەگەڵ موفرەدەداو چۆنیەتی بارگاوی کردنی لەناو ئەو فەزایەدا.

## سیستەمی ناولێنان/ رەنگ لە نمایشدا:

ناولێنانو رەنگ لە هەرە مەزنترین سیستەمە باڵاکانی نمایشە کە ڕاستەوخۆ بینەر درکیان پێئەکات هەریەکەیان بۆخۆی بەجیا دەتوانرێت گوتاری نمایشی لەسەر دابمەزرێت، دەرهێنەر لە نمایشی بێدەنگی جیهاندا زۆر هەوڵی دابوو لەسەر ئەم دوو چەمکە (ناولێنان/ ڕەنگ) ئیش بکات بەجۆرێك ڕەنگە دیارترین شت لە چەمکی ناولێناندا ئەو بێدەنگیە سەرنج ڕاکێشە بوو کە باڵای نمایشەکەی گرتبویەوەو گۆڕینی ناوی دەقی موسافیر بۆ" بێدەنگی جیهان" هەر لەو مانایەوە هاتبوو،چونکە (سوهرابی سپهری) یەکێکە لەشاعیرە هەرە هێمنو بێدەنگەکانی ئێران کە وێنەی (سوهراب) زۆر لە دەقی موسافیردا دەبینینەوە، بەتایبەتی ئیش پێکردنی دەرهێنەر لەیەکەمین ساتی نمایشدا، ئەو بێدەنگیو ڕاڕاییەی مزبانیش لە جێ گۆڕکێ

پێکردنی ئەو موفرەدە لولەیی‌یەی نمایش، هەربۆیە بیناکردنی هەر دیمەنێك لەسەر ئەساسی ئەو ناولێنانەو بەدەستەوەدانی واتایەك بۆ بونیادنانی واتایەکی بالاّ لەواتا حەقیقەتەکانی سەفەرو موسافیر بونیادنرابوو ڕەنگیش دەچویەوە ناو سیستەمی ناوهێنانی دەرهێنەر، لەسەرجەم کەینونە و موفرەدەکان، هەربۆیە بیناکردنی هەر دیمەنێك لەسەر ئەساسی ئەو ناولێنانەو بەدەستەوەدانی واتایەك بۆ بونیادنانی واتایەکی بالاّ لەواتا حەقیقەتەکانی سەفەرو موسافیر بونیادنرابوو ڕەنگیش دەچویەوە ناو سیتەمی ناوهێنانی دەرهێنەر لەسەرجەم کەینونە و موفرەدەکان، بۆیە زۆربەی ئیش کردنو بینین لەسەر واتای ڕەنگ بوو هەر لێرەوە هەوڵ دەدەین واتایەك بۆ ڕەنگ بدۆزینەوە لە دیدگای دەرهێنەرەوە دوو ڕەنگی ئەساسیش لای دەرهێنەر دەبینرایەوە. (رەنگی سپی/ ڕەنگی ڕەش) فەزای شانۆ ڕەش سەتاپای مزبان سپی، سەتاپای موسافیر هەمووی ڕەش هەموو ئەو دوو چەمکە جەدەلیانە بەرانبەر بە دوو ڕەنگ کە ئەو دوو ڕەنگەش سەرجەمی ڕەنگەکانی لێ پێکهاتووە، بۆیە ئەگەر وێنەی موسافیر وێنەیەکی ترسناکی بدەینێ ئەوە بێ گومان موسافیر خاوەن ترسێکی راسیستانەیە، ترسی رەگەزێك لەرەگەزێکی تر ترسی موسافیر لە مزبان بۆیە هەمیشە مزبانیش ئەو کەسەیە خاوەن ماڵو خاوەن ئارامیی‌و ئاسایشە. بۆیە هەردەم مزبانەکانی ئەم جیهانە بەختەوەرو بێگەردن هەربۆیە دەرهێنەر لەبەخشینی رەنگی سپی ئەو مانایەی کەشف کردووە لەتایبەتمەندیەکانی ئەو ڕەنگە هەربۆیە موسافیریش تەواو پێچەوانەی مزبان سەرتاپای ڕەش فەزایەکی ڕەش موفرەدەیەکی ڕەش دەرهێنەر پێمان دەڵێت: (هیچ موسافیرێك خاوەن ساتێك دڵنیایی نی‌یە) هیچ موسافیرێك

خاوەن زەمەنێکی جێگیر نىیە، هەروەك كارەكتەری موسافیر بەرارایىیەكی پەشۆكاویەوە چاوەكانی زەقەی دەهاتو ئەو حیوارەی دەوت: (ساتێك راوەستام تا دڵم هێور بێتەوە لەگەرمو گوڕی چەندەها ساڵ لەمەوبەر بەڵام كە دەرگاكە كرایەوە من لەبەردەم شاڵاوی حەقیقەتدا كەوتم بەعەرزدا لەسەفەرێ لەسەر ڕووباری بابل هاتمەوە هۆش. هیچ دەنگێك نەدەهات باش گوێم گرت دەنگی گریانە.... هەست بە غەریبىیەكی گەورە دەكەم بۆیە هەمیشە هەست بەمەودایەك دەكەم لە نێوان مرۆڤو حەقیقەتدا بەڕاستی من مرۆڤێكی سەرلێشێواو و بێجێگەم، راهیبەكانیش ئاماژەیان بۆ لای پەردەی خامۆشی پێغەمبەران دەكرد، لەڕەوتی سەفەردا ڕۆژنامەكانی هەموو جیهانم بەسەركردەوە تەواوی ڕووكاری سەفەر بەهۆی بەیەكدادان‌و سەنعەتەوە ڕەش داگەرابوو،چاك ئەو وتەیەم لە بیرە كە لەو رێگایەدا پێی ئەوتم دڵفراوان بە... سەخت بە ـ تەنها بە.. ـ غەریب بە ـ من قسەكەرێكی تەنهای ژیانم لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت سەرجەمی ئەو وێنانەی دەرهێنەر دابوونی بە موسافیر وێنەیەكی ترسناك‌و پڕ لەكارەسات بوون ،چونكە هەردەم وێنەكان سەفەر دوو وێنەن (پۆزەتیف / نێگەتیف) ئەگەری سەیری مێژوو و ئەفسانەو كەلەپووری نەتەوایەتی سەرجەم وڵاتان بە گشتی و رۆژهەڵات بەتایبەتی بكیەن زۆرێك لە پاڵەوانانەكانی سەفەر بەم شێوەیە چوون كە موسافیری"بێدەنگی جیهان" پێداچووە هەربۆیە ئەم كارەكتەرە لە دەروەی هێڵەكانی تەختەی شانۆوە دێت‌و لەسەر شانۆ خۆی لەدەست دەدات لە كارەكتەری موسافیرەوە بۆمان دەردەكەوێت هەمیشە سەفەر وێناكردنەوەیكی ترسناكە لەیادەوەری و نەستی هەموو مرۆڤێكداو هەمیشە (سەفەر/ ترس لەیەك جیاناكرێنەوە و ئەو كارەكتەرە مسییۆلۆژیانەی نێو

خورافەو رۆمانە جیهانیەکانیش باشترین بەڵگەن هەروەك چۆن (بیارفیازیما)ی رەخنەگر دەڵێت (مومکین نیە بتوانین ئەدەبیاتی سەفەر لە ئەدەبیاتی ترس جیابکەینەوە چونکە ڕەگیان بەیەکەوە داکوتاوە، هەروەك چۆن ئۆدیبی پاڵەوانی (سۆفۆکلیس) لەسەفەردا بۆ "تەروادە" باوکی خۆی دەکوژێ.. یان رۆمانی" سەفەرەکانی گلیڤەر" کاتێك لەخەویدا کەوتۆتە نێو کۆمەڵە کەسی بچووکەوە ئەتوانی هەموویان بخاتە سەر لەپی دەستی جارێکیان ئەم بچوك بۆتەوە ئەوان ئەم ئەخەنە سەر لەپی دەستیان، (بەختیار عەلی، وێنەیەك لە ئەفسانەکانی کۆچ) .

یان نزیکتربینەوە لە جیهانی ئەفسونی منالّ (موغامەراتی نیلز)یش پێش سەفەرکردنی مۆرتۆن و قازەکانی لەباوەش دەگرت بەڵام دوای سەفەرکردنی "نێلز" ئەوان نێلزیان لە ئامێز دەگرت لەمیش نیزیکتر پاڵەوانی رۆمانی (رۆژهەڵاتی ناوەراست )ی "عەبدولرەحمان مۆنیف" کە چۆن پاڵەوان لەو سەفەرەیدا تووشی بێهیوایی و مردن بوو بۆیە بۆ نەهامەتی و کارەساتی سەفەر بگەڕێین لەژماردن نایەت ،بەڵام چۆنیەتی ئیشکردن بەم چەمکانە کە هەریەکەیان بۆ خۆی چەمکێکی ئەپستمۆلۆژی هەیە، دەرهێنەر چۆن بتوانێت سەفەر وەك چەمکێکی خورافی، سەفەر وەك چەمکێکی ترسناك بگۆڕێت، بەسەفەر وەك چەمکێکی شانۆیی. ئیشکردنی دەرهێنەر بەم دوو چەمکە لە دوو حاڵەتدا زۆر بە ئاشکرا دەردەکەون یەکەمیان کاتێ موسافیر هاتە سەر تەختەی شانۆو تووشی تێکشکانی جەستەیی بوو لەسەر ئەژنۆ کەوتو نەیتوانی هەڵسێتەوە.

دووەمیان کۆتایی شانۆییەکە بوو کە مزبان بە خامەکە موسافیر دەشارێتەوەو وجودی لەسەر شانۆ ناهیلێت ،ئەم سڕینەوە سەرلەنوی

زیندووکردنەوەی چەمکی سەفەرە وەك بوونێکی شەڕ خواز کە دەرهێنەر زۆر ئیشی لەسەر کردبوو وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، یان بە واتایەك ئیشکردن بە جەستە بۆ ماناکردنی تایبەتمەندێتی ئەکتەر کەلەو ساتەدا بەشێك لە گوتاری دەرهێنەر داکۆکیکردنە لە گوتاری بێدەنگی هەروەك چۆن سەرەپای نمایشەکە بێدەنگیەك باڵی بەسەردا کێشابوو هەرچەندە هەڵچوونیش لەلایەن ئەکتەرکانەوە هەبوو، کە زۆرجار چڕکردنەوەی بینەر بۆ بیرکردنەوە ڕادەکێشا هەروەك چۆن مزبان دەیوت (من لە هاورێیەتی هەتاودا دێم ڕووبارەکانی جیهانیش ڕەمزی پاکی منن، هەموو کێشەی جیهان کەوتۆتە سەرشانی من چونکە من تووشی گەرمی قسەکردن بووم رۆژێك دێت قسەکردنیش کۆتایی دێت). لێرەوە مزبان بانگەشە بۆ گوتاری بێدەنگی دەکاتو مژدە بەوە دەدات کە قسەکردن لە کۆتاییدایە بۆ ئەم مەبەستەش با زەمەنێك بێدەنگ بین لەم ساتەدا مزبان بەو ڕاڕاییو سادیەتەی خۆیەوە هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لە موسافیر بپارێزێت ،چونکە بە هەموو مانایەك موسافیر نامۆیە بە شوناسو خاك... هەروەك چۆن لەوساتەدا موسافیر مزبان خستیە ناو شکڵە لولەییەکەوە لەگەڵ هەر بەرزکردنەوەیکدا جەستەیەکی تێکشکاوی موسافیرمان دەبینی مزبانیش دەیویست بە توندی خۆی لە شاڵاوی موسافیر بپارێزێت لەگەڵ ئەوەدا مزبان لە ڕووکاریدا سپیو پاکیزە بوو بەڵام لەناخیدا نەرجسی بوو.


موسافیر لە حیوارێکدا دەڵێت "چی شتێکە کە من ئەباتە بەردەم ماڵێکی قوڵی ترسناك تا لەبەردەم کەسەرێکی رزیودا حەقیقەت بڵێینەوە بیرکردنەوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ترسنۆك بین باشترین شت ئەوەیە کە

دەرگاکان لە ئاسن دروست کەین‌و دیوارەکانیش تا بڵندی ئاسمان بەرزکەینەوە بۆ ئەوەی بودەڵەکان خاکەکەمان نەکەن بە تیاترۆخانە.

لەمەوە دەردەکەوێت مزبانیش پەیامێکی دڕندانەی هەیە بەرامبەر بە رەگەزێك لە رەگەزەکانی خۆی ئەم دیالۆگە کوشندەیەی مزبان جەدەلێکی خولقاند لەناو دەقدا ئەویش لە بونیادناندا خۆی دەبینیەوە.

لەیەکەم حیواردا مزبان دەیوت (ئەمشەو هەوڵدان بۆ هەر شتێك بێهودەیە)، ئەمە بانگەشەکردنێکی راستەوخۆیە بۆ بێهودە بوونی ژیان لەسەر ئەم بەشەی زەوی هەرچەندە مزبان هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی بەبەختەوەرو کامەران بزانێت لە ڕووکاریدا بەڵام بێهیوایی لەو حیوارەدا دەردەکەوێت هەروەك چۆن گفتوگۆیەکی نێوان (فلادیمێرو ئیستراگۆن)ی بیکێت یەکێکیان دەڵێت نابێت لەم ساتە بەدواوە چاوەڕوانی گۆدۆ بین ،چونکە تا چاوەڕوان بین نایەت، موسافیریش ئەو سەفەرەی لە شانۆیی (بێدەنگی جیهان)دا کردی بەدوای گەڕانی واتاو مانای خۆی بوو بەڵام دەستی نەکەوت هەروەك چۆن پاڵەوانی (من نیم)ی بکێت وێل بوو بەدوای شوناسی خۆی لەسەر زەوی.

کۆتا حیواری موسافیر زۆر بێهیوایانە دەڵێت (من بە میوانی دنیا ڕۆشتم) من بەشێکم پڕ لەحەسرەت و پڕ لەخەفەت، رۆشتم تا ئەوسەری مەزهەب، تا کۆڵانێکی پڕ لە گومان، تا شەوی پیسی خۆشەویستی، من بە دیداری کەسێ ڕۆشتم لەوسەری عەشق، ڕۆشتم تا تێربوونی چێژ، ڕۆشتم تا دەنگدانەوەی تەنهایی، چیم دی لەسەر ڕوی ئەم زەویە، ژیان هیچ شتێك نییە، لەهەر شوێنێك بم باشم، ئاسمانماڵی منە، پەنجەرە، فیکر، هەوا، عەشق، زەوی هەمووی ماڵی منە، بەڵام پرسیارم نەکرد من کێم؟ من کێم؟!



ساموئیل بیکیت



بریخت

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر :

1/ ئەزمونی شانۆی مایرۆڵد ( بەهاوبەشی عەبدولاّ زنگنە )
2003

2/ فەرهەنگی شانۆیی
2004

3/ بیبلۆگرافیای چوار ساڵی گۆڤاری ئایندە

(بە هاوبەشی شۆڕش محەمەد )
2004

4/ ئەزمونگەریی و داهێنان
2005

5/ شانۆو ناسنامە
2005